# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

٣٦
چوارشەممە
٢٠١٠/٦/١٦
(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net




3-2

## "ماف بەو کادیرانەی یەکێتی دەدەم کەگلەییان لەکۆنگرە هەیە"

## یەکێتی لێپرسراوانی ٢٩ مەڵبەند دەگۆڕێت

# لەکۆنگرە بڕیاردراوە ژمارەی مەڵبەندو کۆمیتەکان کەمبکرێنەوە

**تایبەت بە دەستوور**

بڕیارە دوابەدوای هەڵبژاردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، یەکێتی لەڕێگەی مەکتەبەکانییەوە دەست بەگۆڕانکارییەکانی حیزبەکەی بکات، یەکەم گۆڕانکاریش مەڵبەندەکان دەگرێتەوە، کەژمارەیان کەمدەکرێتەوە، دواتریش ٢٩ لێپرسراو مەڵبەند لەکارەکانیان لادەبرێن، بەهۆی ئەوەی ئەندامی سەرکردایەتی نین.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کەکۆنگرەی سێیەمی ئەو حیزبە لەڕۆژی ٦/١٠ بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی کۆنگرە پەسەندکرا، دەبێت هەموو بەرپرسی مەڵبەندەکانی ئەو حیزبە ئەندامی سەرکردایەتی بن، لەکۆی ٣٨ بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی، لەکۆنگرەدا ٢٧ بەرپرسیان خۆیان بۆ ئەندامێتی سەرکردایەتی پاڵاوت، بەڵام تەنها ٨ کەسیان توانیان دەنگی پێویستی ئەندامێتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی ئەو حیزبە بەدەستبهێنن.

سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی هەڵبژێردراوی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "دوای تەواوبوونی کارەکانی کۆنگرە کەهێشتا مەکتەبی سیاسی هەڵنەبژێردراوە، ڕاستەوخۆ ئەو گۆڕانکارییانە ئەنجامدەدرێن".

پیرە وتی "مەکتەبی ڕێکخستن بەو ئیشە هەڵدەستێت، کەدەبێت مەڵبەندەکان ئەندامێکی سەرکردایەتی بەرپرسی بێت".

سەعدی ئەحمەد پیرە، دەڵێت یەکێتی سوورە لەسەر ئەوەی ئیش لەسەر کەمکردنەوەی مەڵبەندەکان بکات، وتی "لەکۆنگرەشدا ئەوە باسکراوە، کەچەند مەڵبەندێک ناهێڵدرێن‌و کەمبکرێنەوە".

ئاماژەی بەوەشدا کە کەمکردنەوەی مەڵبەندو کردنەوەی مەڵبەند بەپێی قەزاکان نابێت، "بەڵام بەپێی چڕی دانیشتووان دەبێت".

ئەو وتی "مەرج نییە هەموو قەزایەک مەڵبەندی هەبێت، مەڵبەندەکان بەڕێژەیەکی زۆر کەمدەکرێنەوە".

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور چەند خاڵێک لەبەرچاو گیراوە بۆ کەمکردنەوەی مەڵبەندەکان، لەوانە لەسەر بنەمای پارێزگاو هەروەها چڕی دانیشتووان‌و جەماوەری حیزبەکە لەناوچەکاندا.

**ڕاپۆرتێکی ورد لەلاپەڕە (٣)دا بخوێنەرەوە.**



# پەرلەمانتارێک: تائێستاش ناردنەدەرەوەی نەوت شەفافی تێدانییە

**دەستوور**

حەمە سەعید حەمەعەلی پەرلەمانتارو ئەندامی لیژنەی نەزاهە لەپەرلەمانی کوردستان، دەڵێت تائێستاش ناردنەدەرەوەی نەوت شەفافی تێدانییە، پێیوایە بوارێکی بەرفراوانە بۆ گەندەڵی‌و بەفیرۆدانی سەروەت‌و سامان.

حەمە سەعید حەمەعەلی لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دەڵێت "بردنەدەرەوەی نەوت پەیوەندی بەلیژنەی دارایی‌و سامانە سروشتییەکان‌و لیژنەی یاسایی‌و لیژنەی نەزاهەوە هەیە، بەڕاستی پەیوەندیشی بەخودی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە هەیە، دەبێت هەموو فراکسیۆن‌و لیژنەکان‌و سەرۆکایەتی پەرلەمان بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلەیە بکەن، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی گرنگەو ناشەفافی تێدایە". هەروەها وتی "داهاتی نەوت بەشێوەیەکی تایبەتی، بوارێکی زۆر گرنگو بەرفراوانە بۆ گەندەڵی‌و بەفیرۆدانی سەروەت‌و سامان".

لەبارەی تواناکانی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانیشەوە، ئەو پەرلەمانتارە وتی "ئەوەی گەندەڵی لەسەر بچەسپێت لەهەر پلەو سەر بەهەر حیزبێک بێت، دەیهێنینە پەرلەمان، بەڵام تائێستا هیچ ڕاپۆرتێکمان لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە پێنەگەیشتووەو هۆکارێکی سیاسی‌و حیزبی، نایەوێت لیژنەی نەزاهە کارابێت". ڕاشیگەیاند کەهەر فشارو کۆسپێکی حیزبی ئەگەر بەسەریان بێت قبوڵی ناکەن‌و وتی "هەڵوێست وەردەگرین‌و بۆ ڕای گشتی بڵاویدەکەینەوە".

**دەقی چاوپێکەوتنەکە لەلاپەڕە (٨)دا بخوێنەرەوە**








www.arsivakurd.org

# یەکێتی ٢٩ لێپرسراوی مەڵبەند دەگۆڕێت

## یەکێتی ژمارەی مەڵبەندو کۆمیتەکانی کەمدەکاتەوە

**شۆڕش خالید**

بڕیارە دوابەدوای هەڵبژاردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، یەکێتی لەڕێگەی مەکتەبەکانییەوە دەست بەگۆڕانکارییەکانی حیزبەکەی بکات، بەپێی زانیارییەکانی دەستووریش، گۆڕانکارییەکان لەگۆڕینی لێپرسراوی مەڵبەندەکانەوە دەستپێدەکات. کەبڕیارە مەکتەبی ڕێکخستن بەوکارە هەستێت.

**٢٩ لێپرسراوی مەڵبەند پۆستەکانیان لێدەسێنرێتەوە**

بەپێی پەیڕەوەی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کەکۆنگرەی سێیەمی ئەو حیزبە لەڕۆژی ٦/١٠ بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی کۆنگرە پەسەندکرا، دەبێت هەموو بەرپرسی مەڵبەندەکانی ئەو حیزبە ئەندامی سەرکردایەتی بن، بەهۆی ئەوەش کەتەنها ٨ بەرپرسی مەڵبەند لەکۆی ٣٨ مەڵبەندا لەکۆنگرەدا دەنگی پێویستیان بەدەستهێنا، بۆیە ٣٠ بەرپرسی مەڵبەند پۆستەکانیان لێدەسەنرێتەوە.

لەکۆی ٣٨ بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی، لەکۆنگرەدا ٢٧ بەرپرسیان خۆیان بۆ ئەندامێتی سەرکردایەتی پاڵاوت، بەڵام تەنها ٨ کەسیان توانیان دەنگی پێویستی ئەندامێتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی ئەو حیزبە بەدەستبهێنن.

هەریەکە لەهێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی، مستەفا چاوڕەش بەرپرسی مەڵبەندی پێشمەرگایەتی، هەرێم کەمال ئاغا بەرپرسی مەڵبەندی موسڵ، حەمەی حەمە سەعید بەرپرسی مەڵبەندی هەڵەبجەی شەهید، ڕەفعەت عەبدوڵڵا بەرپرسی مەڵبەندی کەرکوک، محەمەد وەتمان بەرپرسی مەڵبەندی قەڵادزێ، ئاسۆ ئەڵمانی سەرپەرشتیاری مەڵبەندی هەولێرو هەڵۆ پێنجوێنی بەرپرسی مەڵبەندی پێنجوێن، توانیویانە دەنگی پێویست بەدەستبهێنن، بەو پێشکەش تەنها ئەمانە لەپۆستەکانیان دەمێننەوەو تەواوی بەرپرسی مەڵبەندەکانی تر لەپۆستەکانیان لادەبرێن.

خالید دۆسکی بەرپرسی مەڵبەندی زاخۆی یەکێتی، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی «لەپەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیدا ئەوە هاتووە، بۆیە هەرکات مەکتەبی ڕێکخستن بڕیاری دوورخستنەوەمان لەپۆستەکەمان بدات، ئێمەش بەشانازییەوە جێیدەهێڵین».

لەبادینان کەهیچ بەرپرسێکی مەڵبەندی یەکێتی بۆ سەرکردایەتی دەرنەچوو، بەڕای خالید دۆسکی ئەوە کاریگەری نابێت لەسەر چۆنیەتی ئیشکردنو جەماوەری حیزبەکەیان لەو دەڤەرە.

دۆسکی وتی «بەپێی پەیڕەو و پرۆگرام، دەبێت سۆرانییەکان بێن ببنە بەرپرسی مەڵبەندەکانی ناوچەی بادینان، ئەوەش لای ئێمە ئاساییە، چونکە پێشووتریش چەندین سۆرانی بەرپرسی مەڵبەندەکانی بادینان بوونو سەرپەرشتیاری کاروباری یەکێتییان کردووە لەم دەڤەرە، لەوانە شەهید ئازاد هەورامیو شەوکەتی حاجی موشیر».

سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەدەستووری وت «دوای تەواوبوونی کارەکانی کۆنگرە کەهێشتا مەکتەبی سیاسی هەڵنەبژێردراوە، ڕاستەوخۆ ئەو گۆڕانکاریانە ئەنجامدەدرێت».

پیرە وتی «مەکتەبی ڕێکخستن بەو ئیشە هەڵدەستێت، کەدەبێت مەڵبەندەکان ئەندامێکی سەرکردایەتی بەرپرسی بێت».

دەستوور لەزاری بەرپرسێکی مەکتەبی ڕێکخستنەوە زانیاری ئەوەی دەستکەوتووە، مەکتەبی ڕێکخستن لەئێستاوە بیری لەو گۆڕانکاریانە کردووەتەوە، لەیەکەم کۆبوونەوەی مەکتەبی ڕێکسختن دوای کۆنگرەش ئەو گۆڕانکاریانە باسدەکرێت.

ئەو بەرپرسی مەڵبەندە بەدەستووری وت "تائێستا هیچ شتێک لەوبارەیەوە نەکراوە، کە کەسەکان چۆن لەمەڵبەندەکان دابنرێن، بەڵام ئەوە پەیڕەو و پرۆگرامەو جێبەجێدەکرێت".

**مەڵبەندو کۆمیتەکانیش کەمدەکرێنەوە**

دەستوور زانیاری ئەوەی دەستکەوتووە کەمەکتەبی ڕێکخستن، جگە لەکەمکردنەوەی مەڵبەندەکان، بڕیارە ئەو ژمارە زۆرەی بارەگاکانی حیزبەکەی کە بەناوی کۆمیتەوە کراونەتەوە، کەمبکاتەوە.

یەکێتی لەئێستادا ٣٨ مەڵبەندی هەیە، ئەندامانی حیزبەکە ماوەیەکی زۆرە بەتایبەت دوای هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ ساڵی ڕابردوو و هەروەها هەڵبژاردنی ٣/٧ یەکێک لەو ڕەخنانەی کەزۆرترین کات ڕووبەڕووی سەرکردایەتی کراوەتەوە، زۆری مەڵبەندەکانی بووە.

بەپێی وتەی سەعدی ئەحمەد پیرە، یەکێتی سوورە لەسەر ئەوەی ئیش لەسەر کەمکردنەوەی مەڵبەندەکانی حیزبەکەی بکات، وتی "لەکۆنگرەشدا ئەوە باسکراوە، کەچەند مەڵبەندێک ناهێڵدرێنو کەمبکرێنەوە". پیرە وتی "کەمکردنەوەی مەڵبەندو کردنەوەی مەڵبەند بەپێی قەزاکان نابێتو بەپێی چڕی دانیشتووان دەبێت». ئەو وتی «مەرج نییە هەموو قەزایەک مەڵبەندی هەبێت، مەڵبەندەکان بەرێژیەکی زۆر کەمدەکرێنەوە».

خالید دۆسکی بەدەستووری ڕاگەیاند کەدوای نەهێنانی هیچ کورسییەکی سەرکردایەتی لەلایەن کادیرانی یەکێتی ناوچەی بادینانەوە، پێیانباشە لانیکەم سێ مەڵبەند لەو ناوچەیە بهێڵدرێتەوە.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور چەند خاڵێک لەبەرچاوگیراوە بۆ کەمکردنەوەی مەڵبەندەکان، لەوانە لەسەر بنەمای پارێزگاو هەروەها چڕی دانیشتووانو جەماوەری حیزبەکە لەناوچەکاندا.

دۆسکی وتی "ئاگادارین کەگۆڕانکاری لەو شێوەیە دەکرێت، ئێمە پێمانباشە مەڵبەندی دهۆکو زاخۆو ئامێدی بهێڵدرێتەوە".

ئەو بەرپرسەی مەکتەبی ڕێکخستن وتی "ڕەنگە کەمکردنەوەی مەڵبەندەکان لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، بە لەبەرچاوگرتنی جەماوەری حیزبەکە بگۆڕێت».

دەستوور زانیاری ئەوەشی دەستکەوتووە کەقسەیەک لەبارەی داخستنی ئەو مەڵبەندانە کراوە کە بۆ نەتەوەکانی تر کراوەتەوە.

**گۆڕانکارییەکان دەکەونە دوای گەڕانەوەی تاڵەبانی**

بڕیارە دوای کۆبوونەوەکانی تاڵەبانی لەبەغداد، بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، دوابەدوای بەستنی یەکەم کۆبوونەوەو هەڵبژاردنی مەکتەبی سیاسی، مەکتەبەکانی ئەو حیزبە دەست بەگۆڕانکارییەکانی بکات.

ئارێز عەبدوڵڵا ئەندامی نوێی سەرکردایەتی وتی «دوای گەڕانەوەی مام جەلال لەبەغداد، کۆمیتەی سەرکردایەتی کۆبوونەوەی خۆی دەکات، تیایدا ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵدەبژێردرێن، کە بەمنزیکانە دەبێت». هەروەها وتی «ئێمە چاوەڕوانی یەکەم دانیشتنی مەکتەبی ڕێکخستنین دوای کۆبوونەوەی سەرکردایەتی».



کۆنگرە بۆ کادیرەکانی بادینان مژدەدەر نەبوو

# زیانلێکەوتووترین قوربانیی تۆپبارانەکەی ئێران، قەرەبوونەکراوەتەوە



**فەرمان چۆمانی لەرانیە**

ئەو ژنەی بەهۆی بریندارbوونی لەتۆپبارانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا سێ نەشتەگەری بۆ کراوە، یەک ملیۆن دیناری قەرەبووی ئاوارەکانی پێنەدراوەو ئێستا لەباروdۆخێکی خراپدا ژیان دەگوزەرێنێت.

لەیەکەم ڕۆژی تۆپبارانکردنی گوندەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئێرانەوە، لەگوندی مارەدووی سەر بەشارۆچکەی ژاراوە، ژنێکی تەمەن ٥٣ ساڵ بەناوی گوڵە عەبدوڵڵا ڕەسوڵ بەسەختی بریندارەبێت، لەدوای سێ نەشتەرگەری ئێستاش لەباروdۆخێکی خراپدا ژیان بەسەردەبات.

گوڵە وتی «تائێستا سێ نەشتەرگەریم بۆ کراوە، دوو نەشتەرگەری تریشم ماوە، چونکە لەشم ساچمەی تێداماوەو زۆر ئازارم هەیە، تا دوو مانگیتر پلاتین لەقۆڵمدا دەمێنێتەوە، بەداخەوە هیچ کەسێک سەردانی نەکردووم لەنەخۆشخانە، لێم نەپرسراوەتەوەو خۆم خەرجی چارەسەرکردنەکەی خۆم کێشاوەو هیچ لایەنێک هاوکاری نەکردوومو خەڵک بەقەرز پارەیان داومەتێ».

گوڵە پێنج کچو سێ کوڕی هەیە، چوار مانگە هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردووە، دواکارە حکومەت یارمەتی خۆیو منداڵەکانی بدات، وتی «بڕی یەک ملیۆن دینار دراوە بەئەو ماڵانەی کەئاوارە بوون بەهۆی تۆپبارانەکەوە، ئەو پارەیە منی نەگرتووەتەوە».

# فەرمانگەکانی کارەبای گەرمیان، گوێ بەبڕیارێکی وەزیری کارەبا نادەن

**فەرمان خێڵانی**

دوای ئەوەی کۆمەڵەی پەیامی خەڵک لەگەرمیان وەک ڕێکخراوێکی ناحکومی، لەیاداشتێکدا داوای زیادکردنی بڕە کارەبایان کرد بۆ گەرمیان، وەزارەتی کارەبا بەڵێنیدا بڕە کارەبای ناوچەی گەرمیان زیادبکات.

عەدنان قوربانی وتەبێژی کۆمەڵەی پەیامی خەڵک لەگەرمیان بەدەستووری ڕاگەیاند «خەڵکی گەرمیان بەرگەی بێکارەبایی ناگرن، بۆئەوەی حاڵەتی خۆپیشاندانی توندوتیژی لێنەکەوێتەوە، هەفتەی ڕابردوو یاداشتێکمان ئاڕاستەی وەزارەتی کارەبا کرد، تا بڕە کارەبای گەرمیان زیادبکات».

وتەبێژی کۆمەڵەی پەیامی خەڵک ئاماژەی بەوەدا کەدوای یاداشتەکەی ئەوان، وەزارەتی کارەبا نووسراوێکی ئاڕاستەی فەرمانگەکانی ناوچەی گەرمیان کردووە، بڕە کارەبای گەرمیان کەدەربەندیخانو کەلارو کفریو باوەنوورو سمود دەگرێتەوە، زیادبکرێت لە ١٢ کاتژمێرەوە بۆ ١٨ تا ٢٠ کاتژمێری ڕۆژانە، بەڵام تائێستا ئەوە نەکراوە.

قوربانی ئاماژەی بەوەشدا ئەگەر لەماوەی هەفتەیەکدا بڕیارەکە جێبەجێنەکرێت، ئەوا هەڵوێستی تریان دەبێت، بەخۆپیشاندانو مانگرتنو ئیمزا کۆکردنەوە.





# هەرێم خۆی بۆ عێراق وشکدەکات

## سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم لەلایەن تورکیاو ئێرانەوە لەژێر مەترسی نەماندان، رۆژانەش بەملیۆنان مەتر سێجا ئاو بۆ خوارووی عێراق بەردەدرێتەوە

**دەشتی ئەنوەر لەسلێمانی**



حکومەتی هەرێم هیچ هەوڵێکی جدی بۆ پاشەکەوتکردنی ئاو نییە

رۆژانە بەملیۆنان مەتر سێجا لەدەریاچەکانی هەرێمەوە ئاو بۆ خواروو بەردەدرێتەوە، هیچ پاشەکەوتێکی ئاو نییەو ئەو رووبارانەی دێنە هەرێمیشەوە لەژێر مەترسی وشکبووندان، جگە لەو رووبارانەی کەبەنداویان نییەو رێژەی رۆیشتنی ئاوەکەی بۆ خوارووی عێراق نازانرێت، تەنها لەبەنداوەکانی کوردستانەوە رۆژانە بەسەدان مەتر ئاوی سێجا بەرەو خوارووی عێراق بەردەدرێتەوە، بەبێئەوەی تائێستا بەرنامەیەکی روون بۆ پاشەکەوتکردنی ئاو لەهەرێمدا هەبێت، ئەو رووبارانەی کە بەکوردستانیشدا تێدەپەڕن لەژێر هەڕەشەی وشکردنی وڵاتانی دراوسێدان.

وەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێم دانبەوەدا دەنێن کەپاشەکەوتی ئاو لەهەرێمی کوردستاندا بەپێی پێویست نییەو ئەو بەرنامانەی کەهەشیانە بۆ پاشەکەوتکردنی دڵخۆشکەرنین، بەفیڕۆدانو پاشەکەوتنەکردنی ئاویش بەگەورەترین مەترسی دەزانن.

حکومەتی هەرێم تائێستا بەرنامەیەکی روونو ئاشکرای نییە بۆ پاشەکەوتکردنی سامانی ئاو، شارەزایانی بواری سەرچاوەکانی ئاویش لەهەرێمی کوردستان، دەڵێن خۆدوورگرتن لەپاشەکەوتکردنی ئاو، مەترسی گەورەی بۆ سەر داهاتووی هەرێم دەبێت.

لەهەرێمی کوردستاندا تەنها لەبەنداوی دوکان لەئێستادا رۆژانە نزیکەی ٣٠٠م سێجا لەچرکەیەکدا ئاو بەردەدرێتەوە، لەپێناو بەدەستهێنانی تەزووی کارەبادا کەبەرەو خوارووی عێراق بەردەدرێتەوە، بەو پێیەش رۆژانە ٢٥ ملیۆنو ٩٢٠ هەزار مەتر سێجا ئاو لەبەنداوی دوکانەوە دەڕوات، لەبەنداوی دەربەندیخانیش رۆژانە ١٠سم ئاو بەردەدرێتەوە، کە لەمانگێکدا دەکاتە ٣ مەتر ئاو.

حەمە تاهیر جەلال بەڕێوەبەری بەنداوی دوکان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور راگەیاند «ئەو ئاوەی ئێمە بەریدەدەینەوە رێژەیەکی زۆر زۆرە، بەڵام ناچارین بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا سوودی لێببینین».

بەڕێوەبەرەکەی بەنداوی دوکان ئاشکرایکرد، رۆژانە نزیکەی ٣٠٠م سێجا لەچرکەیەکدا ئاو بەردەدەنەوە، بەڵام رۆژانەش ئەو ژمارەیە گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

بەپێی دەستووری عێراقی سیاسەتی گشتی ئاو، مەرکەزییە. هەرێمەکان ناتوانن کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی ئاو بکەن بەتەنیا. بەردانەوەی ئاو لەرووبارو بەنداوەکانی حکومەتی هەرێمەوە بۆ خوارووی عێراق، بەپێی وتەی بەرپرسانی حکومەتی هەرێم بەپێی بەرنامەیەکی وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی عێراقە.

ئەکرەم محەمەد بەڕێوەبەری گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاو لەوەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێم، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت «ئێمە پلانی دروستکردنی بەنداومان هەیە، بەڵام ئەو بەنداوانەی ئێمە دروستیدەکەین بچوکو مامناوەندن». ئەو وتی «ناتوانین بەنداوی گەورە دروستبکەین، چونکە بودجەیەکی زۆری پێویست دەبێتو ئێمەش ئەو بودجەیەمان لەبەردەستدا نییە».

حکومەتی هەرێم بەنیازە لەسەر زێی گەورەو رووباری سیروان بەنداوی بچوک بۆ پاشەکەوتکردنی ئاو دروستبکات.

بەپێی وتەی ئەو بەرپرسە حکومییە بەردانەوەی ئاو لەبەنداوەکانی دوکانو دەربەندیخانەوە بەگوێرەی بەرنامەیەکە کەوەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی عێراق هەیەتی لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا.

ئەکرەم وتی «بەشێک لەو ئاوەی بەردەدرێتەوە بۆ ئەوەیە کەکاری کشتوکاڵی پێ ئەنجامبدرێت لەناوچەکانی حەویجەو دووز خورماتوو و لەدیالەو شوێنەکانی تر کەدەکەوێتە سەر ئەو دوو بەنداوەی کەئاوەکەی لێ بەردەبێتەوە».

بەنداوی دوکان ئەمساڵ بەهۆی رێژەی زۆری بارانبارینەوە توانیویەتی ٣ ملیار مەتر سێجا ئاو پاشەکەوت بکات، بەڵام بەڕێوەبەری ئاوی دوکان وتی «تائێستا زیاتر لەملیارونیوێک مەتر سێجا لەو ئاوەی پاشکەوتکراوە بۆ خوارووی عێراق بەردراوەتەوەو بەفیڕۆرۆیشتووە».

کاوە مەحمود وتەبێژی حکومەتی هەرێم بەدەستووری وت «دەبێت وەزیری کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو لەبارەی بەردانەوەی ئاو بۆ خوارووی عێراق قسە بکات، من هیچ ناڵێم».

ئەکرەم محەمەد بەڕێوەبەری گشتی بەنداو و کۆگاکانی ئاو لەوەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو، وتی «ئێمە بەردانەوەی ئەو ئاوە لەبەرامبەر هیچ شتێکدا نییە کەحکومەتی ناوەند بۆ ئێمەی بکات، بەڵام ئەگەر لەژێرەوە بەسیاسیەت ئەوە کرابێت ئەوەیان ئیشی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمەو ئێمە ئاگادارنین».

حەمە تاهیر جەلال بەڕێوەبەری بەنداوی دوکان وتی «ئێمە هەست بەوەدەکەین کەئاوەکە زۆر بەردەدەینەوە، بەڵام بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا ئەو رێژەیە پێویستە».

تائێستاش بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو پێوانەیەکی تەواویان بەبوونی بڕی ئاو لەهەرێمی کوردستاندا نییە، نازانرێت بڕی ئەو ئاوەی لەهەرێمی کوردستاندا هەیە ساڵانە چەندە، بەڵام بەهۆی زۆری رێژەی بارانبارینەوە دەڵێن زیاتر لە ١٠ ساڵە بڕی ئەو بەشەی ئەمساڵ نەبووە.

بەپێی بەدواداچوونێکی وردی دەستوور لەبەڕێوەبەرایەتییەکانی کەشناسی هەرێم، رێژەی سەرجەمی بارانبارین لەشارەکانی کوردستاندا بۆ ئەمساڵ زیاتر لە ٧٥٠ملم.

رەحمان خانی بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور راگەیاند «ئاوی دەریاچەی دەربەندیخان لەماوەی ئەمساڵدا ٢٦ بۆ ٢٧مەتر زیادی کردووەو لەچاو ساڵی رابردوودا ١٥ مەتر ئاوی ئەو بەنداوە زیادیکردووە».

هەروەها وتیشی«ئێمە بەگوێرەی بەرنامەی خۆمان ئاو بەردەدەینەوەو گوێ لەبڕیاری هیچ لایەک ناگرین کەداوای زیادکردنی بەردانی ئاومان لێبکەن».

رەحمان خانی کەهاوکات شارەزایەکی بواری سەرچاوەکانی ئاوە، پێی سەیربوو کەبەنداوی دوکان بەو رێژە زۆرە ئاو بەردەدەنەوە، وتی «بەفیڕۆدانی ئاو مەترسی زۆری دەبێت لەسەر هەرێم».

لەتیف حاجی حەسەن ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراقو جێگری لیژنەی کشتوکاڵو سامانی ئاو، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی «ئێستا ئەو ئاوەی بەردەدرێتەوە پێویستی بەپرۆتۆکۆڵ نییە، چونکە کوردستانو عێراق لەیەک وڵاتدانو جیاوازنین لەیەکتر».

حکومەتی ناوەندی لەگەڵئەوەی چەندینجار لەکاتی کەمکردنەوەی ئاوی بەنداوەکاندا، داوای لەحکومەتی هەرێم کردووە ئاوی زیاتر بەربدەنەوە.

لەتیف ئاماژەی بەوەدا کەحکومەتی ناوەندی هیچ متمانەیەکی بەهەرێمی کوردستان نییە، بۆئەوەی پارەی بۆ سەرفبکاتو وتی «تاوەکو بەنداوی تازە دروستبکرێتو ئاوی باشترو زۆرتر پاشکەوتبکرێت».

بەڵام حکومەتی ناوەندی چەندینجار هەوڵیداوە بەنداوی بێخمە نۆژەنبکاتەوە، بەڵام دەسەڵاتدارانی هەرێم رازی نابن.

لەگەڵ گرنگینەدانو بەفیڕۆدانی ئاو لەلایەن حکومەتی هەرێمو گوێنەدان بەپاشەکەوتکردنی، رووبارەکانی کوردستان کەزۆرینەیان سەرچاوەکانیان لەئێرانو سوریاو تورکیاوەن، لەژێر هەڕەشەی ئەو وڵاتانەدانو مەترسی وشکردنیان لێدەکرێت.

ئەو ئەندام پەرلەمانەی خولی پێشووی عێراق، وتی «ئێستا ئێرانو تورکیا بەنداو دروستدەکەنو ئاوی خۆیان گلدەدەنەوە، ئەویش بەهۆی پاراستنی دەستکەوتنو گرنگیدانی زیاتر بەکارەکانی خۆیان وەک کارەباو کشتوکاڵو ئەو شتانەی کە لەڕێگەی ئاوەوە سوودی لێوەردەگیرێت». ئەوەشی بەمەترسی بۆ سەر ئاوی هەرێمی کوردستان زانی.

لەتیف حاجی حەسەن بەپێویستی زانی ئەو سامانە سروشتییە گرنگی زیاتری پێبدرێت.

ئابووریناسانو شارەزایانی بواری ئابووری، دەڵێن دەبێت حکومەت وەک هەر داهاتێکی تر لەسەرچاوەکانی ئاو بڕوانێتو گرنگی پێبدات.

نەرمین مەعروف شارەزای ئابووریو مامۆستای زانکۆی سلێمانی، وتی «لێرە نەتوانراوە سوودێکی باش لەئاو وەربگیرێت ئەویش بەهۆی نەبوونی بەرنامەو گرتنەبەری شێوازی نوێ بۆ ئاو گلدانەوە، بەتایبەت لەبەنداوەکاندا». هەروەها وتی «لەساڵی ١٩٨٠کانەوە تائێستا حکومەتی هەرێم هەر یەک سیاسەتە کەپشت بەئاوی باران دەبەستێت، ئەگەر ساڵێک باران کەمببارێت، ئەوا ئەو ساڵە کشتوکاڵ کەمدەبێتەوە». داواشیکرد بەنداوی گەورە بۆ پاشکەوتکردنی ئاو دروستبکرێتو سوودی زیاتر لەسەرچاوەکانی ئاو ببینرێت.

---

# "دادگاو حاکم یەک پرسیاریان لەسەر سەردەشت لێنەکردم"

## لیژنەی لێکۆڵینەوە لەتیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، سوورە لەسەر لێکۆڵینەوەکردن لەگەڵ چوار رۆژنامەو گۆڤارێك

**مەعاز فەرحان**



شەقام داوای ئاشکراکردنی بکوژانی سەردەشت دەکات

ئەو لیژنەیەی بەسەرۆکایەتی مەسعود بارزانی بۆ لێکۆڵینەوەکردن لەتیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان پێکهات، سوورە لەسەر لێکۆڵینەوەکردن لە ٤ رۆژنامەو گۆڤارێک، چەند رۆژنامەیەکیش داوای روونکردنەوەی زیاتر لەهۆکاری بانگکردنیان دەکەن.

رۆژانی شەممەو یەکشەممە هەریەکە لەرۆژنامەکانی رووداو و ستاندارو ئاوێنەو گۆڤاری لڤینیش، نووسراوی رەسمیان لەلایەن لیژنەی لێکۆڵینەوەکەوە پێگەیشت، رۆژنامەی دەستووریش بەتەلەفون ئاگادارکراوەتەوە لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە، بەڵام تائێستا تەنها رۆژنامەی رووداو و ستاندار بەدەم داواکەوە چوونو سەرنووسەری رۆژنامەی ستانداریش، دەڵێت «لەکاتی لێکۆڵینەوەکەدا ئەوامری حیزبی جێبەجێدەکرا».

رۆژنامەی دەستووریش بەهۆی ئەوەی زانیاریان لەسەر لێکۆڵینەوەکە نییە، ئامادەنییە بەرەو رووی ئەو داوایەوە بڕوات.

مەسعود عەبدولخالق سەرنووسەرو خاوەن ئیمتیازی دەزگای ستاندارد، بەدەستووری وت «بەناوی شایەتیدان لەسەر ئەو کەیسە، چووم بۆ لای لیژنەکە بەو جۆرە قەناعەتیان پێکردم، کەوەکو شاهید مامەڵەتان لەگەڵ دەکرێت، بەڵام دیاربوو لەوێ ئەوامری حیزبی کەپارتی بوو جێبەجێدەکرا».

هەروەها وتی «لیژنەکە جدی بوو و یاسایانە کارەکانیان دەکرد، بەڵام ئەوەی سەیربوو دادگاو حاکم بوو، بەڕاستی حاکم تەواو حیزبی بوو، یەک پرسیاری لەسەر سەردەشت نەکرد، گوایە ئێمە شاهیدبینو زانیاریمان هەبێت، هەڕەشەیەکی زۆری کردو هەڕەشەکانی زۆر نایاسایی بوون، بۆ سەر رۆژنامەنووسان کە رەگەزپەرستیەکی زۆری پێوەدیاربوو».

مەسعود عبدلخالق وتی «دادوەرەکە هەڕەشەی ئەوەی دەکرد کەڕۆژی خۆی دێت حەقو حسابی خۆیان لەگەڵ رۆژنامەنووسان بکەن».



# "ئەمجارە بەزەمانەتەوە کاردەکەین"

## خالید شوانی ئەندامی شاندی ئیئتیلافە کوردییەکان لەبەغداد بۆ دەستوور

**خالید شوانی پەرلەمانتاری خولی پێشوو و خولی نوێی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا رایدەگەیەنێت کەئەمجارە کورد بەزەمانەتو میکانیزمی نوێوە دەچێتە بەغداد، دەڵێت «داواکارییەکانمان بۆ دانوستاندن لەگەڵ لیستو پێکهاتە عێراقییەکان روونکردووەتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەوە بابەتی وتووێژەکانە، بۆیە ناکرێت باسبکرێتو چاوەڕوانی گفتوگۆکانین».**

**سازدانی: دەستوور**

**دەستوور:** کورد بەرەو بەغداد بەڕێکەوت بۆ دانوستاندن لەگەڵ لایەنەکانی تر، بەڕای ئێوە لەیەکەم هەنگاوی ئیئتیلافی لیستە کوردییەکان چ شتێک پێویستە کورد لەبەرچاوی بگرێت؟

**خالید شوانی:** ئەوەی بەلامانەوە گرنگە گفتوگۆکردنە لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی تری عێراقدا بەمەبەستی دروستکردنی حکومەت، بەڵام بۆ دروستکردنی ئەم حکومەتە پێویستمان بە بەرنامەیەکەو وەک ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیش لەسەر بەرنامەیەک رێکەوتووین، کە لەگەڵ لایەنەکانی تردا مفاوەزاتی لەسەردەکەین ئەویش بەپێی ئەو بنەمایانەی لەو بەرنامەیەدا هاتووە.

**دەستوور:** سەقفی یەکەمی داوای کورد چییەو چ شتێک پێویستە کورد هەڵوێستەیەک لەسەری بکات؟

**خالید شوانی:** داواکارییەکانمان رونکردووەتەوە، لەبەرئەوەی ئەوە بابەتی مفاوەزاتە، بۆیە ناکرێت لێرەدا باسبکرێت، تا گفتوگۆ نەکرێت.

**دەستوور:** کورد لەئێستاوە هێڵی سووری بۆ یەک دوو شت هەیە، بۆ نمونە مادەی ١٤٠، ئایا پێتانوایە دانانی هێڵی سوور کاریگەری لەسەر چۆنییەتی بەشداریکردن لەحکومەت دەبێ؟ بەتەسەوری بەڕێزتان ئەگەر کورد سووربێت لەسەر ئەو داواکارییەی، لەبەرامبەردا بۆ چ شتێک شلدەبێت؟

**خالید شوانی:** ئێمە پێمانوایە دەبێت مادەی ١٤٠ جێبەجێبکرێت، هەرلایەنێکی سیاسی عێراقی کەئێمە دانوستاندنیان لەگەڵ بکەین پێویستە باوەڕیان بەدەستوور هەبێت، چونکە مادەی ١٤٠ مادەیەکی دەستوورییەو پێویستی بەجێبەجێکردنە، لەناو ئەو بەرنامەیەی دامانناوە هەموو سیناریۆکانمان دیراسەکردووە، بۆیە مادەی ١٤٠ یەکێکە لەو مادانەی هیچ شتێکی تر چارەسەری ناکات.

**دەستوور:** لەمەسەلەی مادەی ١٤٠و زۆر مەسەلەی تر، کورد زۆرجار باسی گرەنتی دەکات؟ بەڵام تائێستا هەستدەکرێت هیچ شتێک بۆ کورد گرەنتی نەبووە؟ بەبۆچوونی بەڕێزتان لەمەودوا گۆڕانکارییەکان چۆن دەبێت؟

**خالید شوانی:** میکانیزمێکی نوێمان بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ داناوە کەهەمووی پەیوەستە بەکاتەوە، بەخشتەیەکی زەمەنییەوە بۆیە ئەو میکانیزمەی دانراوە دەکرێت لەو کاتەدا جێبەجێبکرێت، لەگەڵ هەر هێزێکی سیاسیشدا رێککەوتن بکەین، ئەو رێککەوتنە دەچێتە چوارچێوەیەکی حکومییەوە، کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەنگی لەسەر دەدرێت، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەوە باشترین زەمانەتە.

**دەستوور:** ئایا هیچ هیوایەک بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ ماوە؟

**خالید شوانی:** بەڵێ، لەبەرئەوەی پێمانوایە بەپێی ئەوکاتەی بۆی دیاریدەکرێت، دەتوانرێت جێبەجێبکرێت، ئێمە نەک هیوامان هەیە، بەڵکو سوورین لەسەر ئەوەی دەبێت مادەکە جێبەجێبکرێت.

**دەستوور:** هەستدەکەیت کورد چ هەڵەیەکی گەورەی سیاسی لەحکومەتی پێشوودا کردووەو ئەمجارە پێویستە دووبارەی نەکاتەوە؟

**خالید شوانی:** پێموانییە هەڵەی گەورە کرابێت لەحکومەتەکانی رابردوودا، چونکە ئەگەر خوێندنەوە بۆ بارودۆخی مەوزوعی ئەوکاتەی عێراقو حکومەتەکانی بکەیت، دەکرێت بڵێی کورد زۆر دەستکەوتی گەورەی بەدەستهێناوە، بەتایبەت لەنووسینەوەی دەستوورو ماوەی چوار ساڵی حکومەتی رابردوو، هەر قۆناغێکیش پێویستی بە بەرنامەی خۆی هەیە، بۆیە ئێمەش بەرنامەیەکی نوێمان داڕشتووە کە لەگەڵ قۆناغی ئێستادا بگونجێت.

**دەستوور:** گلەیی زۆر لەپەرلەمانتارانی خولی پێشوو دەکرا بەوەی خاوەنی بڕیاری خۆیان نەبوون، بەڵکو لەسەرەوە بڕیاریان بۆ دەهات، هەندێک پێیانوابوو ئەوە هۆکاری ئەوەبوو کەهەندێک بڕیاریان بەسەردا تێبپەڕێت لەبەرژەوەندی کورد نەبێت، پێتوایە پەرلەمانتارانی ئەم خولە پێویستە چ ئەزموونێک لەهەڵەکانی پێشوو وەربگرن؟

**خالید شوانی:** کارکردن لەناو پەرلەماندا پێویستی بەئەزموونو شارەزایی هەیە، ئەو پەرلەمانتارانەشی لەخولی رابردوودا هەبوون چ لەڕووی ناسینی هێزە سیاسییەکانو شێوازی کارکردنی پەرلەمانیانو شێوازی پەیوەندییەکان، دەکرێت نوێنەرە نوێیەکان سوود لەنوێنەرە کۆنەکان وەربگرنو نوێنەرە کۆنەکانیش ئەرکەکان لەگەڵ نوێنەرە نوێیەکاندا دابەشبکەبن، تائەوە ببێتە هۆکارێک کەباشترو چالاکانەتر کارەکان رایبکرێت، پێویستیشە هەموو لیستە کوردییەکان لەبەغداد لەسەر مەسەلە نەتەوەییەکان یەک هەڵوێستبن.

**دەستوور:** بەبڕوای تۆ دەبێت مەرجەعی بڕیار ئێوەبن یان سەرکردایەتی کورد؟ چونکە مەرجەعی بڕیار پێشووتر سەرکردایەتی کوردبوو؟

**خالید شوانی:** لەبەرئەوەی ئێمە وەک بەشێک نوێنەری خەڵکی کوردستانینو سەرکردایەتی سیاسی کوردیش وەک بەشێک سەرکردایەتی ئەم بزووتنەوە سیاسییە کوردستانیانە دەکات، کە وەکو کوتلە لەپەرلەمانین، لەبەرئەوەی ئێمە بەرنامەیەکمان هەیە دیارە هەموو بڕیاردانێکیش پێویستی بەتەنیسقو لێکتێگەیشتن هەیە تا دواتر بڕیاری لەسەربدرێت.

**دەستوور:** بەحوکمی ئەوەی پێشووتریش لەپەرلەمان بوویت، لەنزیکەوە ئاگاداری وردی رووداوە سیاسییەکانی هەرێمو عێراقیت، لەڕووی سیاسییەوە پێگەی کورد بە بەراورد بەچەند ساڵی رابردوودا، چۆن دەبێت؟

**خالید شوانی:** پێموایە لەبەرئەوەی کورد بەو شێوەیە خۆی تەرحدەکات کەنەتەوەی دووەمە لەعێراقدا یان نەتەوەیەکی سەرەکییە لەنەتەوەکانی عێراق، پێگەی ئەم نەتەوەیەش وەکو کورسی پەرلەمانو پێکهاتەی دووەمو شەریکی راستەقینەی هێزەکانی تر تەماشادەکرێت، بۆیە دەکرێت بڵێین تائێستا پێگەیەکی بەهێزی هەیە لەهاوکێشە سیاسییەکانی عێراقدا.

**دەستوور:** لەگەڵ نزیکبوونەوەی پێکهێنانی حکومەتدا ئەو هێزانەی تائێستا ناکۆکییان هەبووە لێکنزیکبوونەتەوە، پێتوانیە ئەمە بۆ پەراوێزخستنی کورد بێت؟

**خالید شوانی:** کورد لەگەڵ ئەوەدایە حکومەتێکی شەراکەتو دیموکرات لەعێراقدا دروستبکرێت، ئێمە تێڕوانیمان وایە دەبێت ئەو حکومەتە لەسەر بنەمای شەراکەتی نیشتمانی بێتو شەراکەت بێت لەبڕیاردا، کەدواجار ئەمە لەسەر بنەمای دەستووربێت، ئەوا لیستی هاوپەیمانی کوردستان سوودمەند دەبێت لەو حکومەتو رێککەوتن لەسەر ئەو بەرنامەیە.

**دەستوور:** دەوترێت ئەمەریکا پێشتر هاوپەیمانێکی باشی کوردەکان بووە، بەڵام ئێستا ئەوە بەسەرچووە، ئەمە کاریگەری دەبێت لەحکومەتی نوێدا؟

**خالید شوانی:** ئەمریکا رێککەوتنی ستراتیجی لەگەڵ عێراقدا هەیە، کوردو هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لەعێراق مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، پەیوەندی هێزە کوردییەکانیش لەگەڵ ئەمەریکادا لەئاستێکدایە پێموانیە ساردبوونەوەی تێدابێت، بەڵکو هەردوولا لەهەوڵی دروستکردنی عێراقێکی سیاسیو فیدراڵیدان، ئەمەش وادەکات هێزە کوردییەکان لەسەر زۆرێک لەو مەسائیلانەی دێنە پێشەوە لەگەڵ ئەمریکیەکاندا هاوڕابن.

> ئێمە تێڕوانیمان وایە دەبێت ئەو حکومەتە لەسەر بنەمای شەراکەتی نیشتمانی بێتو شەراکەت بێت لەبڕیاردا



# ...لەیان لەکۆنگرە هەیە"

جێگر لەدەسەڵاتی سکرتێردایەو ئەویش ئەوەی راگەیاند کەدەیەوێت ئەو دوو جێگرە لەهەڵبژاردنێکی ئاشکرادابن بۆئەوەی دواتر دەسەڵاتی جێگری بەوان بدات.

**دەستوور:** هەستناکەیت کۆنگرە گیانی باڵباڵێنەی ناو یەکێتی تۆختترکردەوە، چونکە هەر دوای کۆنگرە جۆرێک لەناڕەزایەتی لەنێوان کادیرانی گەنجو رۆشنبیرەکانی حیزبەکە دەبینرێت؟

**ئارێز عەبدوڵڵا:** بێگومان کۆنگرەی هەر حیزبێک سەد لەسەد بەدڵی هەموو کادیرانی حیزبەکە نابێت، ئەو کۆنگرەیەش بۆ یەکێتی کۆنگرەیەکی سەخت بووە، چونکە ماوەی چەند ساڵێک بوو کۆنگرەی نەبەستبوو، لەلایەکی تریشەوە دەرچوونی ژمارەیەکی زۆر لەکادیرو سەرکردەکانی سەختبوو، ئاسایە هەندێک ناڕەزایی هەبێت، بەڵام ئەو ناڕەزاییو گلەییانە وەکو تەکەتولو دەستەگەری نییە، رەنگە ژمارەیەکی زۆر خەڵک چاوەڕوانی شتی باشتریان بکردایە لەکۆنگرە، بەتایبەت لەهەڵبژاردنی سەرکردایەتی بەو مانایە نییە هەرکەسێک ئەنجامەکەی سەدلەسەد بەدڵ نەبێت، ئەوە دەستەو گروپێک بن، بەپێچەوانەوە ئەوەش بۆچوونی هەندێک لەکادیرەکانی یەکێتیە کەچاوەڕوانی شتی باشتریانکردووە کەبەدڵی ئەوان نەبووەو ئێستا گلەیی دەکەن، بەشبەحاڵی خۆم مافیان پێدەدەم گلەیی بکەن، چونکە لەکۆتاییدا ئەو گللەییانە بەقازانجی یەکێتی دەشکێتەوەو سەرکردایەتی نوێی یەکێتی هەستبکات کە کەموکورتی لەکوێدا هەیە، لەبەرچاوی بێتو هەوڵی چارەسەرکردنیان بدات.

**دەستوور:** ترستان لەوە نییە بەهۆی مانەوەی بەتەمەنەکانەوە گەنجێکی زۆری حیزبەکە لێتان زوویربێت؟

**ئارێز عەبدوڵڵا:** ئەگەر ئەو سەرکردایەتییە نوێیە بەرنامەو پرۆگرامو راسپاردەکانی یەکێتی جێبەجێبکات، ئەوە کێشە لەوەدانییە کێی لەسەرکردایەتیدایە، گرفت لەجێبەجێکردنو جێبەجێنەکردنیدایە.

**دەستوور:** دەوترێت وەکو کۆنگرەکانی پێشوو ئەم کۆنگرەیەش کۆنگرەی چەپڵەبوو، بڕیار دەدراو چەپڵەی بۆ لێدەدرا، جیاوازییەکی ئەوتۆ نەبینرا بەتایبەت کاتێک ناوی سەرکردایەتی ئاشکراکرا؟

**ئارێز عەبدوڵڵا:** یەکێتی بۆشایەکی زۆری لەسەرکردایەتیدا هەبوو، ئاسایی بوو ژمارەیەکی زۆر لەو سەرکردایەتییە کۆنانە دەربچنەوە، هەموو چەپڵەلێدانێکیش خراپ نییە، چەپڵەلێدان لەهەموو دنیادا کارێکی ئاساییە، تەنانەت لەسویسراش ئەوە هەیە کەچەپڵە بۆ سکرتێری حیزبەکەیانو سەرۆکی وڵاتەکەیان لێدەدەن، بەڕای من کارێکی ئاساییە، بەڵام ئەگەر وەک کادیرێکی یەکێتی لەمندەپرسیت هەموو شتەکان لەکۆنگرە بەدڵی من نەبووە، ئەوە لەهەموو دنیاداوایە کەکۆنگرە ناتوانێت کارەکانی بەدڵی هەموو ئەندامانی بەڕێوەببات، گرنگ ئەوەیە بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی نوێ لەلایەن سەرکردایەتییەوە جێبەجێبکرێت.

**دەستوور:** یەکێتی کۆنگرەی بەستو ناوی سەرکردەکانی ئاشکراکرد، قۆناغی دوای کۆنگرە چییە؟ یەکەم ئەرکی حیزبەکە چیدەبێت؟

**ئارێز عەبدوڵڵا:** کۆبوونەوەی یەکەمی دەبێت ئەویش بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو رێکخستنەوەی یەکێتیو دابەشکردنی ئیشوکارەکان دەبێت.

> هەموو چەپڵەلێدانەکانی کۆنگرە خراپ نییە
>
> ....................
>
> خەڵك چاوەڕوانی شتی باشتریان لەکۆنگرە دەکرد
>
> ....................
>
> وەك کادیرێکی یەکێتی هەموو شتەکان لەکۆنگرە بەدڵی من نەبووە

www.arshivkurd.org



# کورد لەبەغداد، بەرنامە یان پۆست؟

## داوادەکرێت بەرژەوەندییە تایبەتییەکان لەیادبکرێتو کورد بەگرەنتی کار بکات

**گۆران خۆشناو لەهەولێر**

کورد بەیەک ئیئتیلافەوە بۆ دانوستاندن لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان لەپێکهێنانی حکومەتدا بەرەو بەغداد بەڕێکەوت، بەشێک لەسیاسییەکانیش داوادەکەن کورد هەڵەکانی رابردوو دووبارەنەکاتەوە، لایەنەکانیش دەڵێن شەڕی ئەمجارەی کورد بۆ بەرنامەیە نەک پۆستو دەڵێن بۆ ئەمجارە مافە نەتەوەیەتییەکان لەپێش هەموو ئیمتیازاتێکەوەیە.

**کورد سەقفی داواکارییەکانی ئاشکرادەکات**

ئیئتیلافی کوتلە کوردستانییەکان رایدەگەیەنن کەئەوان سەقفی داواکارییان هەیەو بە بەرنامەوە دەچنە بەغداد.

مەرجی سەرەکی لیستە کوردستانییەکان خۆی لەمەسەلەی بودجەو یاسای نەوتو گازو پێشمەرگەو ماددەی ١٤٠ دەبینێتەوەو ئاماژە بەوەشدەکەن کەبەشێک لەئەوانە هێڵی سوورە.

سامی شۆڕش ئەندامی شاندی ئیئتیلافی کوتلە کوردستانییەکان، وتی کەشاندەکە بە بەرنامەوە بەرەو بەغداد بەڕێدەکەون بەپێچەوانەی لیستەکانی ترەوە، ئەو وتی «شەڕی ئێمە ئەمجارە لەسەر بەرنامەیەو لەسەر پۆست نییە».

ئەو وتی «سەقفی داواکاریمان خۆی لەمەلەفی بودجەو یاسای نەوتو گازو پێشمەرگەو ماددەی ١٤٠و کەرکوکو سەرژمێری دانیشتیوان خۆی دەبینێتەوە کەئەوانە داواکاری دەستوورین».

هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کەوەک کورد، ئیستیحقاقی هەڵبژاردن مافی ئەوەیان دەداتێ کەیەکێک لەو سێ پۆستە سیادییانە وەربگرن.

سەردار عەبدوڵڵا ئەندامی دەرچووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەلیستی گۆڕانو ئەندامێکی شاندی ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان، بەدەستووری وت «ئێمە بە بەرنامە کەتەسدیقی لەسەرکراوە بەرەو بەغدا بەڕێکەوتووین، کار لەسەر خشتەی کارەکانمان دەکەینو هەموو ئەو مافە نەتەوەییانەی کەکورد داوایدەکات لەئەولەویاتی کارەکانمان دەبێت».

سامی شۆڕش وتی «دەبێت کورد بیر لەبەرنامە بکاتەوە ئینجا پۆست، ئێمەش بە بەرنامەوە دانوستاندن دەکەین».

**داوادەکرێت هەڵەکان دووبارەنەبنەوەو**



کورد لەبەرنامەکانیاندا هێڵی سووری داناوە

**کورد بەگرەنتی کاربکات**

کورد لەحکومەتی پێشووی عێراقو لەئەنجومەنی نوێنەرانیش رەخنەی زۆر رووبەڕووی بووەوە، بەوەی دەکەوتە هەڵەی سیاسی گەورەوە، هاوکات سازشی لەسەر زۆر مافی نەتەوەیی دەکرد، بۆیە داوادەکرێت لەم خولەی پەرلەمانو حکومەتی نوێدا نەکەونە ئەو هەڵانەوە.

کورد لەکابینەی پێشووی حکومەتی عێراقو پەرلەمانی رابردوودا، نەیتوانی چەندین کێشەی گەورەی نێوان حکومەتی عێراقوهەرێم چارەسەربکات، لەوانە کێشەی ناوچە جێناکۆکەکانو کێشەی نەوتو هێزی پێشمەرگە، هەروەها سەرکردایەتی کورد نەیانتوانی داخوازی چەندین ساڵەی کورد بهێنندەی کەگەڕانەوەی کەرکوکە بۆ سەر هەرێم. کەئەوەش بەهەڵەکانی سەرکردایەتی کورد ئەژماردەکرا. هەروەها زۆربەی رەخنەکانیش رووبەڕووی سەرکردایەتی پارتیو یەکێتی دەبوونەوە.

سەردار عەبدوڵڵا رایگەیاند مەرجی کورد لەسەر بەرنامە دەبێت، وتی «دەبێت ئەو داواکارییانەی ئێمە هەمانە لەسەری رەزامەندبین، چونکە نامانەوێت هەڵەکانی پێشتر دووبارەبکەینەوە».

هەواڵی رۆیشتنی شاندی کورد بۆ بەغداد، لەکاتێکدایە کەهەر یەکە لەلیستی دەوڵەتی یاساو عێراقییە لەهەوڵی هاوپەیمانیەتی دان لەگەڵ ئیئتیلافی کوتلە کوردستانییەکان بەمەبەستی پێکهێنانی حکومەتی تازە.

سەردار وتی «کام لایەنەیان بەرنامەو داواکانمان قبوڵ بکات لەگەڵ ئەوەدا هاوپەیمانێتی دەبەستین».

قادر عەزیز سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشان، ئاماژە بەوەدەدات کە ئەم خولەی حکومەتی عێراق جیاوازترە لەخولی رابردوو، بۆیە دەبێت بە بەرنامەی ترەوە کورد بەرەو بەغداد بڕوات. وتی «یەکێتیو پارتی ناتوانن وەک پێشتر بەرژەوەندی حیزبی لەپێش بەرژەوەندی تایبەتی دابنێن، هەروەک ئەوەشی روونکردەوە کەکورد پێویستی بەیەک گوتاریو یەک هەڵویستی هەیەو ئەو ئیئتیلافەی کەئێستا دروستبووە جێگای ئومێدی هەموانە».

کورد ئەمجارە جیاواز لەجاری پێشوو چوار کوتلەی جیا لەنێو کۆبەندێکدا بەرەو بەغداد دەچن، کەهەریەکە لەیەکێتیو پارتی ٤٣ کورسیو گۆڕان ٨ کورسیو یەکگرتوو ٤ کورسیو کۆمەڵ ٢ کورسی هەیە.

قادر عەزیز وتی «بەرژەوەندی کورد لەوەدایە کەبەیەک هەڵویستییەوە بەرەو بەغداد بڕوات».

د. بایەزید حەسەن ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە لەخولی پێشووشدا پەرلەمانتار بووە، بەرۆژنامەی دەستووری راگەیاند کەدەبێت ئەمجارە کورد سوود لەهەڵەکانی پێشووتری وەربگرێت، وتی «بەگەرەنتی مامەڵە لەگەڵ ئەو لیستو لایەنانە بکات کەدەیانەوێت حکومەت پێکبهێنن».

**کورد ئیمتیازاتەکانی بەپێی خاڵ دابەشدەکات**

ئیئتیلافی لیستە کوردستانییەکان لەنێو خۆیاندا لەسەر ئەوە رێککەوتوون کەئەو ئیمتیازاتانەی لەحکومەتی عێراقدا دەستدەکەون، لەنێو خۆیاندا بەپێی خاڵ دابەشبکەن.

محەمەد حەکیم ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی رایگەیاند کۆی ئەو ئیتمیازاتانەی لەبەغداد بەدەستدێت، بەتایبەت پۆستە ئیدارییەکان بڕیارە لەنێو ئیئتیلافەکەدا بەپێی خاڵ دابەشبکرێت، وتی «خاڵبەندییەک بۆ قەبارەی ئەو پۆستانەی بەئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەدرێت ئەو رێژەی وەزارەتو سەفارەتو بەڕێوەبەرانەی بەئیئتلافەکە دەدرێت، بەپێی ژمارەی کورسی قەبارەی ئەو پۆستەی وەریدەگرین دابەشکرێت».

کورد جگە لەمەرجی وەرگرتنی یەکێک لەپۆستە سیادییەکان، هەروەها داوای دوو تا سێ وەزارەتی سیادیو چەند وەزارەتێکی تریش دەکات.

محەمەد حەکیم وتی «پێداگیری لەسەر ئەوەدەکرێت پۆستی سەرۆک کۆمار بدرێتەوە بەکورد».

> ئەو پۆستانەی بەدەستدەهێنرێن، بەپێی خاڵ لەنێوان ئیئتیلافەکەدا دابەشدەکرێن

# "ماف بەو کادیرانەی یەکێتی دەدەم کەگـ

## ئاریز عەبدوڵڵا ئەندامی نوێی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی بۆ دەستوور

**سازدانی: گۆران وەهاب**

**ئاریز عەبدوڵڵا ئەندامی نوێی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی لەبارەی کەمی هاتنەپێشەوەی گەنجو دەرچوونەوەی سەرکردە کۆنەکانی ئەو حیزبە، وتی «گەنجبوونو بیرکردنەوە بەتەمەن نییە، هەندێکجار کەسانێک هەن بەتەمەن نین، بەڵام پیرانە بیردەکەنەوە، بەپێچەوانەشەوە خەڵک هەیە بەتەمەنەو گەنجانە بیردەکەنەوە، ئەگەر سەیری لیستەکەش بکەین بەشێک لەو کەسانەی گەنجانە بیردەکەنەوە گەیشتوونەتە سەرکردایەتی چ ژن بن یان پیاو».**

**دەستوور:** چاوەڕواندەکرا لەکۆنگرەی یەکێتی گەنجێکی زۆر بێنە پێشەوەو بەشێک لەکۆنەکانیش خۆیان کاندیدنەکەنەوە، بەڵام ئەوە رووینەدا، کۆنەکان هەموویان مانەوەو گەنجێکی کەمیش هاتنەپێشەوە، هۆکاری ئەمە چی بوو؟ کۆنەکان بۆ نایانەوێت واز لەو حیزبە بهێنن؟

**ئاریز عەبدوڵڵا:** خاڵی یەکەم ئەوەبوو دوای دەرچوونی ئەو برادەرانەی گۆڕان لەسەرکردایەتی، بۆشاییەک دروستبووبوون، خاڵی دووەمیش دووکەس لەدەمەزرێنەرانی یەکێتی بەئازادی خۆیان وازیانهێناو خۆیان کاندیدنەکردەوە، واتە ژمارەی ئەوانەی خۆیان کاندیدنەکردەوە تەنها دووکەس بوو، ئەوەی تر بۆشایی هەبوو بۆیە زۆربەی کۆنەکان دەرچوونەوە، لەلایەکی تریشەوە گەنجبوونو بیرکردنەوە بەتەمەن نییە، هەندێکجار کەسانێک هەن بەتەمەن نین، بەڵام پیرانە بیردەکەنەوە، بەپێچەوانەشەوە خەڵک هەیە بەتەمەنەو گەنجانە بیردەکەنەوە، ئەگەر سەیری لیستەکەش بکەین بەشێک لەو کەسانەی گەنجانە بیردەکەنەوە گەیشتوونەتە سەرکردایەتی چ ژن بن یان پیاو، بەپێی پێوەری تەمەنیش گەنجو سەردەمیانە بیردەکەنەوە، بەڵام هیچ رێگریەک نەبووە بۆ ئەوکەسانەی تر کەنەیانتوانیەوە بێنە پێشەوەو هەلومەرجەکە لەبارنەبووە.

**دەستوور:** دەوترێت باڵی سەربازیو ئەمنی دەستی بەسەر حیزبەکەدا گرت، ئەوە بۆچوونێکی هەڵەش نییە، ئایا یەکێتی پێویستی بەوە هەیە ئەوانە بێنێتە پێشەوە یان وەک دەوترێت مامۆستایانی زانکۆو رۆشنبیرانو راگەیەندنکارانی حیزبەکەی بۆ ئێستای یەکێتی پێویستە؟

**ئاریز عەبدوڵڵا:** ئەوە ئەنجامی هەڵبژاردنە ئەو خەڵکانەی هێناوەتە سەرکردایەتیو دەرچوون، ئەوانەشی دەرچوون با لەبوارەکانەی سەربازیو ئەمنیدا بن، بەڵام ئەوانە هەر کەسی سیاسی بوون ئەو پۆستانەیان وەرگرتووە، لەلایەکی تریشەوە یەکێتی پێویستی بەوانەشەو پێویستی بەکەسانی پسپۆڕو شارەزاشە، ناڵێم زۆر یان کەم، بەڵام بەشێک لەوکەسانەی دەرچوون، مامۆستای زانکۆو کەسانی یاسایی تێدایە، هەمووی کەسانی سەربازی نین.

**دەستوور:** ئەوە چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر ئایندەی یەکێتی؟

**ئاریز عەبدوڵڵا:** گرنگ ئەوەیە ئەو سەرکردایەتییەی دەرچووە جێبەجێکاری بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی بێت، جێبەجێکاری راسپاردەو بڕیارەکانی کۆنگرە بێت، ئەگەر ئەوەکرا کاریگەری باشی دەبێتو یەکێتی هەنگاوی باشدەنێت.

**دەستوور:** جێگرەکان بەتەسکییە دانران، دەوترێت بەهۆی زۆری گرفتی باڵباڵێنەوە کۆنەکان هێڵدرانەوە، ئەوەش روونە کە بەتەسکییە چەندین ئەندامی کۆنگرە دەنگیاندا، ئایا یەکێتی بەمحاڵەیەوە پێویستی بەسەرکردە کۆنەکانی هەبوو تا کەمترین گەنج قبوڵ بکات لەحیزبەکەی؟

**ئاریز عەبدوڵڵا:** دانانی هەردوو جێگرەکە زۆر ئاساییە، چونکە دەنگدان بەئاشکراو نهێنی هەیە، هەردوو جێگرەکەش کەپێشنیارکران کەبەئاشکرا دەنگیان بۆ بدرێت، هەموو کۆنگرەش دەنگی بۆدان تاببنە ئەندامی سەرکردایەتی نەک جێگر، بەڵام دانانی جێگر لەدەسەڵاتی سکرتێری گشتیە، واتە ئێستا ئەوان بوونەتە ئەندامی سەرکردایەتی، دانانی

# بەهۆی تۆپبارانەوە چەند قوتابخانەیەك داخراون

## قوتابیانی ئالیەرەشو زێوکە لەناو خێوەتگادا، تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرزی دووەمیان ئەنجامدا


"بڕوانامەکەم لەژێر خێوەتدا وەرگرتووە."

**فەرمان چۆمانی لەبناری قەندیل**

مسکارە خدر منداڵێکی تەمەن ١٢ ساڵانەو خەڵکی بناری قەندیلەو ئێستا دەرچووە بۆ پۆلی حەوتی بنەڕەتی، دەڵێت «هەست بەناخۆشی دەکەمو ئەو تۆپبارانە کاریگەری لەسەر دوارۆژی ئێمە دەبێت، چونکە ئاوا بێت لەبەر تۆپباران ساڵێکیتر ناتوانین لەگوندەکەمان بخوێنین، هەروەها ئەمساڵ بڕوانامەکەم لەناو خێوەت وەرگرتووە، ئەوەش ناخۆشەو هیچ خۆشیەکەم لەو دەرچوونە نەبینی».

تۆپبارانکردنی گوندەکانی هەرێمی کوردستان تەنها زیانی بەرەزو باخی هاووڵاتیان نەگەیاندووە، بەڵکو کاریگەری لەسەر رەوشی پەروەردەو خوێندنیش دروستکردووە.

ئاودێر مەلا دەرچووە بۆ پۆلی دوانزەی ئامادەییو هەرچەندە دەیویست ئەمساڵ لەژێر سێبەری درەختەکانی قەندیل خۆی ئامادەبکات بۆ پۆلی دوانزە، بەڵام تۆپباران ویستەکەی لەگۆڕنا، دەڵێت «بەهۆی ئەو تۆپبارانە جارێکیتر ئاوارەبووینەوە لەناو وڵاتی خۆماندا، ئەوەش کاریگەری لەسەر پرۆسەی خوێندنی ئێمە دەبێت، بڕوانامەکەم لەژێر خێوەتدا وەرگرتووە، بەو هۆیەشەوە هەستی جارانم نەماوە بۆ خوێندن، چونکە من خۆم ئامادەکردبوو کەئەم هاوێنە لەژێر سێبەری درەختەکانی گوندەکەم بەوانەکانی پۆلی دوانزەدا بچمەوە، بەڵام بەداخەوە تۆپباران رێگەی پێنەدام».

م. هونەر بەڕێوەبەری قوتابخانەی لێوژەی بنەڕەتی لەبناری قەندیل، دەڵێت چەند ساڵە سەرەڕای ئەو بۆردومانانە توانیویانە دەوام بکەنو درێژە بەپرۆسەی خوێندن بدەن، بەڵام ئەگەر وەک ئێستا تۆپبباران بەردەوامبێت، ناتوانن درێژە بەخوێندن بدەن، وتی «ئەو تۆپبارانە کاریگەری زۆر سلبی لەسەر دەروونی قوتابیان دروستکردووە».

مامۆستا هونەر وتی «ئەگەرچی زۆرێک لەخێزانە گوندنشینەکان ناتوانن لەبەر هەژاری لەشارەکاندا ژیان بەرن، بەڵام ئەگەر ئەو تۆپبارانە بەردەوامبێت ئێمە وەک مامۆستایانی بناری قەندیل ناتوانین بەسەردانیش ئەمساڵ بچین بۆ گوندەکان».

عەلی محەمەد عەلی بەڕێوەبەری پەروەردەی قەڵادزێ لەلێدوانێکدا بۆ دەستوو ئاماژەی بەوەدا بەهۆی تۆپبارانەوە ساڵی رابردوو قوتابخانەی بۆکریسکان زیان بەبیناکەی گەیشتو پەنجەرەکانی شکان، ئەمساڵیش قوتابخانەکانی ئالیەرەشو زێوکە لەرۆژانی تاقیکردنەوە لەشوێنی خۆیان گواسترانەوە، بۆ ئەو شوێنەی کەخێوەتەکانی لێنو دوو تاقیکردنەوەیان لەناو خێوەتەکان بەقوتابیان کردوون.

عەلی محەمەد وتی «بەهۆی ئەو تۆپبارانە بەردەوامانە بۆ سەر گوندەکان مامۆستایانو قوتابیان توشی دڵەڕاوکێ دەبنو ناتوانن دەوام بەتەواوەتی بکەنو بەتەواوی زانیاری بگەێنن بەقوتابیەکانو قوتابی سود نابینێ وەک پێویست، خەمی یەکەمیان دەبێتە خۆپاراستن نەوەک فێربوونو فێرکردن.»

بەڕێوەبەری پەروەردەی قەڵادزێ ئاماژە بەوەدا لەساڵانی رابردوودا بەهۆی تۆپبارانکردن پێنج قوتابخانە لەسنوری پەروەردەی قەڵادزێ داخراون، ئەگەر ئەم تۆپبارانەش بەردەوامبێت ئەگەری هەیە چەندین قوتابخانەی تریش دابخرێن، بەهۆی چۆڵبوونی گوندەکانەوە، وتی «ئەمەش گرفت بۆ رەوشی پەروەردە دروستدەکات لەپەروەردەکەمان، هەروەها ئەگەر تۆپبارانیش بوەستێ، کۆمەڵێک ماڵ جارێکیتر روو لەگوندەکان ناکەنەوە لەترسانو قوتابی کەمدەبن لەگوندەکاندا، بەمەش قوتابخانەکان بەناچاری دادەخرێن».

# سندوقی هاوکاری ناوچە جێناکۆکەکان، رووبەڕووی کێشە دەبێتەوە

## بەرپرسانی ناحیەکانی خانەقین دەڵێن، زۆربەی پرۆژەکان بۆ ناوەندی شار دەبێتو ئەوان لێی بێبەشن

**دەشتی ئەنوەر لەگەرمیان**

بەرپرسانی هەندێ لەناوچە جێناکۆکەکان ئاماژە بەوەدەدەن بودجەی سندوقی هاوکاری بۆ ناوچە جێناکۆکەکان بەیەکسانی دابەشناکرێت، چەند شوێنێکی دیاریکراو لێی سودمەند دەبن، پەرلەمانتارانیش پێیانوایە ئەم پرۆژەیە لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە ئەگەری تووشبوون بەکێشەی هەیە.

بەرپرسانی پارێزگای دیالە پێشبینی ئەوە دەکەن کە لەپرۆژەی سندوقی هاوکاری ناوچە کێشە لەسەرەکان سودمەند نەبنو زۆرینەی بۆ خانەقین سەرفبکرێت.

ئەنوەر حسێن بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت ئەو بڕیارەی کەپەرلەمان داویەتی بۆ سندوقی هاوکاریکردنی ناوچە جێناکۆکەکان گومانی تێدا نییە لەسنوری پارێزگای دیالەدا زۆرینەی تەنها بۆ شارێک دەبێت، نەک بەیەکسانی دابەشبکرێت. وتی «دڵنیام کەمینەی بەر شاری جەلەولا دەکەوێت».

د. ئەمیر سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای داقوق هەرچەندە دڵخۆشە بەو بڕیارەی پەرلەمانی کوردستان، وتی «گوماندەکەم کەئەو سندوقە بەگوێرەی پێویست خزمەت بکات، چونکە ئەگەری هەیە بۆ ناوچەیەک زۆری بۆ بکرێتو ناوچەکەی تریش کەمی بۆ بکرێت».

پەرلەمانی کوردستان هەفتەی رابردوو بڕیاریدا بەپەسەندکردنی پرۆژەی سندوقی هاوکاری بۆ ناوچە جێناکۆکەکان، بۆئەوەی لەڕووی خزمەتگوزاریەوە هاوکاریان بکات، بۆ ئەو مەبەستەش لەپەرلەمانی کوردستاندا دەستەیەک دانراوە بۆ بەدواداچوونی ئەو پرۆژانەی کەحکومەتی هەرێم لەناوچە جێناکۆکەکان ئەنجامی دەدات.

نەریمان عەبدوڵڵا ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنی گۆڕان دەربارەی پرۆژە یاساکە ئاماژەی بەوەدا بەکۆی دەنگ بڕیار لەپرۆژەکە درا.

پەرلەمانتارەکەی گۆڕان وتی «لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە شارەکانی ناوچە جێناکۆکەکان پیشتگوێخراوەو خزمەتگوزاری بۆ نەکراوە، من پشتگیری ئەو قسانەی بەرپرسانو خەڵکی ئەو شارانە دەکەم کە بەیەکسانی پرۆژەی خزمەتگوزاریان بۆ ناکرێت، پرۆژە لەسنووری شارێکدا دەکرێتو شاریش هەیە بەدەگمەن پرۆژەیەکی باشی بۆ بکرێت».

بەپێی پرۆژە یاساکە ئەو خزمەتگوزاریانەی بۆ ناوچە جێناکۆکەکان دەکرێت، لەبوارەکانی پەروەردەو تەندروستیو وەرزشیو چەند بوارێکی تردا دەبێت.

محەمەد مەلا حەسەن قایمقامی قەزای خانەقین لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور خۆشحاڵی خۆی راگەیاند بۆ پرۆژەی سندوقی هاوکاری بۆ خزمەتکردنی ناوچە کێشە لەسەرەکان، وتی «ئێمە پێشتریش داوامانکردبوو کەبودجەی تایبەت دابنرێت، بەڵام لەبەر هەندێک هۆکار نەتوانرا ئەو بودجەیە دابنرێتو ئێستا ئیشی لەسەر دەکرێت». هەروەها وتی «ئەم سندوقە بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکانەو هەر شارەو بەگوێرەی خۆی بودجەی بۆ تەرخاندەکرێت».

دەربارەی دەنگۆی ئەوەی پشکی شێری پرۆژەکان بۆ شاری خانەقینە، محەمەد مەلا حەسەن وتی «مەسەلەکە ئەوە نییە، بەپێچەوانەوە من قایمقامی خانەقینو ناحیەکانیشم دەبێ خزمەتی ئەوانیش بکرێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە لێرە ئەمنییەتو کارەکان باش دەڕۆن بەڕێوە بە بەراورد بەناحیەکان، هەروەها رێژەی کوردیش لەو ناحیانە هەندێک کەمبووەتەوە».

بەپێی دەستووری عێراق، حکومەتی هەرێم تەنها دەسەڵاتی بەسەر ئەو ناوچانەدا هەیە، کەپێش ٤/١٩ واتە پێش رووخانی رژێمی پێشوو، بەدەستیەوە بووە. بۆیە هەندێ لەپەرلەمانتاران پێیانوایە ئەم پرۆژەیە لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە ئەگەری ئەوەی هەیە رووبەڕووی کێشە بێتەوە، واهەست دەکەن مەبەستێکی سیاسی لەپشت ئەم پرۆژەیەوە بێت.

د. سەباح بەرزنجی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی کۆمەڵی ئیسلامی، بۆ دەستوور وتی «ئەم پرۆژەیە ئەگەری توشبوون بەکێشەی هەیە، لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە، چونکە ئەوان وا هەستدەکەن ئەمە مەبەستێکی سیاسی لەپشتەو دژی ئەوان دەکرێت».

د. سەباح باسی لەکەمی بودجەی دانراو کرد لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ ناوچە جێناکۆکەکانو کەرکوکی وەک نمونە هێنایەوە، وتی «کۆمەڵەی فریاکەوتنی کەرکوک داوای زیاتر لە ١٠٠ ملیار دیناریان کردووە لەحکومەتی هەرێم بۆ ئەوەی بیکەن بەپرۆژە بۆ شاری کەرکوک، بەڵام حکومەتی هەرێم تەنها ٢٨ ملیار دیناری بۆیان تەرخانکردووە بۆ یەک ساڵ».

نەریمان عەبدوڵڵا ئاشکرایکرد «ئەگەر شارەکانی سنووری دیالە بیانەوێت خزمەتگوزاری باشیان بۆ بکرێت، دەبێت هەمیشە لەتەماسدا بنو ئاگاداری ئەوە بن کەپرۆژەکانیان نەبرێت بۆ شارەکانی ترو لەشوێنێکی تردا نەکرێن بەپرۆژە، چونکە ئەوانیش حەقی خۆیانە خزمەت بکرێن».


جەلەولا دەڵێت خانەقین پشکی شێری پرۆژەکانی سندوقی هاوکاری ناوچە جێناکۆکەکان دەبات بۆ خۆی.

www.arsivakurd.org



حەمەسەعید حەمەعەلی: هۆکارێکی سیاسیو حیزبی، نایەوێت لیژنەی نەزاهە کارابێت ..08

# بێکاری؛ قەیرانێکی چارەسەرنەکراو لەکوردستان

## کابینەکانی حکومەت هیچ بەرنامەیەکیان بۆ چارەسەرکردنی بێکاری نەخستووەتەگەڕ

**دەستوور**

ئابووریناسانی هەرێم هێشتا توانای دیاریکردنی ڕێژەی ڕاستەقینەی بێکارییان نییە، ئەوەش بەهۆی دواکەوتوویی سیستمی ئابووریو ئەو بێکارییە داپۆشراوەوەیە کە لەناو هەناوی فەرمانگەکانی حکومەتدا هەیە. بەجۆرێک هەندێک سەرچاوە ڕێژەی بێکاری لەهەرێمی کوردستان بە لە١٤٪ دەخەمڵێننو هەندێک بە لە١٧٪و مونتەدای ئابووری کوردستانیش، کەرێکخراوی ئابووریناسانی کوردستانە، بەپێی ئامارێک کەچەند مانگ بەر لەئێستا لەچوارچێوەی توێژینەوەیەکی خۆیدا بڵاویکردووەتەوە، ڕێژەی بێکاری بە لە١٨٪ دیاریدەکات.

پێشتریش دکتۆر جەمال ڕەسول سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، لەدیدارێکیدا ڕایگەیاندبوو کە بەپێی ئەو ڕووپێوەی لەگەڵ ئاماری عێراقو بەهاوکاری سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لەساڵی ڕابردوودا لەسەر ١٨١٤٤ خێزان ئەنجامیاندابوو، «ڕێژەی بێکاری لەکوردستاندا لە٦٪ بووە، بەڵام لەپارێزگاکانی دەرەوەی هەرێم ڕێژەکە زیاترە».

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی دەزگای ناوەندی ئامارو تەکنەلۆژیای زانیاری سەر بەوەزارەتی پلاندانان، ڕێژەی بێکاری لەعێراقدا بەرەو کەمبوونەوە ڕۆیشتووە. بەپێی ئەو ڕووپێوییەی ئەنجامدراوە لەسەرجەم ناوچەکانی عێراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە، بێکاری لەساڵی ٢٠٠٨دا بەڕێژەی لە١٥٪ کەمیکردووە.

ڕێبوار سابیر حەوێز مامۆستای ئابووری لەناوەندی ئێوارانی سلێمانی دەڵێت، کەدیاریکردنی ڕێژەی بێکاری لەکوردستان زەحمەتە، بەو پێیەی تائێستاش ئامارێکی وردو تەواونییەو زیاتر ڕووپێوی لەسەر بازنەیەکی دیاریکراو کراوە. ئەوەش ڕووندەکاتەوە کەچارەسەرکردنی ئەم قەیرانە، پێش هەموو شتێک بەزانینی قەبارەی دیاردەکە دەبێت.

### کوردستان بە بەراورد بەجیهان

بێکاری ئێستا وەک قەیرانێکی جیهانیی تەنانەت دەوڵەتە گەشەسەندووەکانیش بەدەستییەوە دەناڵێنن، هەروەک چۆن دەوڵەتە پاشکەوتوو و تازە پێگەیشتووەکانیش یەک لەگرفتەکانی بەردەم گەشەکردنیان بێکارییە، هەرچەندە هۆکارو ڕێژەی ئەو قەیرانە بەپێی هەڵکەوتەی جیۆپۆلەتیکی دەوڵەتانو سیستمە سیاسیی ئابووریو ژمارەی دانیشتوانیانەوە گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام بۆ تەواوی دەوڵەتانی جیهان، ئێستا بێکاری قەیرانێکی گەورەیە.

ماوەی ڕابردوو وەزارەتی کاری ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ڕایگەیاند کەڕێژەی بێکاری لەوڵاتەکەیدا گەیشتووەتە لە٢ ,١٠٪ کەئەوەش لەساڵی ١٩٨٢ەوە یەکەمجارە ڕێژەکە لەو ئاستەدا بووەستێت، بەپێی هەمان ڕاپۆرت کەئاژانسی فرانس پرێس بڵاویکردووەتەوە، ئەو ڕێژەیەی بێکاریی کەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای گرتووەتەوە، ئۆبامای ناچارکردووە کە بە «ڕووداوێکی دڵڕەق»ی ناوزەد بکات.

لەئەورووپاش زەرەرمەندی یەکەم لەقەیرانی دارایی جیهانی، ئیسپانیایە کە بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی هەواڵی ئاسۆشێت پرێسو بەهۆی شەپۆلی دارمانی کەرتی ئابوورییەوە پتر لە ١٨٪ هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە بێکاربوون، بەوەش ڕێژەی بێکاری لەئیسپانیا لە٦٪ لەسەرو ڕێژەی هەرێمی کوردستانەوەیە، کە بەپێی زۆربەی بۆچوونەکان لەهەرێمی کوردستان ڕێژەی بێکاری لەدەوری ١٢٪ دەخولێتەوە.

کۆی ڕێژەی بێکاری لەدەوڵەتانی عەرەبیدا بەپێی ئامارەکان بە ١٤٪ دەخەمڵێنرێت، لەکاتێکدا ئەو ڕێژەیە بەپێی دەوڵەتە جیاوازەکانی ناوچەکە ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەرردادێت. ڕێکخراوی کاری عەرەبی، کەسەر بەکۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبییە، مانگی ڕابردوو لەقاهیرەی پایتەختی میسر ڕاپۆرتێکی لەمەڕ کاردانەوەکانی قەیرانی دارایی جیهانی لەسەر بێکاری لەنیشتمانی عەرەبی بڵاوکردەوە، بەپێی ڕاپۆرتەکە ڕێژەی بێکاری لەوڵاتانی عەرەبی لەیەکتر جیاوازە، لەجەزائیر ڕێژەی بێکاری لەمانگی ڕابردوودا لە٢١٪ تۆمارکراوە، لەکاتێکدا لەیەمەن ٢٠٪و لەسۆدان ١٧٪و لەمیسر ١٧٪ و لەسوریا ٨٪ تۆمارکراون، بەپێچەوانەوە لەدەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی بەهۆی کەمی ژمارەی دانیشتوانەوە ڕێژەکە بەجۆرێک کەمدەبێتەوە، کە لەعەمان تەنها ٣٢٠ هەزار کەسو لەسعودیە ٧٧٠ هەزار کەسو لەکوێتیش تەنها سی هەزار کەسە. بەو پێیەش ژمارەکە گۆڕانی بەسەرردادێت.

هەربۆیە هەرێمی کوردستان، سەرەڕای گرفتە سیاسییەکانی، کەکاریگەری لەسەر سەقامگیریی ئابووریو بوژانەوەی کەرتە جۆراوجۆرەکانی دارایی هەبووە، بەڵام ڕێژەی بێکاری تێیدا لەزۆرێک لەدەوڵەتانی جیهان کەمترە، ئەمە لەکاتێکدایە تائێستاش لەکوردستان بەهۆی گرفتی بێکاری داپۆشراوەوە هەست بەمەترسییە زۆرو زەوەندەکانی بێکاری ناکرێت.

### حکومەتی ڕابردوو چی جێهێشت

کابینەی پێنجەمی حکومەت، هەندێ هەوڵی بەو ئاڕاستەیەدا داوە، بەڵام دەستکەوتەکانی لەبواری کەمکردنەوەی خەمو ئازارو تورەیی گەنجان دەرەنجامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتووەتەوە. بەباوەڕی ئاسۆ مەجید سکرتێری ڕابونی خوێندکارو لاوانی کوردستان، فاکتەرەکەی پەیوەندی بەوەوە هەبووە، کەخەمی لاوان، خەمی یەکەمی کابینەکانی تر نەبووە.

وەزارەتی وەرزشو لاوان، کە لەکابینەی نوێی حکومەتدا هەڵوەشاوەتەوەو تێکەڵی وەزارەتی تر کراوە، لە ١٥-١٦/٥/٢٠٠٨ لەشاری هەولێر کۆنفرانسێکی بۆ ٢٤ گروپو ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنیو لاوانو گەنجان سازکردو سەرەنجام پاشی دوو ڕۆژ، (نەخشەڕێی لاوان)ی بڵاوکردەوە، نەخشەڕێیەکە لەژێر ناوی (هەمواركردنی سیاسەتو پلانی کار - پێشنیاز بۆ کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم) لەمیدیای کوردستاندا بڵاوکرایەوە. کەبەرئەنجامی گفتوگۆی دوو ڕۆژەی کۆنفرانسی لاوان، ڕێگاچارەی گرفتو قەیرانەکانی گەنجان دەخاتەڕوو.

نەخشەڕێیەکەی وەزارەتی وەرزشو لاوان، بەڕۆشنی تیشکدەخاتە سەر هۆکارەکانی کێشەکانی لاوانو ئەو فاکتەرانەش دیاریدەکات کەبوونەتە هۆی سەرهەڵدانی ئەو قەیرانە، لەوانە (لاوازیی سیستەمی کارو بازاڕی کار، زۆریی بێکاریی شاراوە، زۆریی فەرمانبەرانی حکومەتی، کزیی کۆمەڵگەی مەدەنی، کزیی ڕۆڵی میدیا، کزیی توانای میدیاکاران، پاوانکردنی زانیاریو بەرتەسکیی ئازادیی دەربڕین، نەبوونی داتای پێویست، کزیی هاوئاهەنگیی دەزگەکانی حکومەت لەوبوارەدا، پاوانخوازیو دەستتێوەردانی حیزبی لەوردەکاریی گوزەراندا). ئەوەش بە بەشێک لەو فاکتەرانە دەبینێ کەکاریگەرییان هەبووە بەسەر دیاردەی بێکارییەوە.

نەخشەڕێیەکەی وەزارەتی وەرزشو لاوان، چارەسەری دوورو نزیکی بۆ بنەبڕکردنی کێشەو گرفتەکانی لاوان داناوەو ئەرکی سەرەکی ئەو چارەسەرییانەشی خستووەتە ئەستۆی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

هەرێز جەوهەر دەرچووی زانکۆی سلێمانییەو ماوەی سێ ساڵە بێکار دەسوڕێتەوە، ئەو پێیوایە وەزارەتی وەرزشو لاوان دەرفەتی زۆری جێبەجێکردنی پرۆژەی خستنەسەرکاری لاوانی هەبوو، بەڵام لەبەر کۆنفرانسو چالاکی لاوەکی ئەرکە سەرەکییەکەی خۆی لەبیرکرد. هەرێز وتی «ئەگەر کابینەی پێنجو وەزارەتەکەی لاوان، هەنگاوێکیان نابوایە، دەکرا چاوەڕێی هەنگاوی تر لەکابینەی شەش بکەن، ئەوان کەخۆیان هەنگاوێکیان نەناوە، ئۆباڵی جێبەجێکردن بۆ دەخەنە ئەستۆی کابینەی شەش».

م. ناجیح سەمین مامۆستا لەکۆلێژی کارگێڕیو ئابووری زانکۆی سلێمانی بەدەستووری وت «تا ئێستا بەشێوازێکی ڕێکخراوو پلان داڕێژراو چارەسەرێک نەخراوەتەڕوو بۆ ڕووبەڕووبونەوەوەی بێکاری، چارەسەرێک نەبینراوە لەلایەن حکومەتەوە».

### چۆن شەڕ دژی بێکاری بکەین؟

شاد محەمەد بەڕێوەبەری ڕێکخراوی تواناسازی لاوان لەو باوەڕەدایە کەحکومەت وەک باڵاترین دەسەڵات توانای چارەسەری کێشەکانی هەیەو دواجاریش هەر ئەو لێی بەرپرسە، بەڵام گومانی خۆشی ناشارێتەوە بەو پێیەی کەهەمیشە دەسەڵاتی دەوڵەت لەژێر گوماندایەو زۆرجار بەهۆی دەستێوەردانەکانی حیزبو دامەزراوەکانی تر هەیمەنەی خۆی لەدەستدەدات.

شاد محەمەد ئاماژە بەوەشدەکات، کەکورتکردنەوەی ئەو ڕۆڵە تەنها لەحکومەتو بەخشینی بەکابینەیەک کارێکی هەڵەیە، دەڵێت «ئەو کێشانەی لەدەستێوەردانو ئاستی بەرەنگاربوونەوەی پرسو کێشەکان تەنها بۆ حکومەت نییە، بەڵکو دەسەڵاتە بەگشتیو تەنانەت دەسەڵاتی چوارەم وەک میدیاو پێنجەمیش وەک کۆمەڵگەی مەدەنی بەشێک دەبن لێی». ئەوەش دەڵێت «خودی حکومەت تووشی هەڵەیەکی گەورە دەبێت ئەگەر پێی وابێت هەموو مەسەلەکان لای ئەو چارەسەردەبێت، یان دەتوانێت چارەسەری بکات. لەکاتێکدا ئێمە دەزانین پەیمانەکانی هەموو کابینەکان چۆن هاتوونو چ ئاڕاستەیەکیان وەرگرتووە. چ جای ئەوەی کەدەزانین دەستێوەردانەکان کاریگەرییەکیان لەسەر بەدیهاتنی پەیمانو ڕاسپاردەکان هەیە».

ئاسۆ مەجید سکرتێری ڕابوونی خوێندکارو لاوانی کوردستان دانی بەوەدانا، کەکابینەکانی تر سوورنەبوون لەسەر چارەسەرکردنی پرسی بێکاری، بەڵام هیوای خۆشی نەشاردەوە کەکابینەی شەش دەیەوێت چارەسەری بکات، وتی «چیدی یەکێتیو پارتی نایانەوێت گرەو لەسەر دۆڕاندنی گەنجان بکەن».

م. ناجیح بەدەستووری وت «یەکێک لەو چارەسەرانەی کەپێویستە حکومەت بیگرێتەبەر بۆنەهێشتنی بێکاری هاندانو هێنانی کەرتی تایبەتەو دەبێت دەرفەتی زۆربدرێت بەکەرتی تایبەت هەم حکومەت لەمە سودمەند دەبێت، هەمیش خەڵکی دەچێتەسەرکارو بێکاری بەڕێژەیەکی باش کەم دەکاتەوە.

### کشتوکاڵو گوندەکان، چی بۆ بێکاری دەکەن؟

تائێستاش کەرتی کشتوکاڵی لەهەرێمی کوردستاندا، کەرتێکی کەم بەرهەمەو تادێت ژمارەی ئەو کەسانەش کەمدەکات کەسەرگەرمی کاری کشتوکاڵین، لەهەمانکاتدا چۆڵبوونی گوندەکانو نەگەیشتنی خزمەتگوزاری پێیان، کۆچی گوندییەکانی بەرەو شار زیاتر کردووەو بەمەش ژمارەی بێکارانی بەرز کردووەتەوە.

مەحمود ئیبراهیم کە لەبەڕیوەبەرایەتی کشتوکاڵی پشدەر فەرمانبەرە ئاماژە بەوەدەدات، کە لەئێستادا کەرتی کشتوکاڵی، کەرتێکی لاوازەو توانای دابینکردنی پێویستییە ناوخۆییەکانی هەرێمی نییە، ئەوە لەکاتێکدا دەشتو بانەکانی کوردستان، بەپیتو بەرەکەت ناسراونو بەرهەمهێنانو بایەخدان پێیان ئاستی بەرهەمهێنان زیاتر دەکات.

مەحمود هێما بۆ ئەوەشدەکات، چۆڵبوونی گوندەکانو کۆچی پێچەوانە زیانی زۆری لەکەرتی کشتوکاڵ داوە، ژمارەی بێکارانیشی لەشارەکان زیاتر کردووە، ئەوەش ڕووندەکاتەوە کەئێستا «زۆربەی گوندییەکان لەفەرمانگەکانی حکومەت فەرمانبەرن، یان لەکەرتی پۆلیسو هێزە چەکدارەکان جێیان کراوەتەوە».

بەشێک لەچارەسەرییەکەش لەوەدا دەبینێ، کەفەرمانبەرانی دەوڵەت ناچاربکرێن بگەڕێنەوە گوندەکانو لەبەرامبەر ئەوەشدا دوو ساڵ موچەیان لەبەرامبەر کارکردن لەکەرتی کشتوکاڵو گوندەکانیان پێبدرێت.

د. جەزا تۆفیق تاڵیب سەرۆکی بەشی جوگرافی لەزانکۆی سلێمانی، پێیوایە بایەخدان بەکەرتی کشتوکاڵی بەوە دێتەدی کە لەکردنەوەی کۆلێژی کشتوکاڵیو وەرگرتنی خوێندکاران، حکومەت بەسیاسەتی خۆیدا بچێتەوە، ئەو دەڵێت «دەبێت کۆلێژی کشتوکاڵی، لەناوچەکانی پشدەرو شارەزورو گەرمیان بکرێتەوەو لە٥٠٪ی خوێندکارانیشی کوڕی جوتیاربنو بەکردەوە کاری کشتوکاڵ بکەن».

ئەزموونی پێشووتری مامەڵەکردنی زانکۆکانو کۆلێژەکانی کشتوکاڵ لەگەڵ وەرگرتنی خوێندکاراندا لەسەر بنەمای نمرەو وەرگرتنی ناوەندی بووە، بەوەش وەک جەزا تۆفیق ئاماژەی پێدەدات، بەشی زۆری خوێندکارانی وەرگیراو، ئەوانەبوون کەهیچ پەیوەندییەکیان بەکەرتی کشتوکاڵیەوە نەبووەو دواتریش بەشێک لەدەرچووەکانی لەبری کارکردن لەکەرتی کشتوکاڵی، وەک مامۆستای کیمیا لەناوەندیو ئامادەییەکانی ناو شار وانەیان وتووەتەوە، بەو پێیەش «دەرچوانی ئەو بەشانە، بەشدارییەکی ئەوتۆیان لەبوژانەوەی کەرتی کشتوکاڵیدا نەبووە».

### بیمەی بێکاریو چارەسەر

زۆربەی چاودێران ڕێژەی بێکاری لەهەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی گشتی بە لە١٢٪ دەخەملێننو ئەو ڕێژەیەش بەنزیکەیی دەکاتە پتر لە ٣٥٠ هەزار هاووڵاتی، ئەگەریش حکومەت بۆ هەر گەنجێکی بێکار، مانگانە بڕی ١٠٠ دۆلار بدات، مانگانە نزیکەی سیو پێنج ملیۆن دۆلار دەکات، ئەو ڕێژەیەش بەڕای د. جەزا تۆفیق تاڵیب، ئەگەر بەڕواڵەتیش وابێت، ئەوا لەوردەکارییەکەی گۆڕانی بەسەرردادێتو حکومەت لەڕێی بەرنامەیەکی هەمەلایەنەوە دەتوانێت بەشێکی گرنگ لەبێکارییەکەی هەرێمی کوردستانی پێ چارەسەر بکات. شاد وتی «کێشەی ئێمە لەپێدانی بیمەیەکی بێکارییەوە نییە، بەڵکو ئەگەر گرفتێک هەبێت لەسیستمی کارەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. کەئایا چۆن ئەو بیمەیە دەدات».

سەرۆکی بەشی جوگرافیا لەزانکۆی سلێمانی، ئەوەش ڕووندەکاتەوە کەقۆناغی قوورس بەر لەپێدانی بیمەی بێکاری، بریتییە لەزانینی قەوارەی ڕاستەقینەی ڕێژەی بێکارانی ڕاستەقینە لەکوردستان، بۆ ئەوەش حکومەت دەبێت لەڕێی دامەزراندنی سەنتەرێکەوە پێی هەڵبستێت.



تائێستا ئامارێکی ورد لەبەردەستدا نییە بۆ ڕێژەی بێکاری لەکوردستان.
فۆتۆگراف: ئاکۆ محەمەد



# هەندەران؛
# ئەنفالێکی شێنەیی و ئارەزوومەندانە

aramrafaat07@yahoo.com

ئارام رەفعەت

## دەستپێک

هەرچەند ئامارێکی دروستو فەرمی لەبەر دەستدا نییە، بەڵام دەکرێت ژمارەی کوردستانییەکانی هەندەران بەنزیکی دوو ملیۆن کەس مەزەندە بکرێت. بەپێی راپۆرتێکی پەرلەمانی ئەوروپا کە لەساڵی ٢٠٠٦ دا ئامادەکراوە، تەنها لەئەوروپای رۆژئاوا، نزیک بە ١،٣ ملیۆن کوردستانی نیشتەجێن، لەوانەش: ئەڵمانیا ٧٠٠ هەزار، فەرەنسا ١٢٠هەزار، هەریەک لەسویدو بەریتانیا ٨٠ هەزار، هۆڵەندا ٧٠ هەزار، سویسرا ٦٠ هەزارو نەمسا ٥٠ هەزار...هتد. زۆرجار رەگەزنامە (عێراقی، ئێرانی، تورکی...) یان زمانی ئاخاوتن (بەشێک لەکوردستانییەکان زمانی کوردی نازانن) دەکرێتە پێوەرو سەرچاوەی داتا، بۆیە پێدەچێت ژمارەی کوردەکانی ئەوروپا زۆر لەوەی لەراپۆرتەکەدا مەزەندە کراوە زیاتر بێت. بێجگە لەوەش، ئەم مەزەندەیە کوردەکانی رۆژهەڵاتی ئەوروپاو قەفقاسیاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئەمریکاو کەنەداو ئوسترالیا ناگرێتەوە.

هەرچۆنێک بێت، کۆی ژمارەی کوردستانییەکانی هەندەران، نزیکە لەژمارەی سەرجەم کوردەکانی کوردستانی سوریاو هاوتای سێیەکی دانیشتوانی کوردستانی باشوورە. لەوەش گرنگتر، نزیک بە ٧٠ وڵاتی سەربەخۆی جیهان ژمارەی دانیشتوانەکانیان لە خوار ملیۆنو نیوێکە، واتە لەژمارەی کوردەکانی هەندەران کەمترە، لەوانەش وڵاتگەلێکی وەک سویسراو قەتەرو قوبرسو مۆنتینیگرۆ هتد... بەمانایەکی تر، کوردانی هەندەران گەنجینەو ماتریاڵێکی ئینسانی بێ وێنەو سامانێکی گرانبەهای نەتەوەیین، بەڵام ئەم بەشە گرنگەی نەتەوەکەمان لەدرێژماوەدا لەبەردەم هەڕەشەی توانەوە لەناو کۆمەڵگاکانی هەندەرانو سەرەنجام لەدەستچووندایە. بەداخەوە ئەم دۆسیە چارەنووسسازە کەمتر بووەتە جێگای بایەخی ناوەندە رۆشنبیریو فەرمییەکانی کوردستان. بەئومێدی کردنەوەی دەروازەیەک بۆ بەدواداچوونو کارکردن لەسەر ئەم مەسەلەیە، ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ تیشک خستنەسەر هۆکارو مەترسییەکانی توانەوەی کورد لەناو گەلانی تردا.

### ئەنفالی شێنەیی و ئارەزوومەندانە

ئەزموونە مێژووییەکان بەو ئاڕاستەیەدان کە لەزەرفی ٥٠ بۆ ١٠٠ ساڵی داهاتوودا، واتە نەوەی دووەم یان سێیەمی کوردەکانی هەندەران، لەبەردەم مەترسی لەدەستدانی نەک هەر زمانو کلتوور، بەڵکو ناسنامەی نەتەوەییو هەستو ئینتیما بۆ کوردستاندان. بەپێچەوانەی کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکان، کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان زۆرترین توانای هەڵمژینو وەکخۆڵێکردنو ئەسیمیلەکردنی ئەتنیکە جۆراو جۆرەکانیان هەیە. بۆ نمونە، لەسوریا یان لەلوبناندا بەهۆی جۆرێک لەکلتووری داخراو و قبوڵ نەکردنی نەتەوەی جیاواز لەناو کۆمەڵگا عەرەبییەکانو رەگەزپەرستیو نادادپەروەری سیستمی ئەو دوو وڵاتە دەرهەق بەکەمینەکان (وەک مەحرومکردنی کورد لەرەگەزنامە)، کوردەکانی ئەم دوو وڵاتە پەراوێزخراونو سەرەنجام زیاتر پەیوەستکراون بەناسنامەو زمانو ئینتیمای خۆیان. بەپێچەوانەشەوە، کلتووری کراوەییو تاکگەرایی کۆمەڵگا رۆژئاواییەکانو خەسڵەتی سیستمە حوکمڕانییەکانیان، کەجۆرێک لەمافی یەکسانو بەرپرسیارییەتی هاوبەشی لەیاساو سیستمەکاندا بێ هەڵاواردن بۆ هەمووان فەراهەم کردووە، نەک هەر بواری بۆ زووترو زۆرتر تێکەڵبوونو ئاوێتەبوونی جالیەکانی هاوشێوەی کورد رەخساندووە، بەڵکو لەسەر ئاستی تاکەکانیشدا، زۆر بەئاسانی هەستی ئینتیماو هاوڵاتیبوون لەوڵاتی خانەخوێدا دروستکردووە.

ئەم هەستو ئینتیماو ناسنامەیە زیاتر زاڵە بەسەر ئەو نەوەیەی کە لەرۆژئاوا لەدایکدەبێتو پەروەردە دەبێت، ئەویش بەگوڕتر دەیگوازێتەوە بۆ نەوەی دواتر. بەپێی ئەزموونم لەکۆمەڵگایەکی فرەکلتووری وەک ئوسترالیادا، نەک هەر بەریتانییەکان، کەخۆیان بەخاوەنی ئوسترالیا دەزانن، بەڵکو ئەو گەنجانەش کە لەئوسترالیا لەدایکبوونو باوانەکانیان لەوڵاتەکانی تری ئەوروپاوە هاتوون خۆیان تەنها بەئوسترالی دەزانن، هەرچەندە، رەنگە هەندێکجار ئاماژە بەوڵاتی باوانەکانییان بکەن. تا رادەیەک، هەمان هەست لای ئاسیاییو نەتەوەکانی تریشدا هەیە. بەم جۆرە، لەدرێژماوەدا، هاوشێوەی نەوە ئەوروپیو ئاسیاییەکانی ئوسترالیا، نەوەو وەچەی سەدان هەزار کوردستانی لەبەردەم مەترسی ونبوون لەناو کۆمەڵگاکانی هەندەراندان.

چارەنووسی نەوەی دوو بنەماڵەی فەرمانڕەوای کوردستان، بابانەکانو بەدرخانییەکان دوو نموونەی زیندوون بۆ تێگەیشتن لەوەی بۆچی جالییە کوردییەکان لەهەندەران لەبەردەم پرۆسەییەکدان کەدەکرێت بەئەنفالی شێنەیی ناوزەد بکرێت. میرنشینی بابانو بەدرخان لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم لەسەر دەستی تورکەکان لەناو دەبرێن. بنەماڵەی بابان ئاوارەی ئەستەمبوڵو بەغداد دەبنو بەدرخانییەکانیش بەرەو وڵاتە عەرەبیو ئەوروپییەکان دەچنو هەردووکیان ئاوێتەی ئەو کۆمەڵگایانە دەبن. زۆرینەی نەوەکانی بەدرخانییەکانو بابانەکان لەو وڵاتانەدا جگە لەنازناو هیچ ئاسەوارێکی کوردبوونیان نەماوە. عەلی بابانو عەبدولوەهاب بەدرخان دوو لەپاشماوەکانی ئەو دوو بنەماڵەیەن. عەلی بابان وەزیری حکومەتەکەی مالیکی لەسەر لیستی سوننەیەو یەکێکە لەبەرهەڵستکارە سەرسەختەکانی مافەکانی گەلی کورد، عەبدولوەهاب بەدرخانیش، رۆژنامەنووسێکی بەناوبانگی عەرەبەو لەنووسینەکانیدا زۆرجار دژی خواستە سەرەتاییو رەواکانی گەلی کوردستانە، لەوانەش فیدراڵیو کەرکوک، هەڵوێستی نواندووە. بەم جۆرە، ئەنفالی شێنەیی، دوو نەوە، لەمیری کوردان دەگۆڕێت بۆ دوو عەرەبی ناسیونالیست.

### تاکی کوردو مەیلی توانەوە لەناو کۆمەڵگاکانی تردا

سروشتو هەڵکەوتەی نەتەوەیی کورد بەجۆرێکە، لەزۆربەی نەتەوەو ئەتنیکو گروپەکانی جیهان زیاتر مەیلو ئەگەری توانەوەو ئەسیمیلەبوونی لەناو کۆمەڵگا خانەخوێکاندا هەیە. کۆمەڵێک هۆکارو فاکتەری جۆراوجۆر کاریگەری لەسەر توانەوەی کەمینە ئەتنیکییەکان دادەنێن لەناو زۆرینەی کۆمەڵگای خانەخوێدا، کەبەداخەوە هیچیان لەبەرژەوەندی کوردانی هەندەراندا نییە. فاکتەرو هۆکارەکان دەکرێت لەم چەند خاڵەدا کورتبکرێنەوە:

#### یەکەم: خەسڵەتە فیزیکییەکان

هەندێک رەگەزو گروپی ئەتنیکی هەن بەهۆی خەسڵەتو کاراکتەرە فیزیکییەکانیانەوە، وەک رەشپێستەکانی ئەفریقاو ئاسیاییەکانی چینو کۆریاو مەنگۆلیا کەمتر ئەگەری توانەوەیان هەیە لەناو کۆمەڵگا خانەخوێکاندا. بۆ نمونە، ئەفریقیەکانی ئەمریکا دوای چەند سەدەیەک نیشتەجێبوونیان لەئەمریکاداو سەرەڕای لەدەستدانی زمانو کلتووری ئەفریقییان، بەڵام بەهۆی رەنگی پێستیانەوە هێشتا بەئەفریقییەکانی ئەمریکا دەناسرێنەوە. پێچەوانەی ئاسیاییو ئەفریقیەکان، تاکی کورد سیمایەکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستییو زیاتر مەیلی دوو ڕەگی هەیە، بەجۆرێک زۆر جار لەناو خێزانێکدا کەسێکی ئەسمەرو یەکێکی سوورکارە دەبینرێت. ئەم خەسڵەتە فیزیکیانەی کورد حاڵەتێکی گواستنەوەی (ئینتیقالی) داوەتە تاکی کورد، بەجۆرێک لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، رەنگی پێستی کوردەکانی ئەوروپا سپی ترو هی وڵاتە گەرمەسێنەکانیش گەنم ڕەنگتر دەبێت. ئەمەش وا دەکات لەپرۆسەی هاوسەرگیری لەگەڵ نەتەوەکانی تردا زوو خەسڵەتی کوردانە لەدەستبچێتو نەوەکان بەئاسانی لەناو زۆرینەی کۆمەڵگادا ون ببن. کوردو هەزارەکانی ئەفغانستان دوو نمونەی بەرجەستەی ئەو حاڵەتەن. هەردووکیان لەسەردەمێکی نزیک بەیەکدا لەئەفغانستان نیشتەجێبوون. کوردەکان کە بە ٢٠٠،٠٠٠ کەس مەزەندە دەکرێن، لەسەردەمی شاعەباسی سەفەویدا ئاوارەی ئەفغانستان بوونو هەزارەکانیش بەپاشماوەی مەغۆلەکان دادەنرێن. هەردووکیان زمانو کلتووری خۆیان لەدەستدەدەن، بەڵام هەزارە، بەهۆی سیما ئاسیاییە مەنگۆلیەکەیانەوە، وەک گروپێکی ئەتنیکی دەمێننەوەو کوردەکانیش لەناو کۆمەڵگای ئەفغانستاندا دەتوێنەوەو شوێنەوارێکیان نامێنێت.

#### دووەم: کلتووری باڵاو کلتووری نزم

باڵاییو نزمی کلتووری نەتەوەکان، بە بەرهەمی فکریو ئەدەبیو هونەریی هەر نەتەوەیەک پێوانە دەکرێت. ئەو نەتەوانەی خاوەنی گەنجینەیەکی نوسراوەیی سەدانو هەزاران ساڵەن کلتوورەکەیان بە بەرز دادەنرێت، ئەو نەتەوانەش کەئەدەبەکەیان زارەکییەو نووسراو نییە، واتە لەشێوەی گۆرانیو حەکایەتو شیعرو پەندی پێشینان دایە، بەخاوەن کلتووری نزم دادەنرێن. بەم پێوانەیە، کورد لەگەلە خاوەن کلتوورە نزمەکان پۆلێن دەکرێت، چونکە نووسین بەکوردی مێژوویەکی تازەی هەیە، بۆ دوو سێ سەدە لەمەوبەر دەگەڕێتەوەو زیاتریش لەشکڵی شیعردا بووە.

زۆرجار، تاکەکانی ئەو نەتەوانەی سەر بەکلتووری نزمن، هەست بەگرێی خۆ بەکەم زانین دەکەن، بۆیە جۆرێک مەیلی توانەوەیان لەناو گەلانی کلتوور بەرزتردا هەیە. سەدان ساڵ بیریارو شاعیرەکانی کورد، لەجیاتی کوردی بەفارسیو عەرەبییان نووسیوەو دەرەنجام بوونەتە موڵکی ئەو نەتەوانە. کاتێک ئەحمەدی خانیو نالی بەکوردی دەنووسن، بەئاشکرا بەرەوڕووی کێشەی سووک تەماشاکردنی زمانی کووردی دەبنەوە. مەیلی ئەو گرێی خۆ بەکەم زانینە لەشەرەفنامەکەی شەرەفخانی بەتلیسیشدا دەردەکەوێت. بێجگە لەوەی شەرەفنامە بەزمانی فارسی نووسراوە، رەچەڵەکی زۆربەی میرانی کورد دەگێڕێتەوە سەر عەرەبەکان. کاریگەریو رەنگدانەوەی کلتووری باڵاو نزم لەسەر جالیەکانی هەندەران ئاشکراو روونە. بۆ نمونە، لەوڵاتێکی عەرەبیدا، ئینگلیزێک یان فەڕەنسیەک بەهۆی باڵادەستی زمانو فەرهەنگییان، کەمتر مەترسی توانەوەیان لەسەرە بە بەراورد لەگەڵ کوردێک یان ئەفغانیەکدا.

#### سێیەم: زمانی ئاینی

ئەو نەتەوانەی دەقە پیرۆزە ئایینیەکانیانو زمانی ئاخاوتنیان یەکە، زیاتر توانای مانەوەیان هەیە تا نەتەوەیەکی وەک کورد کەزۆرینەی خەڵکەکەی زمانی ئاینیو ئاخاوتنی لەیەکتر جیاوازە. بۆ نمونە جولەکەکانو ئاشووریەکان، سەرەڕای هەزاران ساڵ پەرتەوازەییو ژێردەستەییان، رەچەڵەکی خۆیان بەهۆی زیندوو راگرتنی زمانی عێبریو سریانی، کەزمانی ئایینیانە، پاراستووە. لەبەر ئەوەی دەقە پیرۆزەکانی ئیسلام بەعەرەبین، زۆرینەی تاکی کوردی موسوڵمان بێ بەهرەیە لەسوود وەرگرتن لەو چەکە ئایینیە بۆ پاراستنی زمان و رەچەڵەکی. نمونەیەکی تر، کوردە ئێزیدیەکانی قەفقاسیاو کاکەییەکانی شارە فارسنشینەکانی ئێران، بەهۆی ئەوەی کوردی زمانی پیرۆزی ئایینیانە، لەو کوردە موسوڵمانانەی کە لەهەمان ژینگەدا دەژین زیاتر توانیویانە پارێزگاری لەکلتوورو زمانو ناسنامەی کوردییان بکەن.

#### چوارەم: نەتەوەو دەوڵەت

ئەو نەتەوانەی کەخاوەن دەوڵەتن، کۆمونیتیەکانیان لەهەندەران کەمتر ئەگەری توانەوەیان هەیە لەناو کۆمەڵگا خانەخوێکاندا، تا نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتی وەکو کورد. وڵاتەکان لەڕێگای دەیان کەناڵی رۆشنبیریو دیبلۆماسیو جڤاکیو داراییو ئایینی جۆراوجۆردا پشتگیری کۆمینیتیەکانیان دەکەن لەوڵاتانی تردا. وڵاتانی کەنداو لە رێگای کردنەوەی سەدان مزگەوتو قوتابخانەی عەرەبیو تورکیاش بەکردنەوەی سەدان قوتابخانەو بنکە رۆشنبیریو کۆمەڵایەتی، رێگری لە توانەوەی عەرەبەکانو تورکەکان دەکەن لە ناو کۆمەڵگاکانی هەندەراندا. نەبوونی دەوڵەتێکی کوردستانی سەربەخۆ، بەمانای نەبوونی ئەو پارێزەر و بەرگریکارەیە کە پێویستە بۆ پاراستنی تاکی کورد لە هەندەران، دەرەنجام تاکێکی کورد لە عەرەبێک یان تورکێک زیاتر لەژێر ئەگەری ئەسیمیلەبوون دایە.

### بەکورتی

کوردستانییەکانی هەندەران، کەنزیک لەدوو ملیۆن کەس دەبن، سامانێکی کەم وێنەو پێکهاتەیەکی گرنگی نەتەوەکەمانن. ئەم گەنجینەو پێکهاتە گرنگە لەبەردەم پرۆسەیەکی بەردەوامو بەرنامەڕێژی ئاوێتەبوونو توانەوەدان لەناو گەلانی تردا. گەلی کورد لەهەر نەتەوەیەکی تر زیاتر موعەرەزی توانەوەیە. ئەوەش بەهۆی باکگراوندو تایبەتمەندی خەسڵەتە نەتەوەییەکانمان، نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ کەپاڵپشتو پارێزەر بێت، بێ بەرنامەییو کەمتەرخەمی حکومەتی هەرێم. لە درێژماوەدا کاریگەرییەکانی پرۆسەی ئاوێتەبوون لەناو گەلانی تردا هێندە مەترسیدارن، دەرەنجامەکانی دەکرێت وەک ئەنفالێکی شێنەییو ئارەزوومەندانە تەماشابکرێن.

ئەو نەتەوانەی دەقەپیرۆزە ئایینیەکانیانو زمانی ئاخاوتنیان یەکە، زیاتر توانای مانەوەیان هەیە تا نەتەوەیەکی وەك کورد کەزۆرینەی خەڵکەکەی زمانی ئاینیو ئاخاوتنی لەیەکتر جیاوازە



مۆندیال، هونەرمەندانی سەرقاڵکردووە 10..



# "هۆکارێکی سیاسیو حیزبی، نایەوێت لیژنەی نەزاهە کارابێت"

## حەمە سەعید حەمەعەلی پەرلەمانتارو ئەندامی لیژنەی نەزاهە بۆ دەستوور

**حەمە سەعید حەمەعەلی ئەندامی لیژنەی نەزاهە لەپەرلەمانی کوردستان، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا دانبەوەدادەنێت کەلیژنەکەیان تائێستا بەپێی پێویست کارانییە، دەڵێت زیاتر لە ٥٠ موزەکەرەیان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان ناردووە بەمەبەستی کاراکردنی، هەڕەشەی ئەوەشدەکات ئەگەر بزانن رۆڵیان پێنادرێتو رێگریيان لێدەکرێت، ئەوا هەڵوێست وەردەگرن. حەمە سەعید دەڵێت هۆکارە ئیداریو سیاسیو حیزبییەکان وایکردووە لیژنەی نەزاهە وەکو پێویست رۆڵی خۆی نەبینێت، مەترسی خۆشی لەوە نیشاندەدات کەبەهەمان شێوەی خولی پێشوو راپۆرتەکانی هەردوو دیوانی چاودێری داراییان لێبشارنەوە.**

سازدانی: گۆران وەهاب

**دەستوور:** هاووڵاتیانو بەتایبەت ئەوانەی چاودێری وردی کارەکانی پەرلەمان دەکەن، چاویان زۆر لەلیژنەی نەزاهەی پەرلەمانە بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ گەندەڵیو کارەکانی حکومەتو بەرپرسان بکەن، دەمانەوێت بزانین تائێستا لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان توانیویەتی چی بکات؟ ئایا تائێستا هیچ گەندەڵییەک یان کەموکورییەک ئاشکراکراوە؟

**حەمە سەعید حەمەعەلی:** لیژنەی نەزاهە لەکۆتایی مانگی ١٠ی ساڵی رابردوو پێکهێنرا، لەمانگەکانی ١١و ١٢ی ساڵی رابردووشدا وەک لیژنەی نەزاهە، سەردانی چاودێری دارایی سلێمانیو هەولێرو دادگای ئیداری هەولێرو داواکاری گشتیمان کرد، دواتر پشووی پەرلەمان دەستیپێکردو دواتریش گفتوگۆی بودجە ماوەیەکی زۆری خایاند، ئەوانە هەمووی لەڕووی تەکنیکیو کاتو ئیدارییەوە سەرقاڵیکردین، بەڵام هۆکارە سەرەکییەکان ئەوەبوو دەبوایە دەستەی نەزاهە پێکبهاتایە کەپرۆژە یاساکەی لەلایەن حکومەتەوە نێردراوەتە پەرلەمان، دەستەی نەزاهە دیوی تەنفیزی لیژنەی نەزاهەیە، ئێمە دیوی چاودێریو تەشریعیو بەدواداچوونین، ئەو دیوی تەنفیزیەو سەردانی فەرمانگەکان دەکاتو راپۆرت کۆدەکاتەوە، دەبوایە دیوانی چاودێری دارایی سلێمانیو هەولێر یەکیانبگرتایەتەوەو بەیاسا نوێیەکە کاریانبکردایە، بەڵام بەداخەوە یەکیاننەگرتووەتەوە، ئەوەش هۆکارێکە بۆ کارانەبوونی یان ئەوەی لیژنەکەی ئێمە بتوانێت راپۆرتی دەستبکەوێت، لەخولی پێشووی پەرلەماندا کۆمەڵێک راپۆرت بۆ پەرلەمان نێردراوەو لەم خولەشدا هەندێک راپۆرت نێردراوە، بەپێی قسەی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی، ئەو راپۆرتانەمان پێنەگەیشتووە، دەبێت راپۆرتەکان لەدیوانی چاودێری داراییو دەستەی نەزاهەو داواکاری گشتیو دادگاوە پێمانبگات، ئەو راپۆرتانە بەئێمە نەگەیشتووە، راپۆرتێک لەسەر گەندەڵی دەستمانبکەوێتو بەدواداچوونی بۆ بکەین، خاڵێکی تریش ئەوەیە تائێستا هۆکارێکی سیاسیو حیزبی هەبووە کەوەکو پێویست لیژنەی نەزاهە نەویستراوە کارابێت، لەبەرئەوە ٥٠ موزەکەرەمان داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمانو دوو سێجار لەگەڵ سەرۆکی پەرلەماندا کۆبوونەوەمان کردووە، لەدوادانیشتنو دوا موزەکەرەماندا، جەختمان لەسەرئەوە کردەوە ئەگەر لیژنەی نەزاهە ئاوابڕوات کارانابێتو رۆڵی خۆی نابینێت، لەدواجاردا سەرۆکی پەرلەمان بەڵێنی پێداین کەهەموو هاوکاریەکمان بکات بۆئەوەی لیژنەی نەزاهە کارابێت، هەموو پێداویستییەکانمان بۆ دابینبکات چ لەڕووی ئیداریو هونەریو لەڕووی راپۆرتەکانەوە پێمانبدرێت، داوامانکرد هەردوو دیوانی چاودێری دارایی یەکبگرێتەوەو دەستەی نەزاهە پێکبهێنرێت تالیژنەی نەزاهە کارابێت، بەڕاستی ئێمە هەرکەسێک جا هاووڵاتی یان کارمەند بێت یان خۆمان لەکەناڵەکانی راگەیاندنەوە هەر حاڵەتێکی گەندەڵی بەدیبکەین بەدواداچوونی بۆ دەکەین، بەدواداچوونیشمان بۆ دوو سێ کەیس کردووە، بەڵام شتەکان سادەبوونو شتی شەخسی بوون، دیارە ئەم هۆکارە ئیداریو سیاسیو حیزبیانە وایکردووە لیژنەی نەزاهە وەکو پێویست رۆڵی خۆی نەبینێت، ئەم چەند مانگەش زووە لەسەر حوکمدان بۆئەوەی لیژنەی نەزاهە کارادەبێت یان نا ئەوە ئایندە دەریدەخات، ئەگەر لەئایندەدا رۆڵ نەبینرا، ئەوا هەڵوێستی خۆمان دەبێت.

**دەستوور:** هەندێک گومان لەکارەکانی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان هەیە، بەوەی رەنگە نەتوانێت بەپێی خواستی هاووڵاتیانو پێویستی ئەرکەکانیان بجوڵێنەوە؟ هەستناکەیت تائێستا بەپێی پێویست دەرنەکەوتوون؟

**حەمە سەعید حەمەعەلی:** ئێمە قبوڵی ناکەین هیچ کۆسپێک بخرێتە بەردەم کاری لیژنەی نەزاهە، هیچ لەمپەرو فشارێک ببێتە مایەی ئەوەی لیژنەی نەزاهە کارانەبێت، سەرۆکی لیژنەی نەزاهەو ئەوانەشی لەلیستی ئۆپۆزیسیۆنن، هەموومان یەکدەنگو هاوڕاین کەدەبێت لیژنەی نەزاهە کارابێتو رۆڵی خۆی ببینێت، بەپێی یاساو لائیحەی خۆی بەدواداچوون بکات بۆ هەموو ئەو کەیسانەی دێتە بەردەستی، هەر فشارو کۆسپێکی حیزبی لەسەرمان بوو، قبوڵی ناکەینو بۆ رای گشتی بڵاودەکەینەوە.

**دەستوور:** لەکوردستاندا گەندەڵیو ناشەفافیەتێکی زۆری بودجە هەیە، چ لەپرۆژەکان چ لە دامودەزگاکاندا، ئەمە قسەی خودی بەرپرسە حیزبییەکانە، کەدانیان بەگەندەڵیدا ناوە؟ پێتوانییە دەبوو ئێوە دەمێک بێت هەندێک شتتان ئاشکرابکردایە؟

**حەمە سەعید حەمەعەلی:** لەم قۆناغەدا کاتێک پرۆژە یاسای بودجە هاتە ناو پەرلەمان ئۆپۆزیسیۆن رۆڵێکی باشی بینی لەشەفافبوونو ئاشکراکردنی هەندێک مەسائیلدا، بەڵام هێشتا سەرچاوەکانی داهاتو سەرف وەکو پێویست شەفافنینو هەندێک پرۆژە گشتگیر(عمومیاتی)ی تێدایە، بەڵام هەرچۆنێک بێت لەم قۆناغەدا هەنگاونراوە.

**دەستوور:** ئایا پێتوایە بتوانن لێکۆڵینەوە لەگەندەڵی بەرپرسان بکەنو راپێچی پەرلەمانیان بکەن؟

**حەمە سەعید حەمەعەلی:** گەشبینم، پێشموایە هەر کەیسێک بەپێی یاساو بەڵگە لەسەر هەر بەرپرسو دەزگاو وەزارەتێک ئاشکرابوو، بەڵێ ئیجرائاتی خۆمان دەکەینو بەدواداچوون دەکەینو رێوشوێنی یاسایی دەگرینەبەر.

**دەستوور:** یەکێتیو پارتی تائێستاش ململانێیان لەحکومەتو دامودەزگاکاندا هەیە، لەهەمانکاتدا سەرۆکی لیژنەی نەزاهە یەکێتییە کەزۆرێک پێیانوایە بۆ ئەمڕۆی کوردستان گرنگترین لیژنەیە، چونکە گەندەڵی زۆرە؟ هیچ گرەنتییەک هەیە بتوانن سبەی بەرپرسێکی پارتی یان وەزیرێکی ئەو حیزبە بەهۆی گەندەڵیو کەموکورییەوە بهێننە پەرلەمانو گەندەڵییەکانی ئاشکرابکەن؟

**حەمە سەعید حەمەعەلی:** بەڵێ بەپێی دۆکۆمێنتو بەپێی یاسا ئەگەر بچەسپێت، هەرکەسێک بێتو لەهەر ئاساتێکدا بێتو سەربەهەر حیزبێک بێت دەیهێنینە پەرلەمان، چونکە ئێمە لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی نەزاهەو جێگرەکەیو یاریدەدەرەکەی لەیەکەم رۆژەوە پێمانڕاگەیاندوون دەبێت پرۆفیشناڵی کاربکەین، هەموومان شەخسیەتو ئۆپۆزیسیۆنبوونی خۆمان لەم لیژنەیدا لەدەستنەدەینو نەیخەینە ژێر پرسیارەوە، لێپرسراویەتێکی گەورە لەئەستۆماندایە، بۆیە هەرکەسو دەزگایەک لەهەر ئاستێکدابێتو سەربەهەر حیزبێک بێت بەپێی بەڵگەو یاسا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین.

### بردنەدەرەوەی نەوت شەفافییەتی تێدانییە، دەبێت لیژنەکانی نەزاهە، سامانە سروشتییەکان، دارایی، یاساییو خودی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش قسەی لەبارەوە بکەن

**دەستوور:** لیژنەکەتان پشت بەچی دەبەستێت لەبەدواداچوونو راپۆرتەکانتاندا؟

**حەمە سەعید حەمەعەلی:** لیژنەی ئێمە چەند جۆرێکە، جۆرێکیان ئەگەر لەرێگەی راپۆرتی دیوانی چاودێری داراییەوە یان لەڕێی دەستەی نەزاهەوە یان لەرێگەی داواکاری گشتیو دادگای گشتییەوە، کەراپۆرتێکمان بۆ بێت لەسەر کێشەیەکی گەندەڵی دارایی یان ئیداریی، ئێمە بەدواداچوون بۆ ئەو ئیشە دەکەین کەدێتەبەردەستمان، هەروەها ئەگەر لەسەرۆکایەتی پەرلەمانەوە راپۆرتێک ئاڕاستەی ئێمە بکرێت بەدواداچوونی بۆ دەکەین، یان ئەگەر لەڕێی هاووڵاتییەکە یان راگەیاندنێکەوە کەیسێکمان بۆ بێت بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسە دەکەین، خۆشمان جارجار سەردانی هەندێک وەزارەتو دامودەزگا دەکەین کاتێک گومانێکمان هەبێت ئەوکاتە وردبینی خۆمان دەکەین، ئەگەر شتێکمان بۆ دەرکەوت بەپێی رێوشوێنی یاسایی خۆمان ئیجرائات دەکەین.

**دەستوور:** لەکاتی سەردانەکانتاندا بۆ وەزارەتو دامودەزگاکان هیچ کات هەستانکردووە رێگریتیان لێبکرێت لەپێدانی زانیاریدا؟

**حەمە سەعید حەمەعەلی:** تائێستا سەردانمان نەکردوون، لەبەر ئەو هۆکارانەی پێشتر باسمکرد، ئەگەر رێگریشمان لێبکرێت لەپێدانی زانیاریەک کەخۆمان دڵنیابین، بەپێی رێوشوێنی یاساو ئیدارییو ئسوڵیو لەڕێی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانو پەرلەمانەوە مامەڵەی خۆمانی لەگەڵدا دەکەین، ئەگەر ئەوەش نەبوو بۆ رای گشتی ئاشکرادەکەین.

**دەستوور:** لەڕاپۆراتێکیدا رێکخراوی ئاسکدا دەڵێت سەرۆکایەتی پەرلەمان راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی پشتگوێدەخەن، بەجۆرێک لەجۆرەکان ئاماژە بەوەدەدات کەراپۆرتەکان لەپەرلەمانتاران دەشارنەوە؟ ئەوە کاریگەری نابێت بۆ ئیشی ئێوە؟

**حەمە سەعید حەمەعەلی:** لەخولی پێشووی پەرلەماندا هەموو راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی، کە ٢٥٥٧ راپۆرت بوو بەپێی وتەی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی لەسەرۆکایەتی پەرلەمان بوو، نەدرابوو بەلیژنەکانی داراییو یاساییو نەئەندامانی پەرلەمان، لەم خولە نوێیەشدا تائێستا هیچ راپۆرتێک نەدراوە بەلیژنەی نەزاهەو پەرلەمانتاران، داواشمان لەپەرلەمانکردووە چ راپۆرتێکیان لەلایە بیدەن بەلیژنەی نەزاهە، لەلایەن سەرۆکایەتی حکومەتو پەرلەمانەوە هیچ راپۆرتێک بەلیژنەکەمان نەداوە، ئیتر پاساوەکە هەیە یان نییە، ئەوە خۆیان دەزانن بێگومان ئەو راپۆرتانەی بۆ سەرۆکایەتی حکومەت یان پەرلەمان دێت، ئەگەر ئەوان نەیدەن بەئێمە، بێگومان ئیشوکارەکانی ئێمە پەکدەخات، دەبێتەهۆی ئەوەی ئێمە نەتوانین رۆڵی خۆمان ببینین. مەسولیەتەکەشی دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان، ئەگەر گومانمان لەشتی لەو شێوەیە بێت، داوایدەکەین، ئەگەر نەشماندرایە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان داوای خۆمان دەکەین، ئەگەر نەشبوو رای گشتی لێئاگاداردەکەینەوە.

**دەستوور:** ئەوە بەسانسۆر نازانیت لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان لەسەر کارەکانتان؟

**حەمە سەعید حەمەعەلی:** تائێستا ئەوە کراوەن ئەوە مەسەلەیەکی گرنگە، چونکە لەخولی پێشوودا ٢٥٥٧ راپۆرت لای سەرۆکی پەرلەمانی پێشوو بووە، تائێستا ئەگەر راپۆرت هەبێتو لای سەرۆکایەتی پەرلەمان بێتو نەیدات بەلیژنەکان بەتایبەت لیژنەی نەزاهە، ئەوە سانسۆرەو کەمکردنەوەی رۆڵی لیژنەکانو خودی پەرلەمانیشە، پەرلەمان بەچی کارادەبێت؟ بەلیژنەکانی کارا دەبێت، بەڕاستی کارابوونی پەرلەمان بەستراوە بەکارابوونی لیژنەکانەوە، هەر راپۆرتێک یان هەر شتێک پەیوەندیداربێت بەلیژنەکانەوەو سەرۆکایەتی پەرلەمان لێیان بشارێتەوە ئەوە بۆ خودی سەرۆکایەتی پەرلەمانو پەرلەمانتارانو لیژنەکان کاریگەری خراپی دەبێتو پێموایە موخالەفەی لائیحەو یاسایشە.

**دەستوور:** گومان لەوەناکەن ئەو راپۆرتانەی دیوانی چاودێری دارایی، لەلایەن حیزبەوە فەرمان بەسەرۆکایەتی پەرلەمان کرابێت بۆ شاردنەوەی لەپەرلەمانتاران؟

**حەمە سەعید حەمەعەلی:** بۆ خولی رابردوو راپۆرت هەبووە بڕوام هەیە، بەڵام بۆ ئەم خولە گومانم هەیە راپۆرت هەبێت، ئەگەر هەبێتو نەیدات ئەوە پێچەوانەی یاساو لائیحەیەو بێگومان لەژێر کاریگەریو هەژموونی حیزبیدایە.

**دەستوور:** هەندێک دەڵێن گرنگترین شت دەبوو لیژنەی نەزاهە بەدواداچوونی بۆ چۆنییەتی ناردنە دەرەوەی نەوتو وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بکردایە، چونکە تائێستا چۆنییەتی ناردنە دەرەوەی نەوتو گرێبەستەکان روون نین، چیتان لەوبارەیەوە کردووە؟

**حەمە سەعید حەمەعەلی:** بردنەدەرەوەی نەوت پەیوەندی بەلیژنەی داراییو سامانە سروشتیەکانو لیژنەی یاساییو لیژنەی نەزاهەوە هەیە، بەڕاستی پەیوەندیشی بەخودی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە هەیە، دەبێت هەموو فراکسیۆنو لیژنەکانو سەرۆکایەتی پەرلەمان بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلەیە بکەن، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی گرنگەو ناشەفافی تێدایە، داهات بەگشتیو داهاتی نەوت بەتایبەتی، بوارێکی زۆر گرنگو بەرفراوانە بۆ گەندەڵیو بەفیڕۆدانی سەروەتو سامان.

**دەستوور:** سەرۆکی لیژنەی نەزاهە دەڵێت تائێستا ژمارەیەکی ئەوتۆ لەبەڵگە نەخراوەتە بەردەست ئەوان تا بەدواداچوونی لەسەر بکەن؟

**حەمەسەعید حەمەعەلی:** تائێستا راپۆرتو بەڵگەنامە نەخراوەتە بەردەست ئێمە، تابتوانین کاری لەسەربکەینو بیکەین بەبنەما بۆ کارکردنمان.

**دەستوور:** ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە دەستی لیژنەکەی ئێوە بەسترابێت؟

**حەمە سەعید حەمەعەلی:** بێگومان ئەگەر بەڵگەو راپۆرتو کەیس هەبێتو نەدرێت بەلیژنەی نەزاهە، بێگومان ئەمە ئیفلیجکردنو کارانەکردنی لیژنەی نەزاهەیە، بەستنەوەی دەستی لیژنەی نەزاهەیە، مەسولیەتەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەستۆی سەرۆکایەتی پەرلەمان، پێموایە حکومەتو دەسەڵاتو فەرمانڕەوایانو سەرۆکایەتی پەرلەمان زیانی لێدەکەن.

> هەر فشارو کۆسپێکی حیزبی لەسەرمان بێت، قبوڵی ناکەینو بۆ رای گشتی بڵاودەکەینەوە

www.arsivakurd.org

# گەردەلوول چاوەڕوانی بودجەیە

دەستوور

دەرهێنەری درامای گەردەلوول بەدەستووری راگەیاند، سیناریۆی بەشی سێیەمی گەردەلوول تەواوبووەو چاوەڕوانی بودجەن تادەستبەکارەکانی بکەن.

جەلیل زەنگەنە دەرهێنەری درامای گەردەلوول بەدەستوری راگەیاند، «سیناریۆی درامای گەردەلوول تەواوبووەو لە ٦٠ ئەڵقە پێکهاتووەو ئەمجارەش لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا کاری وێنەگرتنی ئەنجامدەدرێت».

دەرهێنەری درامای گەردەلوول وتی «گۆڕانکاری لەئەکتەرەکاندا دەکرێتو ئەو ئەکتەرانەشی کەکاتی خۆی بەشداربوون لەبەشی یەکەمو دووەم، لەبەشی سێیەمدا تێکەڵدەبنو ئەکتەری تازەتر دێتە ناو دراماکەوەو ئەکتەریش هەیە رۆڵ نابینێت یان رۆڵەکەی کەمدەبێتەوە».

زەنگەنە وتی «چاوەڕوانی بودجەین بۆی ئامادەبکرێت، تادەستبەکارەکانی بکەین».



# بەگۆرانییەک خۆشەویستەکەی پەشیمانکردەوە

دەستوور

هونەرمەندی لاوی شاری دهۆک فەرهەنگ جەمیل ناسراو بەفەرهەنگ جان گۆرانی «بارگرانە»ی کلیپکرد، بەهۆیەشەوە دوای ئەوەی خۆشەویستەکەی خیانەتی لێکردبوو، پەشیمانبووەوە.

بارگرانە ئاوازو هۆنراوەو دابەشکردنیشی فەرهەنگ خۆیەتیو کلیپەکەش لەدهۆک ئامادەکراوە، کۆمپانیای ئەلئەسمەری هاوکاری کردووە لە بەئەنجامگەیاندنی، گۆرانیەکەشی بەزمانی بادینی وتووە.

فەرهەنگ بەدەستووری وت «ئەم گۆرانیەم بۆ کچێک وتووە کەپێشتر خۆشمویستووە، بەڵام کچەکە خیانەتی لێکردووم، دوای پەخشکردنی گۆرانیەکەشم پەشیمانبووەوە، بەڵام تازە پەشیمانی دادی نەداتو منیش لەبڕیاری خۆم پەشیمان نابمەوە».



# زاگرۆسو هاوڕێکانی هۆڵەندایان تازەکردەوە

دەشتی ئەنوەر

شانۆگەری (هۆڵەندای تازە) لەلایەن گروپی بێسنوورەوە لەوڵاتی هۆڵەندا بە بەشداری چەندین شانۆکاری بیانی نمایشکراو، لەبەرنامەیاندایە شانۆکانیان بهێننەوە کوردستان.

لەهەفتەی رابردوودا زاگرۆس جەبار تەمەن ٢٢ ساڵ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا پێکەوە چەند شانۆگەریەکیان بەناوی (هۆڵەندای تازە) لەچەند شوێنێکی جیای وڵاتی هۆڵەندا نمایشکرد، شانۆگەریەکانیش بەناوی (Huis van Puck) و (Podium en Filmtheater) (Pierrot) و (Gigant) و (Zuidplein) ئەم شانۆگەریانەش بۆ بینەرانی کوردو هۆڵەندیو عێراقیو نەتەوەکانی تریش نمایشکراون.

زاگرۆس جەبار لەبارەی شانۆگەری هۆڵەندای تازە، بەدەستووری وت «ئەم شانۆگەرییە باسی لەمرۆڤە نامۆکان دەکرد کەخۆیان لەپانتایەکی تازەدا بینیبێتەوە کەهەوڵی ئەوە بدەن لەگەڵ کلتووری ئەو شوێنەدا خۆیان بگونجێننو لەگەڵ ئەوەشدا تووشی کۆمەڵێک گرفت دەبن بەهۆی جیاوازی فەرهەنگو دینو کۆمەڵگاوە».

دەربارەی تیپە شانۆییەکەیان زاگرۆس وتی «دەرهێنەرو شانۆکار بەکۆ سۆران لەساڵی ٢٠٠٩ ئەم گروپەی بۆ ئێمە دروستکردووە بە ناوی گروپی شانۆی بێ سنوور کەمەبەستی بەزاندنی سنورەکانە».

هەموو ئەکتەرەکانی گروپە شانۆییەکەیەی زاگرۆس کورد نین، بەڵکو هۆڵەندیو نەتەوەکانی تریشیان تێدایە، بەزمانی کوردیو هۆڵەندی شانۆگەرییەکان نمایشدەکەن».

سنووری کارکردنی ئەم گروپە تائێستا لەناو وڵاتی هۆڵەندا بووە، زاگرۆس وتی «ئەگەر بوارمان بۆ برەخسێت دەچینە وڵاتانی تریش بۆ نمایشکردنی شانۆگەریەکانمانو نیشاندانی فەرهەنگی کوردی».

دەربارەی پرۆژەی داهاتوویان زاگرۆس بەدەستووری راگەیاند «شانۆگەری داهاتوومان چیرۆکێکی راستەقینەیەو ماوەیەکی زۆر لەمەوپێش روویداوەو ئێمەش دەیکەینە شانۆ، هەروەها بیرۆکەیەکمان بۆ هاتووە کە لەداهاتوودا شانۆگەریەکمان ببەینەوە خاکی خۆمان کەکوردستانی خۆشەویستە».

# دەروێش، سلێمانی دەگەڕێنێتەوە ساڵی حەفتاکان

ژەنیار لەهەولێر

ئەرسەلان دەروێش دەرهێنەری بواری شانۆو دراما، ئامادەکاری بۆ دەرهێنانی زنجیرە درامایەکی تەلەفزیۆنی لەبارەی شاری سلێمانییەوە دەکات، کە بە ٧٥ ئەڵقە لەسێ بەشدا بەرهەمی دێنێت.

ئەرسەلان دەورێش بەدەستووری راگەیاند "ئێستا لەگەڵ هونەرمەند دڵشاد مستەفا سەرقاڵی نووسینی سیناریۆی زنجیرە درامایەکین لەبارەی شاری سلێمانییەوە".

دەروێش وتی "ئەم بەرهەمە باس لەلایەنی کۆمەڵایەتی، رۆشنبیریو سیاسی ساڵانی حەفتاکان لەسلێمانی پایتەختی رۆشنبیری کوردستان دەکات، لەرێگەی چیرۆکی خۆشەویستییەکی داستانی ئەو سەردەمەوە".

دەروێش ئەوەشی راگەیاند "بڕیاروایە ژمارەیەکی بەرچاوی ئەکتەرو تەکنیکارانی کورد لەو بەرهەمەدا بەشداربن".





**تەرازوو** (٢٢ ئەیلول - ٢٢ ت. یەکەم)

ئەم هەفتەیە هەفتەیەکی زۆر باشە لەو رووەوە کەدەتوانی رۆح بکەیتەوە بەبەری پەیوەندییەکی کۆنی سۆزداریتدا، لەو ماوەیەدا هەریەک لەئێوە کۆمەڵێک شتتان لەسەریەکتر بۆ دەرکەوتووە، ئەوەش دەبێتە هۆکارێکی باش بۆ دانوستاندن.



**دوپشک** (٢٣ ت. یەکەم - ٢١ ت. دووەم)

بە قوڵی بیر لەشتەکان بکەرەوە، چونکە هەفتەیەکی باشە بۆ بیرکردنەوە. جەستەت بەوەرزشکردنو مێشکت بەفێربوونی شتی نوێ لەبوارەکەی خۆتدا بەرەو پێش ببەو بیانپارێزە.



**کەوان** (٢٢ ت. یەکەم - ٢٠ ک. یەکەم)

بەرەو رووی هەندێ زەحمەتی دەبیتەوە لەتەرکیزکردندا، هەندێ کێشەی تایبەتیت وات لێدەکەن کەنەتوانی وەک جاران لەسەرخۆبیتو بەباشی کارەکانت بکەیت، هەوڵبدە چەند جارێک بەتەنها بچیتە دەرەوە، چونکە سوودی زۆری بۆت هەیە.



**گیسک** (٢١ ک. یەکەم - ١٩ ک. دووەم)

هەفتەیەکی پڕ چێژ بەسەر دەبەیت بەتایبەت لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەتدا کەدێنو بەشەوو بەرۆژ سەردانت دەکەن، بەڵام پێویستە ئاگات لەنیازی هەندێکیان بێت، چونکە پێناچێت هەموان حەز بەدڵخۆشی تۆ بکەن.



**سەتڵ** (٢٠ ک. دووەم - ١٨ شوبات)

ئەم چەند رۆژە زۆر سەرقاڵ دەبیت، چونکە پێویست دەکات لەگەڵ چەندین کەسدا قسەو وتووێژ بکەیت لەبارەی مەسەلەکانەوە، بەڵام سوودی زۆریشی دەبێت لەرووی کارو ژیانی تایبەتیشەوە.



**نەهەنگ** (١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

ئەم هەفتەیەت پڕ دەبێت لەسەرکێشیو موفاجەئە، لەرووی داراییشەوە دۆخت باش دەبێت. دڵخۆشییەکانت دەبنە هۆی ئەوەی کەسانی دەوروبەریشت بەهۆی تۆوە کامەران بن، پێویستە بەباشی لەگەڵ خۆشیەکان بژیت.



# مۆندیال، هونەرمەندانی سەرقاڵکردووە

## محەمەد رەئوفو شوان عەتوفو جەلیل زەنگەنەو هەواڵ عوسمان هاندەری بەڕازیلن، عەبدولی حەمەجوان ئینگلتەراو بەیان زەریفیش هاندەری ئیتاڵیایە

**دەشتی ئەنوەر**

**هونەرمەندان کاتی تایبەت بۆ سەیرکردنی یارییەکانی مۆندیال تەرخاندەکەن، هەندێکیشیان دەڵێن تەنها سەیری هەڵبژاردەکەی خۆیان دەکەن، ئاماژە بەوەشدەکەن تووشی توڕەبوونو دەنگەدەنگ بوون لەکاتی یارییەکاندا.**

### تۆپی پێ محەمەد رەئوفو کوڕەکەی لەیەکتر زیز دەکات

محەمەد رەئوف کەرکوکی گۆرانیبێژ دەڵێت «لەگەڵ دەستپێکردنی مۆندیالدا هەموو کاتەکانم بۆ سەیرکردنی مۆندیال تەرخانکردووە، مەگەر تەنها ئیشێکی زۆر پێویستم هەبێت سەیریی یارییەکان نەکەم، ئەگینا سەیریی هەموو یارییەکان دەکەم».

کەرکوکی وتی «زۆر حەزم لەهەڵبژاردەی بەڕازیلەو هەمیشە سەیریی یارییەکانیان دەکەم».

محەمەد رەئوف ئەوەشی نەشاردەوە کوڕە بچوکەکەی هاندەری هەڵبژاردەی ئەرجەنتینە، چەند جارێک لەخولی ئیسپانیدا لێک عاجزبوون، ئەویش بەهۆی ئەنجامەکانی ریاڵ مەدریدو بەرشەلۆنە لەخولی ئیسپانیادا، بەڵام دوای ماوەیەک دیسانەوە ئاشتبوونەتەوە.

### عەبدولی حەمەجوان بەڕادیۆ گوێی لەمۆندیال گرتووە

عەبدولی حەمەجوانی ئەکتەر ئاماژەی بەوەدا لەساڵی ١٩٦٦ تاوەکو ئێستا بەردەوام سەیری هەموو مۆندیالەکانی کردووە، ئەویش بەهۆی ئەوە بوو لەو ساڵەدا لەبەغداد خوێندکاری ئامادەیی بووە، سەردانی چایخانەیەکی کردووە یەکەم یاریش کەبینیویەتی ئینگلتەرا بوو، بۆیە لەدوای ئەو یارییەوە خۆشەویستیی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا لەناخیدا دروستبوو.

حەمەجوان وتی «لەساڵی ١٩٧٠ لەبەرئەوەی تەلەفریۆنمان نەبوو، ناچار بەڕادیۆ گوێم لەیارییەکان دەگرت، کەهاواری دەکرد ئەو یاریزانە گوڵی کرد یان نا، لەخەیاڵی خۆمدا شێوازی یارییەکەم هێنابووە بەرچاوم».

حەمەجوان باس لەبارودۆخی خێزانەکەیان دەکات لەکاتی مۆندیالدا، دەڵێت «لەماڵەوە بەس من لایەنگری هەڵبژاردەی ئینگلتەرام، ئەوانی تریش هەموویان لایەنگری بەڕازیلن، کاتێکیش لە ٢٠٠٦ هەڵبژاردەی بەرازیل دۆڕا بەرامبەر فەڕەنسا، کردم بەخۆشیو هاوارو گۆرانیوتن».

### شوان عەتوف بۆ بەڕازیل دەگری

هونەرمەند شوان عەتوف بەدەستووری وت «لایەنگری هەردوو هەڵبژاردەی ئینگلتەراو بەڕازیلم، ئەگەر بەرازیل لەکۆتایدا بدۆڕێت، ئەوا دەچمە سەر شەقامەکانو دەگریم».

دەربارەی ئەو ئەنجامەی ئینگلتەرا لەیەکەمین یاریدا بەدەستیهێنا، شوان وتی «بەڕاستی یەکسانبوونی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا لەگەڵ ئەمریکا کاری لێکردمو زۆرم پێناخۆشبوو، ئینشەڵڵا ئەنجامەکانی تری باشتر دەبن».

شوان سەبارەت بەتوڕەبوونو ئاشتبوونەوەکانی لەکاتی یارییەکانی مۆندیالدا، وتی «زۆرجار لەگەڵ باوکمدا دادەنیشم ئەو لایەنگری هەڵبژاردەیەکی بەهێزەو منیش هەڵبژاردەکەی خۆم، هەروەها لەگەڵ هاورێ کوڕو کچەکانیشمدا زۆرجار بەهۆی یارییەکانی مۆندیالەوە زیز بووین، بەڵام ئاشتبووینەتەوە، ئەگەر بەڕازیل بدۆڕێت، ئەوا زۆر زۆر بیتاقەت دەبم».

### بەیان زەریفی هاندەری ئیتاڵیایە

بەیانی زەریفی هونەرمەند دەربارەی مۆندیال بەدەستووری وت «زۆرم حەز لەوەرزشو وەرزشکردنە، بەڵام وەکو یاری تۆپی پێ لەساڵی ٢٠٠٦ وە سەیری یارییەکانی مۆندیال دەکەمو لایەنگری هەڵبژاردەی ئیتاڵیام».

بەیان ئەوەشی وت «ئەگەرچی ناوی هیچ کام لەیاریزانەکانی ئیتاڵیا نازانم، بەڵام لەبەرئەوە ئیتاڵیا وڵاتێکی خۆشو هونەریشە بۆیە ئەوەندەی تر حەزم لێیەتی».

بەیان نەیشیاردەوە وتی «من زۆر حەزم لەیاری جومناستیکەو زۆرکات سەیری ئەو یارییە دەکەم، بەڵام ئینشائەڵڵا ئەم ساڵیش هەڵبژاردەی ئیتاڵیا جامەکە دەباتەوە».

### جەلیل زەنگەنە، حەزدەکات میسی یەکەم بێتو بەڕازیلیش بیباتەوە

هونەرمەند جەلیل زەنگەنە دەرهێنەری فیلمی گەردەلوول بۆ دەستوور ئاشکرایکرد لەساڵی ١٩٦٠ سەیری یاری دەکاتو لایەنگری هەڵبژاردەی بەڕازیلە، ئەویش لەبەر بیلی، بەڵام ئێستا لەبەر میسی زۆر حەزی لەئەرجەنتینە، وتی «ئەگەر بەڕازیلو ئەرجەنتین بەر یەکتری کەوتن، ئەوا حەزدەکەم یەکەمی جیهان میسی بێتو بەڕازیلیش بیباتەوە».

زەنگەنە وتی «هەرگیز یادگارییەکانی مۆندیالم بیرناچێتەوە کە بەمنداڵی هەمبوو لەگەڵیدا، چونکە لەماڵەوە دەچووین بۆ چایخانەو لەوێ سەیرمان دەکرد، بەڵام لەبەرئەوەی کەئێمە منداڵ بووین، رێگەیان نەدەدا بچین سەیری یارییەکان بکەینو ناچار لەسوچێکەوە سەیری یارییەکانمان دەکرد».

### هەواڵ عوسمان، تەنها سەیری یاری بەڕازیل دەکات

هونەرمەند هەواڵ عوسمان کەرۆڵی ژاڵەی دەبینی لەفیلمی گەردەلوولدا وتی «ئەگەرچی زۆر سەیری یارییەکانی مۆندیال ناکەم، بەڵام بەگشتی لایەنگری هەڵبژاردەی بەڕازیلمو ئەو وڵاتەم خۆشدەوێت».

هەواڵ وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات بەباشی هەموو یاریزانەکانی هەڵبژاردەی بەڕازیل ناناسێت، بەڵام هەموویان زیرەکنو هەمیشە بەڕازیل بەباشترین تیپی تۆپی پێ ناسراوە.

هەواڵ بەدەستووری وت «زۆرحەزم لەیارییەکانی تۆپی پێ نییە، بەڵام لەبەرئەوەی هەڵبژاردەی بەڕازیلم لا خۆشەویستە لەو کاتانەدا کەیاری دەکات، سەیری دەکەم».



**کاوڕ** (٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

هەندێ کاتی ئەم هەفتەیە هەڵچوونت پێوە دیار دەبێ، بەڵام کەسانی دەوروبەرت هەست بەهەڵچوونەکانت ناکەن. بیرت نەچێت کەپێویستە رێگە بەسۆزەکان بدەیت کاریگەرییان لەسەرت هەبێت، ئەگەرنا تەندروستیت بەرەو خراپی دەچێت.



**گا** (٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

ئەم هەفتەیە یاخود هەفتەی داهاتوو پێویستدەکات چەند بڕیارێک بدەیت کەکاریگەریی زۆریان لەسەر باری داراییت بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دەبێت، ئەم هەفتەیە کاتی باشت دەبێت بۆ گەڕانو گەشتکردن، بەباشی بەکاریان بهێنە.



**دووانە** (٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

پێدەچێت هەندێک گۆڕانی گەورە لەژیانتدا روودەدەن. ئاگات لەخۆت بێت نەبیتە لایەن لەهیچ رووبەڕووبونەوەیەکدا. رەوتی هەسارەکان ئامۆژگاریت دەکەن کەزوو توڕە نەبیتو هیچ بڕیارێک لەخۆوە نەدەیت.



**قرژاڵ** (٢١ حوزەیران - ٢٢ تەموز)

لەوانەیە بانگهێشتی نانخواردنێک، پێشهاتی چاوەڕواننەکراوی لێبکەوێتەوە لەڕووی سۆزدارییەوە. دەبیتە جێی سەرنجی کەسانی دەوروبەرتو هەست بەدڵخۆشی دەکەن، بەڵام پێویستە ئاگات لەهەڵسوکەوتەکانت بێت.



**شێر** (٢٢ تەموز - ٢٢ ئاب)

هەفتەیەکی باشە بۆ خۆسەرقاڵکردن بەکاروبارە بازرگانییەکانتەوە، زۆرینەی شتەکان بەدڵی تۆ دەبن. لەڕووی سۆزدارییەوە چەند ساتێکی خۆش چاوەڕێتنو دەتوانی سوود لەئەزموونی کەسانی دەوروبەرت وەرگریت لەوبارەیەوە.



**فەریک** (٢٢ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

لەڕووی سۆزدارییەوە پێشکەوتنی بەرچاوت بەخۆوە بینیوە، ئێستا دەزانیت خۆت کێیتو چیت دەوێ. زیاتر بڕۆرە دەرەوەو بگەڕێ، هەوای پاک سوودی زۆری بۆت هەیەو پێویستە وەرزشکردنیش لەبیر نەکەیت.



نارەزایەتییەکانی ریفۆرمی خوێندنی باڵا لەهەولێرەوە دەستپێکرد.

# ریفۆرمەکانی خوێندنی باڵا، مامۆستایانی زانکۆ نیگەراندەکات

## زیاتر لە ١٣٠ مامۆستای زانکۆ یاداشتنامەیەکی ناڕەزایەتی ئاڕاستەی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەکەن

دەستوور لەهەولێر

ریفۆرمی سیستمی خوێندنی باڵا نارەزایی مامۆستایانی زانکۆی لێدەکەوێتەوەو هەڕەشەی خۆپیشاندان دەکەن، بەرپرسانی وەزارەتی خوێندنی باڵاش ئاماژە بەوە دەدەن پێداچوونەوە بۆ بڕیارەکان دەکرێت.

زیاتر لە ١٣٠ مامۆستا لەزانکۆی سەلاحەدین لەیاداشتێکدا کەکۆپییەکی نێردراوە بۆ دەستوور نارەزایی خۆیان دەردەبڕن‌و داوای پێداچوونەوە بۆ ئەو بڕیارانە دەکەن، کەوەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ گۆڕانکاریکردن لەسیستمی خوێندنی دکتۆرادا ئەنجامی داوە.

لەیاداشتەکەدا هاتووە «لەپرۆژەی ریفۆرمی خوێندنی دکتۆرا، کۆمەڵێک فلتەرو قەیدو شەرت کراوەتە پێشمەرجی وەرگرتنی خوێندنی دکتۆرا، کەبۆ ئەم رەوش‌و هەلومەرجەی کوردستان‌و باردۆخی ئێمەی فێرخوازی دکتۆرا لەبەشەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان ئاستەنگێکی گەورەیە، رەنگە نەک هەر پرۆسەی گەشەو پێشکەوتنی خوێندن پێش نەخات، بەڵکو تەگەرە لەبەرەوپێشچوونی ئەو پرۆسەیە بدات».

لەکابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم وەزارەتی خوێندنی باڵا، بڕیاری ریفۆرم لەسیستمی خوێندنی ماجستێررو دکتۆرا درا.

گرنگترین ئەو ریفۆرمانەش بریتییە لەماوەی خوێندنی دکتۆرا ماوەی چوار ساڵەو مافی درێژکردنەوەش تەنها شەش مانگە، خوێندنی کۆرسە کۆنەکانی ساڵی یەکەمی دکتۆراو تاقیکردنەوەکان بەیەکجاری نامێنن، لەجیاتییان ساڵی یەکەمی خوێندن، دەکرێتە ساڵی ئاشنابوون بەپرۆسەی توێژینەوەو بەپرۆژە هەڵبژێردراوەکەو بواری سەرپەرشتیارەکان، هەروەها خوێندنی ساڵانی دووەم، هەتا کۆتایی چوارەم بۆ توێژینەوەو نووسینەوەی تێز (ئوتروحە)و تاقیکردنەوەکان دادەنرێت، لەم ماوەیەدا پێویستە خوێندکار بەلایەنی کەمەوە ساڵێک لەدەرەوەی وڵات لەسەنتەرێکی توێژینەوەی نێودەوڵەتیدا کاربکات، ئەمە جگەلەوەی زمانی ئینگلیزی وەک مەرجێک دادەنرێت بۆ خوێندنی دکتۆرا.

حسێن ئیسماعیل خان دەلۆ هەڵگری بڕوانامەی ماجستێرە لەمێژوودا، وەک نوێنەری ئەو مامۆستایانەی یاداشتەکەیان نووسیوە بەدەستووری راگەیاند «ئەوان تاقیکردنەوەکانیان قورستر کردووەتەوە، لەلایەکی تر داوای ئەوە دەکەن کەلێکۆڵینەوەیەک ئامادە بکرێت لەنێوان ٢٠٠٠ بۆ ٢٥٠٠ وشەی ئینگلیزی بێت، ئەوە بۆ ئێمە زەحمەتە، لەبەرئەوەی دەرچووی زانستە مرۆییەکانین. زانستە مرۆڤایەتیەکانیش هەندێکیان لەزمانی ئینگلیزیدا کۆڵن».

ئەو نوێنەرەی مامۆساتایانی زانکۆ ئاماژەی بەوەدا خاڵێکیتر باسی سەرپەرشتیاری تێدایە هەرچەندە ئەمە نەبووەتە بڕیار، بەڵام مەترسی لای ئێمە دروستکردووە، ئەوان بەیاننامەیەکیان دەرکردووە، کە داوادەکات هەموو بەشەکان بڕیاری لەسەر بدات.

مامۆستایانی زانکۆ پێیانوایە ئەو بڕیارانەی وەزارەت تاکەکەسیەو پرس‌و ڕا بەوان نەکراوە، داوادەکەن لەو ریفۆمەی لەخوێندنی باڵادا دەکرێت، بۆچوونیان بەهەند وەربگیرێت.

مامۆستا حسێن وتی «ئەوان کەبڕیاری چاکسازی دەدەن، نابێت تاکەکەسی بێت، دەبێ رۆڵی بەشەکان‌و کۆلێژەکان فەرامۆش نەکات، ئێمە دەمانەوێت شتێکی گشتگیرتر بێت هیچ لایەک بێبەش نەبن لەچاکسازی، تاوەکو لەبەررژەوەندی هەموو لایەک بێت».

لەروونکردنەوەیەکیدا وەزارەتی خوێندنی باڵا رایگەیاند «وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لەئەنجامدانی کارە زانستیەکانیدا باوەڕی بە بەشدارییپێکردنی تەواوی مامۆستایان‌و خوێندکاران هەیە، لەهەموو پرۆسە ئەکادیمی‌و بڕیارە زانستیەکاندا».

لەبڕگەیەکی تری روونکردنەوەکەدا هاتووە وەزارەتی خوێندنی باڵا هەموو ئەو رەخنەو پێشنیارانە بەهەند وەردەگرێت‌و لەکاتی جێبەجێکردندا پێداچوونەوەو وردە گۆڕانکاری پێویست دەبێ.

مامۆستایانی ناڕازی ئەو ریفۆرمە هاوتەریب نابینن لەگەڵ کارەکانی حکومەت لەبواری خوێندنی باڵادا، بەڵگەش بۆ ئەوە دەهێننەوە بەوەی حکومەتی هەرێم چەندین زاکۆی لەشارو شارۆچکەکان دەکاتەوە، لەلایەکی تریشەوە مەرجەکانی وەرگرتنی خوێندنی باڵا قورستر دەکات.

م. حسێن باسیلەوە کرد ئەو زانکۆیانەی دکتۆر بەرهەم لەهەڵەبجەو گەرمیان‌و رانیە بڕیاری کردنەوەی داوە، پێویستی بەهەموو شتێکە، ئەمەش کۆسپ بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا دروستدەکات. ئێمە پێمانخۆشە شارو گوندەکانیش زانکۆی تێدا بکرێتەوە، بەڵام «خوێندنی باڵا هەنگاوەکانی هاوتەریب نییە لەگەڵ حکومەتدا، کە دکتۆر بەرهەم دەیەوێت زانکۆ زۆر بکرێتەوە لەکوردستاندا، خوێندنی باڵا ئاستەنگ دروستدەکات، دەبێ رەچاوی ئەو خاڵانە بکات».

نارەزایەتی مامۆستایان لەزانکۆی سەلاحەدینەوە دەستپێکردووەو هەندێ لەمامۆستایانی زانکۆی سۆرانیش پەیوەندییان پێوەکردوون، لەهەوڵی فراوانکردنی بازنەی نارەزایەتییەکەیانن ئەگەر وەزارەتی خوێندنی باڵا وەڵامیان نەداتەوە.

م. حسێن ئاماژەی بەوەدا هەرچەندە لەگەڵ کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆی سلێمانیدا قسەمان کردووە، لەئێستادا چالاکییەکانمان راگرتووەو چاوەڕێی وەزارەتی خوێندنی باڵاین پەلوپۆمان نەهاویشتووە بۆ کەلارو هەڵەبجەو سلێمانی‌و دهۆک، چاوەڕوانی ئەوەین دوابڕیار دەربچێت، ئەگەر دوابڕیار مافەکانمان پێشێل بکات، ئەوا ناچارین رێگای تر بگرینەبەر.

نوێنەرە رێپێدراوەکەی مامۆستایانی زانکۆ وتی «ئەگەر دیسانەوە بڕیارەکە لەبەرژەوەندیمان نەبێت، خۆپیشاندان دەکەین».

دەستوور لەچەند کاتێکی جیاوازدا پەیوەندیکرد بەوەزارەتی خوێندنی باڵاوە، بەڵام نەتوانرا لێدوانیان دەربارەی نارەزایی مامۆستایانی زانکۆ وەربگرێت.

> ئەگەر دیسانەوە بڕیارەکە لەبەرژەوەندیمان نەبێت، خۆپیشاندان دەکەین



فایەق سەعید
faiekk@hotmail.com

## جیهانبینی پەروەردە

# وەرزی تاقیکردنەوەکان

دووبارە چی رۆژنامە هەیە پڕن لەهەواڵی جۆراوجۆرو ناخۆش لەبارەی تاقیکردنەوە جۆربەجۆرەکان، کە بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی خوێندکاران دانراون. ئەگەر ئەم تاقیکردنەوانە لەلایەک ئامرازێک بن بۆ هەڵسەنگاندن، ئەوە لەلایەکی دیکەوە بەمانای شکستی سیستمی پەروەردەیی ئێمە دێت کەهێندە لاوازە دەستی بەشێوازەکانی دیکەی هەڵسەنگاندن راناگات.

لەکابینەی پێنجەمدا هەوڵی ئەوەدرا بەشێک لەو گرفتانە چارەسەر بکرێن، بەڵام بەنارەزایی هەندێک لەستافە پەروەردەییەکان‌و بەدروستبوونی کابینەیەکی نوێ، دووبارە نیشانەی پرسیارێکی گەورە خرایە سەر رۆڵی تاقیکردنەوەکان لەپرۆسەی فێرکردندا. بەهەموو کابینەکانیشەوە کاتێک گۆڕانکاری لەشوێنێکدا دەکەن پشت بەهیچ لێکۆڵینەوەیەک یا بنەمایەکی زانستی نابەستن، بۆیە هەموو خەڵک دەڵێ کارەکان بەمیزاجی تاکەکەسی دەکرێن.

ئەمڕۆ خوێندکاران لەهەموو کاتێکی دیکە شپرزەتر کراون‌و خۆیان زۆر بەراڕاو دوودڵ دەزانن، چونکە لەلایەک وەزارەتی پەروەردە گرنگترین بەندی سیستمی پەروەردەیی نوێی هەڵپەساردووەو لەلایەکی دیکەشەوە پەیتا پەیتا بەڕێوەبەرایەتییە جۆربەجۆرەکان بڕیاری جۆراوجۆر دەردەکەن، کە بەهەر مەبەستێک دەرکرابن ئەوە خوێندکارانیان زیاتر شپرزە کردووە.

ئەگەر ئەمساڵ دەرنەچم خوا دەزانێت پرۆگرامی داهاتوو چییە؟ ئایا تاقیکردنەوەکان چۆن دەبن؟ بنەماکانی داغڵبوون چی دەبێ؟ یا وەکو خوێندکارێکی پۆلی هەشتەم پێی راگەیاندم: خۆشیان نازانن چی دەکەن. لەئێستاوە بەگۆڕانکارییە تازەکانی ساڵی داهاتوو رۆحی خوێندکارەکانیان بردووە، بۆیە ئەوانیش دەیانەوێت بەهەر نمرەیەک بووبێت دەرچن بۆئەوەی چاوەڕوانی میحنەتی ساڵی داهاتوو نەکەن.

ئەمە گوناهێکی گەورەیە ئێمە دەرهەق بەخوێندکارەکانی خۆمانی دەکەین. ژیان‌و دوارۆژیان دەخەینەسەر مێزی قومارو یاری پێدەکەین. بەشێکی بچوکی کادیرە پەروەردەییەکانمان بەگەندەڵی قۆپیەکردنەوە تێگلاون‌و زیاتر لەخوێندکارێک باس لەوە دەکات بەواستەو بەپارە چاودێرەکان وەڵامەکان دەڵێنەوە. بەرپرسەکانیش بەقسەیەکی فەرمی کۆتایی بەم بەزمە دێنن وەکو ئەوەی هیچ شتێک لەگۆڕێدا نەبێت. بێگومان ئەگەر دوارۆژی خوێندکار بەتاقیکردنەوەیەکی سێ کاتژمێریەوە ببەسترێتەوە، ئەوە دیاردەی قۆپیەکردن‌و گەندەڵی‌و ... هتد پەرەدەستێنێت.

من جارێکی دیکەش جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە ئەمە سیستمێکی تا بڵێی دواکەوتوو ناکۆکە لەگەڵ گەشەسەندنی مەعریفیدا کەئێمە پیادەی دەکەین. ئەرکی هەموومانە هاوکاری وەزارەت بکەین بۆئەوەی سیستمێکی باشترمان هەبێت‌و ئەرکی وەزارەتیشە گوێ لەپێشنیارەکانی خەڵک بگرێت.

پەروەردەزانێک بۆی هەیە بپرسێت چی دەقەومێت ئەگەر ئێمە چەند گۆڕانکارییەک لەبواری تاقیکردنەوەکاندا بەمەبەستی یارمەتیدانی خوێندکاران ئەنجامبدەین. بۆ ئێمە لەوەدا سەرکەوتوو نەبین رێز بۆ ئەو هەموو رەنجە دابنێین کەخوێندکارەکانی ئێمە بەدرێژایی چەندین ساڵ دەیدەن؟ کاریگەری نێگەتیڤانە چی دەبێت ئەگەر ئێمە کاتی تاقیکردنەوەکانمان چەند هەفتەیەک پێش خست؟ ئەمە جگە لەوەی خوێندکاران لەکۆڵ گەرمای هاوین دەکاتەوە، چی زیانێکی هەیە؟ چی دەقەومێت ئەگەر ئێمە تاقیکردنەوەکانمان بەشێوەیەکی دیکە کرد کەفاکتەری ترس‌و دڵەڕاوکێیان تێدا نەبوو؟ بەشێوەیەکی دی تاقیکردنەوەکانمان خستە چواچێوەی پرۆسەی فێرکردنەوە کەئێستا وانیە. چی دەقەومێت ئەگەر لەبری لە١٠٠٪، بەوە قایل بووین لە٨٠٪ مەنهەجەکان بۆ تاقیکردنەوە داغل ببێت؟ ئایا ئەمە کۆمەڵێک گرفت لەکۆڵ بەڕێوەبەرایەتی ئەزموونەکان ناکاتەوە، کەزۆرجار بەهۆی ئەم فاکتەرەوە توشی کێشە دێت لەگەڵ قوتابخانەکانداو ناچار دەبێت هەندێکجار چەند بڕیارێکی هاودژ دەربکات.

باشە بۆ رێگەگرتن لەدیاردەی قۆپیەو وتنەوەی وەڵامەکان، ناتوانین ئێمە چەند چارەسەرێک دابنێین کەخودی خوێندکار واز لەوە بێنێت؟ من پێموایە بۆ هەر یەکێک لەو ئەگەرانەی سەرەوە چەندین مۆدێل هەیەو زیاتر لەچارەسەرێک هەیە، بەڵام گرفتی ستافی پەروەردەیی ئێمە ئەوەیە تاوەکو ئێستا شارەزای یەک مۆدێلی کارکردن هەیەو زۆر مۆدێلی دیکە رەتدەکاتەوە.

جیهانی پەروەردە بەو شێوەیە ناڕوات بەڕێوە. دەبێ بنەمایەکی مەعریفی بۆ مۆدیلەکانی کارکردن هەبێت کەبەلایەنی کەمەوە گەشەسەندنی مەعریفی خوێندکار دابین بکات. ئەو شێوازەی تاوەکو ئێستا ئێمە کاری پێدەکەین ئەو شێوازو مۆدێلە کلاسیکیەیە کەبەدڵی بەڕێوەبەرو مامۆستاکانە، چونکە وا بۆ ئەوان گونجاوو ئاسان‌و رەحەتەو لەهەمان کاتیشدا هەمان مۆدێلە کەلەوڵاتە عەرەبی‌و ئیسلامییە دواکەوتووەکاندا پیادە دەکرێت‌و ئەمەش بەو مانایە دێتەوە ئێمە ناتوانین لەدەرەوەی پۆلە مەلەکان بەتەنیا بفڕین.

کادیری پەروەردەیی ئێمە قەت لەروانگەی خوێندکارانەوە بیر لەبەرژەوەندی خودی خوێندکاران ناکەنەوە، بەڵکو لەروانگەی خۆیانەوە بیر لەو بەرژەوەندییە دەکەنەوە. کادیری ئێمە تەنها یەک چارەسەری پێیە، چونکە لەقوتابخانەکاندا تەنها فێری یەک چارەسەر کراون، ئەمە خەتا خۆیان نییە، بەڵام بۆ دەبێ لە ٢٠١٠ دا خوێندکارەکان بەهەمان شێوە فێری یەک ئەڵتەرناتیڤو یەک چارەسەر بکرێن. چاوگێڕانێکی خێرا بەپرۆگرامەکانی خوێندن‌و شێوازەکانی وانەووتنەوەدا، ئەوەمان بۆ دەردەخات کەئێمە تاوەکو ئێستا لەپەروەردەکردنی منداڵەکانماندا، سەرکەوتن نەبووین.

www.archivekurd.org



سکچوونو گرانەتای منداڵان روو لەکەمبوونە ..14




کچان ناتوانن فەیسبووکیش بەئازادی بەکاربهێنن.

# فەیسبووک کێشە بۆ کچان دروستدەکات

## کچانی کوردستان لەفەیسبووکیشدا رووبەڕووی هەڕەشەو ناووناتۆرە دەبنەوە

**بنار بەختیار لەسلێمانی**

بەهۆی فراوانیی تۆڕی پەیوەندییە هاوڕێیەتییەکانو خراپ بەکارهێنانی لەلایەن هەندێ کەسەوە، فەیسبووک کێشە بۆ ئەو کچانە دروستدەکات، کە لەڕێگەی چاتەوە پەیوەندی هاوڕێیەتی دەبەستن.

بەهۆی نەبوونی هیچ سانسۆرێک لەسەری، فەیسبووک هەموو جۆرە قسەو هەواڵو وێنەیەکی تێدا دادەبەزێنرێتو دەتوانرێت بەناو و وێنەی کەسێکی ترەوە قسە لەگەڵ بەشداربووەکاندا بکەیت.

بەیان عەلی تەمەن ٢٢ ساڵ ماوەی سێ مانگە لەسایتی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، رۆژانە لەگەڵ هاوڕێکانیدا قسەدەکات، وەک خۆی ئاماژەی بۆ دەدات بەهۆی ئەو قسانەی بۆی هەڵبەستراوە ئێستا ناچێتە ناو چاتی فەیسبووکەوە.

بەیان وتی «زۆر بەکراوەیی قسەم لەگەڵ هاوڕێکانم دەکرد، بەڵام لەدوایدا بۆم دەرکەوت من هەڵەبووم هەندێ کەس هەبوون زۆر بەهەڵە لەمن گەیشتبوونو منیان بەکچێکی زۆر خراپ بینیوەو قسەی زۆر ناخۆشو ناشیرینم بیستەوە کە لەلایەن هەندێ کەسەوە پێم وترابوو».

هەرچەندە بەیان ئاماژە بۆ ئەوە دەدات کە لەفەیسبووکدا هاوڕێی باشی ناسیووەو هاوکارییان کردووە لەکارەکانیدا، بەڵام ئەوەشی نەشاردەوە ئەو قسانەی بۆی هەڵبەستراوە وایلێکردووە کەواز بهێنێت لەچاتکردن لەفەیسبووکدا.

بەیان وتی «ماوەی چوار رۆژە چات ناکەم، بەکورتییەکەی فەیسبووکیش وەک هەموو شوێنەکانی ئەم مەملەکەتەی ئێمە تیایدا دەژین کەسانی باشی تێدایەو کەسانی خراپو بوختانچیشی تێدایە».

لەناو فەیسبووکدا دەتوانرێت بەناو و وێنەی کەسانی ترەوە پەیوەندی ببەسترێت، یان وێنەی کەسەکان دەستکاری بکرێت.

ژمارەیەک لەهونەرمەندان رووبەڕووی ئەم کێشەیە بوونەوەو بەناو و وێنەی ئەوانەوە قسەدەکرا لەناو فەیسبووکدا.

دیارترینی ئەوهونەرمەندانەش کیژانی ئیبراهیم خەیات بوو کەروونکردنەوەیەکی لەراگەیاندنەکاندا بڵاوکردەوە کە کەسێک بەناو و وێنەی ئەوەوە قسەدەکات.

ئەسما عەلی چەند مانگێکە لەفەیسبووکەوە چات دەکات، وتی «چەند کەسێک داوای خۆشەویستیان لێدەکردم، منیش رازی نەدەبووم، لەبەرئەوەی باوەڕم بەخۆشەویستی نییە لەڕێگەی چاتەوە، بەڵام یەکێکیان زۆر قسەی پێوتمو هەڕەشەی دەکرد، دەیوت وێنەکەت دەگۆڕم بۆ شتی خراپ».

ئەم هەڕەشەیە ئەسما بێزاردەکات، دەڵێت «بەهیچ شێوەیەک ناچمەوە سەر فەیسبووکو چات ناکەم».

کوڕانیش بەدەرنین لەو کێشانەی لەبەکارهێنانی فەیسبووکدا رووبەڕوویان دەبێتەوە، بەڵام ئەوان دەڵێن دەتوانین بەسەر ئەو کێشانەدا زاڵبین.

محەمەد عەلی تەمەنی ٢٠ ساڵە، ماوەی ٥ مانگە لەفەیسبووکدایە، بەدەستووری وت «بێگومان کێشەم بۆ دروستبووە، بەڵام نایەڵم کێشەکەم گەورە بێتو هەر زوو ئەو کەسە رەش دەکەمەوەو خۆمی لێبەدوور دەگرم».

بەیان هیوادارە گەنجان بتوانن بەشێوەیەکی باشو بۆ سودوەرگرتن بچنە سەر فەیسبووکو بۆ شتی خراپ بەکاری نەهێنن، وتی «بەڕاستی چاتی فەیسبووک زۆر خۆشبوو، حەزم نەکرد ئەوەم بەسەردابێت».

> چەند کەسێك داوای خۆشەویستیان لێدەکردم، یەکێکیان زۆر قسەی پێوتمو هەڕەشەی دەکرد، دەیوت وێنەکەت دەگۆڕم بۆ شتی خراپ

# کوڕان بەئۆتۆمبێلەکانیان تەنگ بەکچان هەڵدەچنن

## بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتییەوە، کچان ناتوانن سکاڵا لەسەر ئەو کوڕانە بکەن کەنارەحەتیان دەکەن

**سۆزان عەلی لەسلێمانی**

کوڕان وەک حەزێکو هەندێکجاریش بۆ خۆنزیککردنەوە، دەستدەشکێننەوە بەسەر ئۆتۆمبێلی ئەو کچانەی کە لەشەقامەکاندا تووشیان دەبن، بەرپرسانی هاتوچۆش ئەم دیاردەیە بەسەرپێچی یاساکانی هاتوچۆو توندوتیژی لەبەرامبەر رەگەزی مێیینەدا دادەنێن.

کچان دەڵێن ئەم حاڵەتە بووە بەدیاردەو بێزاری کردوونو بەدیاردەیەکی ناشارستانی لێکیدەدەنەوە.

کانی جەمال پیشەی فەرمانبەرە، ماوەی دوو ساڵە مۆڵەتی شۆفێری وەرگرتووەو خاوەنی ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیەتی، وەک خۆی ئاماژەی پێدەدات چەندینجار کوڕان دەستیان بەسەردا شکاندووەتەوە.

کانی ئەم دیاردەیە بەنیشانەکانی ناشارستانیبوونو دواکەوتنی کوڕان دادەنێت، کەتەنها بۆ پێکەنینێکی کاتی خۆیانو بەبێ رەچاوکردنی هیچ بەهایەکی ئەخلاقیو شۆفێری ئەو کارە دەکەن.

کانی وتی «لەکاتی لێخوڕینیاندا دەستدەشکێننەوە بەسەرمداو زۆرجار ناچارم پڕ بەدەنگ قسەیان پێبڵێم».

خەندە محەمەد پێیوایە ئەو گەنجانە کردوویانە بەمۆدێلێکو دیاردەیەک، نەک هەر دەستدەشکێننەوە بەسەرتدا، بەڵکو دواتدەکەون، بەڕاستی «دیاردەیەکی ناشیرینو ناشارستانیو قێزەونە».

خەندە باس لەرووداوێکی خۆی دەکات دەڵێت رۆژێک کوڕێک دەستیشکاندەوە بەسەرمدا، ویستم لەترافیکەکەدا بیوەستێنمو شکایەتی لای پۆلیسی هاتوچۆ لێبکەم، بەڵام بیرمکردەوە وتم بۆچی کێشە بۆ خۆم دروستبکەم دواتر دەمناسێتەوەو بۆ هەتاهەتایە وازم لێناهێنێت، وتی «ئۆتۆمبێلم بۆ ئەوە نەکڕیوە کێشەی کۆمەڵایەتی بۆ خۆم دروستبکەم».

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی تەنها لەساڵی ٢٠٠٩دا نزیکەی ٨٠٠٠ مۆڵەتی شۆفێری دراوە بەکچانو ژنان.

کوڕان ئاماژە بۆ ئەوە دەدەن تەنها بۆ حەزی خۆیانو لەبەر جوانی کچان دوایان دەکەونو دەستدەشکێننەوە بەسەریاندا.

سۆران کوڕێکی شۆفێرە، وتی «من هەر دەست ناشکێنمەوە بەسەریاندا، بەڵکو دواشیان دەکەوم، ئەوەی کەجوانبێت بێگومان دوای کەوتووم».

محەمەد شوفێری تاکسیە رووداوێکی گێڕایەوە کەرۆژێک چەند گەنجێک بەمارسیدسێک لەپیکاشۆی کچێکیان خشاندوو بەئەنقەست چەند برینێکیان تێکرد، چونکە کچەکە زۆرجوان بوو بۆئەوەی بێتە خوارەوەو بەبیانووی ئەوەی کەئۆتۆمبێلەکەی بۆ چاکبکەنەوە ژمارەی مۆبایلی کچەکە وەربگرن، بەڵام کچەکە ژمارەی باوکی پێدان.

محەمەد وتی «کوڕەکان خەریکبوون شێت دەبوون هەم ئەوەی کەشتەکەیان بەسەردا ساغبووەوەو هەم ژمارەی کچەشیان دەستنەکەوت».

بەرپرسانی هاتوچۆ دیاردەی دەستشکاندنەوەی کوڕان بەسەر کچاندا بەسەرپێچی لەیاساکانی هاتوچۆ دادەنێنو وەک جۆرێک لەتوندوتیژی بەرامبەر رەگەزی مێیینە لێکیدەدەنەوە.

ئەحمەد محەمەد پۆلیسێکی هاتوچۆیە، ئاماژەی بەوەدا تائێستا رووداوێکی لەو شێوەیەی نەدیوە، ئەگینا ئیجرائاتی پێویست ئەنجامدەدەن، چونکە ئەوە «سەرپێچییەو پێویستی بەئیجرائاتی تایبەتییە».

بەختیار محەمەد نەقیبی هاتوچۆ، بەرپرسی راگەیاندنی هاتوچۆی سلێمانی، دیاردەی دەستشکاندنەوەی بەتوندتیژی لێکدایەوەو ئاماژەی بەوەدا هەردوو رەگەز دووچاری ئەم حاڵەتە دەبن، بەڵام لەبەرامبەر رەگەزی مێینەدا زیاترە لەوەی لەبەرامبەر رەگەزی نێرینەدا دەکرێت.

بەختیار وتی «پیاوان پاساو دەهێننەوەو دەڵێن ژنان لەکاتی شۆفێریدا ئاستەنگ دروستدەکەنو سستن لەشۆفێریدا، بەڵام ئەمە پاساوێکی راست نییە».



کوڕان واز لەکچان ناهێنن.
فۆتۆ: دەشتی ئەنوەر



**د. کەمال سەید قادر لەبەشی دووەمی ئەو چاوپێکەوتنەی کەدەستوور لەگەڵیدا سازیداوە، دەڵێت یەکێتی پارسەنگی هێزە لەکوردستان، ئەگەر یەکێتی لاواز بێت، پارتی هەرچی هێزی ئۆپۆزیسیۆنە رایدەماڵێت. د. کەمال رەخنە لەبزووتنەوەی گۆڕان دەگرێت کەهێشتا فەلسەفەو بەرنامەیەکی دیاریکراویان نییە. وتی «دیدێکی نوێشیان نییە کەجیابێت لەروانگەی یەکێتیو پارتی».**

# "ئەگەر یەکێتی نەبێت، پارتی هەموو هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان رادەماڵێت"

## د. کەمال سەید قادر نووسەرو رووناکبیر بۆ دەستوور

**سازدانی: وریا حەمەتاهیر**
**بەشی دووەمو کۆتایی**

**دەستوور:** ئەگەر سەرنجبدەین، لەکاتی بانگەشەکانی هەڵبژاردندا، تەنها باس لەقۆرخکارییەکانی کۆمپانیای نۆکان دەکرا لەسلێمانی، ئەدی هەولێرو دهۆک، ئایا ئەوە هۆکارێک نییە؟

**کەمال سەید قادر:** هۆکاری سەرەکی ئەم دیاردەیە، بوونی ئاقارێکی فراوانتری ئازادی رادەربڕینە لەسنووری پارێزگای سلێمانیدا، بەدیاردەیەکی زۆر باشی دەزانم ئەگەرچی یەکێتی باجەکەشی دەدات، بەڵام لەسەودای درێژخایەندا بەقازانجی یەکێتی دەگەڕێتەوە. ئەگەر بێتو ئەو میدیا (ئەهلییانەی؟؟؟) لەسلێمانی هەن لەهەولێرو دهۆک بونایە چارەنووسیان بەشێوەیەکی تر دەبوو. جا ئەم میدیایانە وەکو قەرەبووکردنەوەی بێدەسەڵاتی خۆیان لەهەولێرو دهۆک رووی لولەی هەموو تۆپەکانیان لەکۆمپانیای نۆکان کردووە، ئەمەش لەخۆیدا یەکێکە لەدیاردەکانی گەندەڵی حیزبی.

**دەستوور:** هەندێک دەڵێن گۆڕان تەنها ئۆپۆزیسیۆنی یەکێتین، گوتاری روو لەپارتیان نییە، بەتایبەتی سەرۆکایەتی هەرێم، ئایا پیادەکردنی ئەوە وەک تاکتیکێکی سەرەتا بوو، یان بووە بەستراتیجی ئەوان؟

**کەمال سەید قادر:** منیش لەگەڵ ئەم بۆچوونەم، چونکە گۆڕان هەر لەسەرەتاوە هێزی کودەتاگەری نێو یەکێتی بوو، خۆی بۆ پارتی وەکو سەرکردایەتی جێگرەوەی یەکێتی نمایش دەکرد، لاریشیان نەبوو بەهەمان شێوەی یەکێتی هاوپەیمانی ستراتیجیی پارتی بن، ئەگەر کودەتاکەیان سەریبگرتایە. جا خۆی سیاسەت ئەگەر لایەنی ئایدۆلۆجی لێ دەرکەیت هەمووی شەڕێکە لەسەر دەسەڵاتو ئیمتیازات، بەڵام لەژێر دروشمی رەونەقداردا وەکو دادپەروەریو ئازادی دەشاردرێتەوە، هەتا شەڕی ئیسلامی سیاسیش هەروەکو مێژوو پشانیدەدات هەر لەسەر دەسەڵاتو ئیمتیازات بووە، زۆر جاریش وارێکەوتوە کەوا هێزە ئیسلامییەکان لەنێو خۆشیاندا بووەتە شەڕیان لەسەر دەسەڵات هەر لەسەردەمی خولەفای راشدینەوە تائێستاش لەسۆماڵو ئەفغانستان.

**دەستوور:** دەوترێت گۆڕان تەنها لەقۆناغێکی دیارکراودا توانی جەماوەری ناڕازی جۆشبدات، دواتر نەیتوانی ببێتە رابەری ئەو جەماوەرەو داکۆکی لەکێشەکانی خەڵک بکات، نەیتوانی لەپێش جەماوەرەوە بێت بۆ بەگژداچوونەوەی نادادی، شەرم دەکەن یان دەترسن بڵێن بەڵێ ئێمە خەڵک هاندەدەین دژی حکومەت، وەک لەخۆپیشاندانەکانی دژی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس سەردەشت کران؟

**کەمال سەید قادر:** لای هەموومان ئاشکرایە لەساڵی ١٩٩١ وە تا ٠٩/٠٧/٢٥ ناڕەزاییەکی زۆر هەبوو دژ بەسیاسەتی پارتیو یەکێتی لەهەرێمی کوردستاندا، بەڵام خەڵک دەرفەتێکی نەبوو بەشێوەیەکی دیموکراسیانە ئەو هەستەی خۆیان لەڕێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە دەرببڕن تا هەڵبژاردنەکانی تەممووزی ٢٠٠٩، ئەو کاتە بزووتنەوەی گۆڕان بەناچاری خۆی وەکو جێگرەوە بۆ یەکێتیو پارتی نمایشکرد، ژمارەیەکی زۆریش لەدەنگدەران لەسەرتاپای هەرێم باوەڕیان پێکردن، وەکو ئامرازێکیش بەکاریانهێنان بۆ ئاگادارکردنەوەی پارتیو یەکێتی لەمەشدا سەرکەوتوو بوون، چونکە سروشتی مامەڵەکردنی یەکێتیو پارتی لەگەڵ خەڵکدا، بەتایبەتیش یەکێتی لەپاش هەڵبژاردنەکە گۆڕا، خەڵکەکەش بەهەمان شێوە لەبەکارهێنانی بزووتنەوەی گۆڕان وەکو ئامرازێک دژ بەپارتیو یەکێتی کشانەوە. سەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕانیش وەکو سەرکردایەتی سیاسی خاوەن ئەزموون دەزانن کەزۆرینەی جەماوەر ئۆپۆرتۆنیستە رێکخراوە سیاسییەکان وەکو ئامرازێک بەکاردێنن بۆ گەیشتن بەخۆشگوزەرانی، بۆیە سەرکردەکانی گۆڕانیش بەهەمان شێوە ئامادە نین ژیانو بەرژەوەندی خۆیان بۆ جەماوەر بخەنە مەترسییەوە، بەڵکو دەیانەوێت لەڕێگای جەماوەرەوە، ئیمتیازاتی زیاتر بەدەستبێنن خۆشیان لەرووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ لەگەڵ یەکێتیو پارتی دەپارێزن، چونکە دەرئەنجامەکەی دیارە.

**دەستوور:** ئایا ئۆپۆزیسیۆن بەتایبەت گۆڕان، ستراتیجیان بۆ گۆڕینی سیستمەکە هەیە، وەک پێشتر باسیان دەکرد، یان هێواش هیواش دەبن بە بەشێک لەسیستمەکە، ئایا مەسەلەی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی ئیداریو سیاسی، تەنها بابەتی بانگەشەی هەڵبژاردن نەبوون، هیچ هەنگاوێک بەدی دەکەیت لەوبارەیەوە؟

**کەمال سەید قادر:** ئەوەی ستراتیجی گۆڕینی سیستمی سیاسی کوردستانی هەبێت، تەنها حیزبە ئیسلامییەکانو مارکسییەکانن، ئەگەرنا ئەوانەی تر بەتایبەتیش بزووتنەوەی گۆڕان وێڵە بەدوای دەسەڵاتو ئیمتیازاتدا، سەرکردەکانیشیان لەلایەنی مادییەوە ئێستا ژیانی خراپیان نییە. بێگومان هیچ بزووتنەوەیەکی سیاسی بەئاشکرا ناڵێت شەڕی منیش بۆ هەریسەکەیە، بۆیە ناچارن وەکو تاکتیک خۆیان حەشاردەن لەپشت دروشمی پیرۆزی وەکو دادپەروەریو پاکیو چاکسازی. ئەگەر راستیت دەوێت لەسیاسەتدا نە باش هەیەو نە خراپ، تەنها هێز هەیە بەهەموو جۆرەکانییەوە، وەکو: مادە، چەک، ژمارەی دەنگ، بەپێی رێژەی ئەم هێزانە مافی خۆت وەردەگریت، ئەگەر هێزیشت نەبوو لەناچاری ئەم دروشمانە بەرزدەکەیتەوە لەچاوەڕوانی دەرفەتێکی گونجاودا تا گورزی خۆت بوەشێنیت.

**دەستوور:** چۆن دەتوانرێت سیستمە بگۆڕدرێتو شەڕو پێکدادانی چەکداریش روونەدات، گۆڕان بانگەشەی بۆ ئەمە دەکرد، بەڵام ئێستا هەست بەوە دەکرێت دەستی بەتاڵە؟

**کەمال سەید قادر:** گۆڕینی سیستمی سیاسی یا گۆڕینی حکومەت، یا مانەوە لەسەر حوکم لەڕێگای بەکارهێنانی توندوتیژییەوە ئامرازێکی زۆر ناشارستانیانەیە، بەهەموو شێوەیەک رەتدەکرێتەوە، بەڵام ئەگەر دەسەڵاتێک ئامادە نەبوو رێز لەڕای خەڵک بگرێت، لەهەڵبژاردنی ئازادو دادپەروەرانەدا، ئەوا شێوازەکانی تری بەرهەڵستکاری شەرعییەتی خۆیان وەردەگرن. لەهەرێمی کوردستاندا ئێستا یەکێتیوپارتی بەهەموو پێوەرەکان زۆرینەیان هەیە هەرچەندە پێشێلکاری زەقیش لەهەڵبژاردنەکاندا روویاندا، بەڵام ئۆپۆزیسیۆن، هەروەکو ئەزموونی بزووتنەوەی گۆڕان لەسلێمانی پیشانیدا دەتوانێت زۆرینەی دەنگەکان بەدەستبێنێت، بەم شێوەیەش لەهەرێمدا دەسەڵاتی سیاسی بگرێتەدەست، بۆیە بەکارهێنانی توندوتیژی لەم قۆناغەدا هیچ شەرعییەتێکی نییە، هەرلایەنێکیش سەبری دیموکراسی نەبێت، خێرایی هەبێت بۆ گەیشتن بەهەریسەکە لەڕێگای توندوتیژییەوە، لەوانەیە رێگاکەی کورتتر بێت، بەڵام لەوانەشە سەری تیابچێت. سیستمی دیموکراسی بەسەبرە، بەڵام بەزەبرە، جا ئەوەی ئەم سەبرەی نەبێت لەسیاسەت دوورکەوێتەوە باشترە. دیتان چۆن رووداوەکانی ئەم دواییەی تایلاند بەزیانی بزووتنەوەی کراس سوورەکان کەوتەوە.

**دەستوور:** ئایا نمونەیەکی نوێن بۆ خەڵک، پێکهاتەو بیرکردنەوەو ستراتیجو رەفتارو کاریان جیاوازە؟ چۆن دەکرێت ئەوان جیاواز، بوونی خۆیان بخەنەڕوو بۆ خەڵک؟

**کەمال سەید قادر:** جیاوازی بزووتنەوەی گۆڕان ئەگەر هەبوایە، دەبوایە لەم خاڵانە بێت، کەوا یەکێتیو پارتیان پێ تۆمەتبار دەکرێت، وەکو لاوازی دیموکراسی ناوخۆ، دەسەڵاتی بنەماڵەییو خزمخزمێنە، جیاوازی لەسەر بناغەی ناوچەو توێژی کۆمەڵایەتی، ناشەفافییەت لەسەرچاوەکانی داهاتدا، دڵفراوانی بەرامبەر بەڕای جیاواز، بەڵام من لەو باوەڕەدا نیم کەئەمە حاڵەتەکە بێت، بەپێچەوانەوە، بۆنمونە لەدیاردەی ناوچەگەریو لاوازی دیموکراسی ناوخۆو ناشەفافییەتی سەرچاوەی دارایی، بزووتنەوەی گۆڕان بێدەنگی هەڵبژێرێت باشترە. ناشتوانین بڵێین رێزی زیاتریان بۆ رای جیا لەخۆیان هەیە، هەروەکو لەمیدیاکانی سەر بەم بزووتنەوەیە هەستی پێدەکەین، چۆن هێرشدەکەنە سەر هەرکەسێک لەگەڵیاندا هاوڕا نەبێت، نوقمی بوختانی دەکەن تا هەڕەشەی کوشتنیش، ئەمەش تاکتیکی رێکخراوە فاشییەکانە. هەتا هەندێک لەم میدیایانەی کە لەکوردستاندا بەمیدیای ئەهلی ناودەبرێن بەگوێرەی ئەزموونی خۆم لەگەڵیاندا، ئازادییەکەیان تەنها لەوەدایە کەسەر بەپارتیو یەکێتی نین، بەڵام واپێدەچێت ئامرازێکی پروپاگەندەی بزووتنەوەی گۆڕان بن. چەند سایتێکی بچوکی لێدەرچێت بەڕای من هیچ میدیایەکی تەواو سەربەخۆ نییە لەکوردستاندا.

**دەستوور:** هەست ناکەیت، ئەوانیش تەنها تووڕەیی جەماوەریان قۆستەوە، ئەگیا هیچ دیدو روانگەیەکی جیاوازیان بۆ بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو فەرهەنگی پێنەبوو؟ بۆ نمونە روانگەی تیۆریان بۆ مەسەلە سیاسییەکان، ئابووریو کۆمەڵاتییەکان جودا بێتو لەتێڕوانینەکانی پارتیو یەکێتی نەچێت، دواتریش لەڕووی پراکتیکیەوە ئەوە بسەلمێنن.

**کەمال سەید قادر:** ئەگەر لایەنێک ستراتیجییەتی تەنها هاتنەسەر دەسەڵات بێت، بارێکی قورسی ئایدۆلۆجی هەڵنەگرتبێت، ئەوا زۆر ئاساییە تووڕەیی جەماوەر بقۆزنەوە، بزووتنەوەی گۆڕانیش هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، بەرێکەوت کەوتە قاڵبی رێکخراوێکی سیاسییەوە، ئەگەرنا ئەوان بەتەمابوون بێنەسەر حازرەکی پاش گرتنەوەی شوێنی مام جەلال، زەحمەتی ئەوەیان نەکێشا خۆیان بەپرۆگرامێکی جێگرەوە بۆ یەکێتیو پارتی خەریک بکەن. سەرکردەکانی گۆڕان پلانێکی زۆر زیرەکانەیان دارشتو لەشێوەی پلانەکانی ترۆتسکی بۆ کودەتا، بەڵام رێکەوتەکان بەشێوەیەکی پێچەوانە گەڕانەوە بەتایبەتیش ئاساییبوونەوەی باری تەندروستی مام جەلال، پاشگەزبوونەوەی کاک کۆسرەت لەبەشداربوون لەم کودەتایە. ئێستاش تۆزقاڵێک هیوایان بەهاتنە سەردەسەڵات لەنێو یەکێتیدا هەر ماوە. مرۆڤ بەبێ هیوا ناژی.

**دەستوور:** ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە دیدی نوێ بخەنەڕوو، بەم شێوەیە ئەوانیش نابنە نمونەیەکی تر لەو هێزانەی لەپاڵ یەکێتیو پارتیدا هەن؟

**کەمال سەید قادر:** کاتی ئەوە هاتووە بۆ جەماوەر روونبکرێتەوە بزووتنەوەی گۆڕان چییە، لەسەرەتادا ئامانجیان چیبووە، بۆچی سەرینەگرت، ئەو کات ئەوان دەبێت بۆ پاکانەی خۆیان روو لەجەماوەر بکەن، وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە. نمونەی ئەم جۆرە کودەتایانە زۆرن لەمێژوودا، ژمارەیەکیان سەرکەوتوو بووە، ژمارەیەکی تریشیان بەنسکۆ کۆتاییان هاتووە. ئێستا خەریکی لێکۆڵینەوەیەکی درێژم لەسەر تەکنیکو تاکتیکو ستراتیجییەتی کودەتا، بەم زوانە دەخرێتە پێش خوێنەرانی بەڕێز. کودەتا پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆزو وردە، ئامادەکاریو شارەزایی زۆری پێویستە.

**دەستوور:** ئایندەی دۆخی سیاسی هەرێمو لەو نێوەندەشدا لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکان چۆن دەبینی؟

**کەمال سەید قادر:** چارەنووسی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی ئێستای پابەندە بە بەردەوامبوونی پاڵپشتی ئەمەریکا بۆ هەرێم، ئەگەرنا بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەم هەرێمە بەبێ پاڵپشتی ئەمەریکا بەم شێوەیەی ئێستا نامێنێتەوە، لەپاش مانگی ئەیلولی داهاتووش، واتە پاش کشانەوەی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمەریکا دەبینین چارەنووسی هەرێم بەکامە ئاڕاستەدا دەڕوات، بەڵام نیشانە سەرەکییەکان هەر لەئێستاوە دیارن ئەگەر سەیری هێرشەکانی وڵاتانی دراوسێ بەسەر خاکی هەرێمی کوردستان بکەین. هێزی ئەمەریکا نەبێت مەحاڵە وڵاتانی دراوسێو بەغداش قەوارەیەکی سیاسی وەکو هەرێمی کوردستان قەبوڵ بکەن، بەڵام هەمویان لەچاوەڕوانی دەرچوونی ئەمریکان، ئەوکاتە هەمومان بەیەکێتیو پارتیشەوە دەگەڕێینەوە چوارگۆشەی ئۆپۆزیسیۆن، ئەمجارەیان ئۆپۆزیسیۆن دژ بە بەغدادی زۆرینەی عەرەبی.

> گۆڕان ئێستا چوارچێوەیەکی رێکخراوی سیاسی نییە، بێ فەلسەفەو پرۆگرامە، سەرکردایەتییەکی رەمەکیو بێ شەرعییەتی دیموکراسیشی هەیە

> هێزی ئەمەریکا نەبێت مەحاڵە وڵاتانی دراوسێو بەغداش قەوارەیەکی سیاسی وەکو هەرێمی کوردستان قەبوڵ بکەن

> تەنها هێزێك کەبتوانێت هاوسەنگی بەرامبەر بەپارتی دروستبکات لەهەموو لایەنی سەربازیو سیاسییەوە، یەکێتییە، ئەگەرنا پارتی لەڕێگای هێزەوە لەکورتترین ماوەدا هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن رادەماڵێت بەبزووتنەوەی گۆڕانیشەوە

> لەدیاردەی ناوچەگەریو لاوازی دیموکراسی ناوخۆو ناشەفافییەتی سەرچاوەی دارایی، بزووتنەوەی گۆڕان بێدەنگی هەڵبژێرێت باشترە

# سکچوونو گرانەتای منداڵان روولەکەمبوونە

## "حاڵەتی گیانلەدەستدانی منداڵ بەهۆی سکچوونو گرانەتاوە زۆر دەگمەن بووە"



سکچوون بەهۆکاری گیانلەدەستدانی زیاتر لەپینج ملیۆن منداڵ دادەنرێت لەساڵێکدا

**بێستون فەتاح لەسلێمانی**

بەپێی ئاماری نەخۆشخانەی منداڵبوونی سلێمانی، نەخۆشییەکانی سکچوونوگرانەتا روولەکەمبوونە، رێکخراوی تەندروستی جیهانیش سکچوون بەمەترسیدارترین نەخۆشیی بۆ منداڵان دادەنێت.

بەپێی ئاماری نەخۆشخانەی منداڵبوونی سلێمانی لەپێنج مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٩دا ٢٠٩١ حاڵەتی سکچوون لەو نەخۆشخانەیە تۆمارکراوە، لەکاتێکدا لەپێنج مانگی ساڵی ٢٠١٠ دا ١٧٨١ حاڵەتی سکچوونی منداڵ تۆمارکراوە، هەروەها لەساڵی ٢٠٠٩دا لەو پێنج مانگەدا ١٨٧ حاڵەتی تووشبوون بەگرانەتا تۆمارکراوە، بەڵام لەساڵی ٢٠١٠ تەنها ٥٤ حاڵەت تۆمارکراوە. پسپۆڕانی نەخۆشییەکانی منداڵان ئاماژە بەوەدەدەن، ئەمساڵ لەگەڵ ساڵانی رابردوودا بەتەواوەتی ئەو نەخۆشیانە کەمیکردووە.

د. جەمال ئەحمەد رەشید پسپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵان بەدەستووری وت «لەگەڵ ئەوەی ژمارەی منداڵبوون زۆر زیادیکردوە، بەڵام نەخۆشییەکانی سکچوون کەمیکردووە، نەک تەنها لەرووی ژمارەوە بگرە لەرووی حاڵەتی مەترسیو توندی نەخۆشیەکەشەوە، لەم ساڵدا ئەو نەخۆشانەی داغڵکراون حاڵەتەکانیان زۆر مەترسیدارنەبووە، بەڵکو سکچوونەکان زوو چارەسەرکراون، حاڵەتی گیانلەدەستدانی منداڵ بەهۆی ئەم نەخۆشییەوە زۆر دەگمەن بووە».

**سکچوون مەترسیدارترین نەخۆشیی منداڵانە**

رێکخراوی تەندروستی جیهانی لەدوا راپۆرتی مانگی ئازاری ٢٠١٠ دا لەسەر سکچوونی منداڵان، دەڵێت «ساڵانە ٥٠٠ ملیۆن منداڵ، کەمتر لەتەمەنی پێنج ساڵی تووشی سکچوون دەبن، سکچوون بەهۆکاری گیانلەدەستدانی زیاتر لەپێنج ملیۆن منداڵ دادەنرێت لەساڵێکدا، سکچوون بەو نەخۆشییە دەناسرێت کەژمارەیەکی زۆر لەمنداڵ تووشی دەبن بەتایبەت لەوەرزی هاویندا، بەیەکێک لەو هۆکارە سەرەکیانە دەژمێرێت کەدەبێتە هۆی گیانلەدەستدانی منداڵان».

**شیری دایک منداڵ لەسکچوونی کوشندە دەپارێزێت**

پسپۆڕانی بواری تەندروستی جەخت لەگرنگی شیری دایک دەکەنەوە بۆ منداڵ، بەشێوەیەک لەچەندین نەخۆشیی دەیپارێزێت. د. جەمال ئاماژەی بەگرنگی شیردانی سروشتی کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی سکچوونی منداڵان، وتی «ئەو دایکەی تەنها شیری خۆی بدات بەمنداڵەکەی، منداڵەکەی توشی سکچوونی کوشندە نابێت، شیردانی دەستکرد یان شیری قوتو بەچەند قۆناغێک ئامادەدەکرێت تادەدرێتە منداڵەکە کەهەر قۆناغێک مەترسی پیسبوونی شیرەکەی هەیە، بۆ نمونە لەدوا قۆناغدا کەدایکەکە شیرەکە تاقیدەکاتەوە بزانێت ساردە یان گەرمە دەشێت بەدەمی یان دەستبدات لەمەمەی مەمکەکەو پیسی بکات».

**هۆکارەکانی توشبوون بەسکچوونو گرانەتا**

د. ئیبراهیم خەسرەو پسپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵان دەڵێت هۆکارەکانی توشبوون بەسکچوونو گرانەتا لەمنداڵاندا زۆرن، بەڵام زۆرینەیان بەهۆی زیندەوەرە وردبینیینەکانەوە توشی منداڵ دەبێت، کە بەچاوی ئاسایی نابینرێن، وەک بەکتریاکان، ڤایرۆسەکان، پرۆتۆزوەکان وەک ئەمیبیاو جیاردیا، کەزۆربەی بەکتریاکان سکچوونی کتوپڕ دروستدەکەن، بەهۆی بوونیان لەئاوی ناپاکژدا، یان لەڕێی ئەو خواردنانەی دەدرێت بەمنداڵ، بەڵام هەندێک جار هەیە بەهۆی هۆکاری ترەوە منداڵەکە توشی دەبێت، کەئەم هۆکارە کاردەکاتە سەر هەرسکردنو مژینی خۆراک لەریخۆڵەکاندا، ئەم کارە دەشێت ببێتە هۆی سکچوونی بەردەوام لەمنداڵەکەدا، بۆ نمونە حەساسیەت بەمادەی شەکری ناو شیری لاکتوز یان حەساسیەت بەمادەی گلوتنینی کە لەگەنمدا هەیە، یان حەساسیەت بەهەر خۆراکێکیتر، لەوانەیە منداڵ کێشەی زگماکی هەبێت لەریخۆڵەکاندا، بەڵام هەندێکجار سکچوونیش بەهۆی خواردنێکی تایبەتەوە دروستدەبێت، وەک پێدانی خواردنێک بەمنداڵ نەگونجێت لەگەڵ تەمەنیدا یان باری تەندروستیدا وەک پێدانی ئایس کریم بەمنداڵی تەمەن پێنج مانگ یان شەش مانگ، یان ئەو منداڵانەی هەرزوو شەکریان دەدریتێ، هەندێک جاریش سکچوون دروستدەبێت بەهۆی نەخۆشییەکی ترەوە، سکچونەکە وەک نیشانەیەک دەردەکەوێت بەبێ ئەوەی کێشەی لەریخۆڵەکانیدا هەبێت، بەڵام هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کێشەیەکی تەندروستی تر وەک هەوکردنی میزەڵدان، هەوکردنی گوێچکەی ناوەڕاست، هەوکردنی قوڕگ، گرانەتا.

# پیاوێك نزیکەی بەرمیلێک خوێنی بەخشیوە

## خوێنبەخشانی رانیە، ساڵانە سەدان بوتڵ خوێن بەخۆڕایی دەبەخشنە هاووڵاتیانو داوای مۆڵەت بۆ کۆمەڵەکەیان دەکەن

**فەرمان چۆمانی لەرانیە**

لەژوورێکی بچوکی تەلاری سنۆبەر لەناوشاری رانیەدا، عیسامەدینی تەمەن ٤٦ ساڵ لەگەڵ ئەندامانی گروپەکەی (رێبواری خوێنبەخش) هەمیشە لەئامادەباشیدان بۆ هەرکەسێک داوای خوێنیان لێبکات.

کەم کەس هەیە لەناو رانیەدا لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا، عیسامەدینو رێبواری خوێنبەش نەناسن، ئەوان هاوڕێی هەمیشەیی ئەو کەسانەن کەنەخۆشیی سالاسیمایان هەیە یان بەهۆی هەر حاڵەتێکەوە پێویستیان بەخوێن بێت.

عیسامەدین وتی "تائێستا زیاتر ٤٠٦ بوتڵم خوێنم بەخشیوە، هەست بەخۆشییەکی زۆر دەکەم کەتوانیومە ئەو خوێنە ببەخشم، جار هەبووە دوو بوتڵ خوێنم لەسەریەک بەخشیوە، هەرچەندە دکتۆرەکان رێگرییان لێکردومو وتویانە نابێت لەسەریەک دوو بوتڵ خوێن بدەیت".

عیسامەدین یەکێکە لەو سەدان کەسەی کەئەندامی گروپەکەی رێبواری خوێنبەخشن، هەزاران بوتڵ خوێنیان بەخشیوە بەو نەخۆشانەی لەچاوەڕوانی دڵۆپێک خوێنی زیاتردان تاوەکو درێژە بەژیانیان بدەن.

خوێنبەخشانی رانیە کەساڵانە سەدان بوتڵ خوێن بەخۆڕایی دەبەخشنە هاووڵاتیان، داوای مۆڵەت لەحکومەت دەکەن، بۆ کۆمەڵەکەیان تاوەکو بتوانن شێوەی خوێنبەخشینیان رێکتر بکەن.

عیسامەدین شێخ مستەفا لەساڵی ١٩٧٧ەوە خوێن دەبەخشێت، وتی "ئامانجم لەو خوێنبەخشینە خزمەتکردنە بەمرۆڤایەتی، خەڵک زۆرجار ویستویانە پارە بدەن، بەڵام رازی نەبووم، مانگ هەبووە سێ جار خوێنم داوە".

گروپی رێبواری خوێن بەخش نزیکەی ٣٠٠٠ ئەندامی هەیەو ماوەی ١٤ ساڵە خوێن دەبەخشنو داوای پێدانی مۆڵەت دەکەن بۆ کۆمەڵەکەیان.

رێبوار مستەفا عەلی ناسراو بەرێبواری خوێنبەخش سەرۆکی ئەو گروپەیە، بەدەستووری وت "ماوەی ١٤ ساڵە خوێن دەبەخشین، لەساڵی ٢٠٠٢ ەوە ئەو کۆمەڵەیەمان راگەیاندووە، ٣٠٠٠ ئەندامامان هەیەو بەردەوامیش خەڵک پەیوەندیمان پێوە دەکەن". رێبواری خوێنبەخش ئاماژەی بەوەدا بۆ وەرگرتنی مۆڵەت زۆر هەوڵمانداوەو چەندین شوێنیان پێکردووینو لە ٣-٨-٢٠٠٨ مامەڵەمان کردووە تائێستا هیچ وەڵامێکمان نەدراوەتەوە. رێبوار وتی "بێ مۆڵەت ناتوانین باج بۆ ئەندامەکانمان دروستبکەینو هەندێجار ئەندامامان هەیە دەیەوێت بچێت خوێن ببەخشێ، لەپرسگەی نەخۆشخانە رێگای چوونە ژووری پێنادەنو دەگەڕێتەوە".

کۆمەڵەکەی رێبواری خوێنبەخش لەتەلاری سنۆبەر لەشاری رانیە لەسەر پارەی خۆی بە ٢٠٠٠٠٠ دینار ژوورێکی بەکرێ گرتووە بۆ بارەگای کۆمەڵەکە، شانبەشانی کارەکەی کەپۆلیسی فریاکەوتنە کاری کۆمەڵەکەش بەڕێوەدەبات. رێبوار وتی "هەموو بەرپرسەکان کەدەمان بینن، دەڵێن کارێکی باشتان کردووە، بەڵام وەک پێویست شتە فەرمیەکانیان بۆ نەکردووین". هەروەها ئاماژەی بەوەدا ئەندامیان هەیە زیاتر لە ١٠٠ بوتڵ خوێنی داوە، دەمانەوێت لەسەرتاسەری کوردستاندا خوێن ببەخشینو ناوی هەموو ئەوانەم لەلایە کە لەپارێزگاکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆکەوە هاتوون خوێنمان پێداون.

بەپێی ئامارێکی بەشی بانکی خوێن لەنەخۆشخانەی رانیە لەساڵی ٢٠٠٩ ٣٦٢٨ بوتڵ خوێن وەرگیراوە، بەپێی ئامارێکیتر لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی رانیە٢١١٠ کیسی خوێن بەکارهێنراوەو ٤٣٩ نەخۆشی تالاسیماش لەو سنورە هەیە.

عەلی مەلا عەبدوڵڵا پێنج منداڵو خێزانەکەی نەخۆشی تالاسیمایان هەیە، مانگانە پێویستیان بەخوێن هەیە، باسیلەوەکرد "هەموو مانگێک خوێنم دەوێت، گروپی رێبواری خوێنبەخش خوێنمان بۆ دابین دەکەنو تا ئێستا هیچ پارەیەکمان بەرامبەر ئەو خوێنە نەداوە".

سەلمان حەسەن یاریدەدەری تاقیگەیە لەبەشی بانکی خوێن لەنەخۆشخانەی گشتی رانیە، ئاماژەی بەوەدا رۆژانە خەڵکێکی زۆر سەردانیان دەکات بۆ خوێنبەخشین، وتی "چەند گروپێک لەرانیە دروستبوون بۆ بەخشینی خوێن، لەوانە گروپەکەی رێبواری خوێنبەخشو بەکری قەسابیش کەنیمچە گروپێکی هەیە، هەروەها ئێمەش کۆمەڵێک ناومان لەلایە". سەلمان وتی "ئەو گروپانە زیاتر هاوکاریمان دەکەن، هاوکات کۆمەڵە خەڵکێکی زۆریش لەو سنورە پێویستیان بەخوێنە بەتایبەت ئەوانەی نەخۆشیی تالاسیمایان هەیە".

کۆمەڵەی تالاسیمای رانیە پەیوەندیەکی باشیان لەگەڵ گروپی رێبواری خوێنبەخش هەیە هەر لەسەرەتای دامەزراندنیانەوە.

عوسمان محەمەد سەرۆکی کۆمەڵەی تالاسیمای رانیە بەدەستووری وت "ئەو گروپە لەرووی خوێنەوە زۆر کارئاسانی بۆ کردووین، مانگانە زیاتر لە ٥٠ بوتڵ خوێنمان بۆ دابین دەکەن".





# سیاسییەکان بەدوای قوفڵی کلیلەکەوەن

## لەتورکیادا تێرۆرو توندوتیژی لەهەڵکشاندایە، جێگرەکەی ئەردۆگانیش دەڵێت بۆ پەکخستنی هەرگەریلایەك لەچالاکی، ١٠ ملیۆن دۆلار پێویستە



**محەمەد عەلی**

لەدوای بەرزبوونەوەی رێژەی شەڕو پێکدادانەکانی نێوان هێزەکانی سوپای تورکیاو گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستی (مەهەپە)، پرۆسەی کرانەوە بەهۆکار دەزانێتو داوای راگرتنی دەکات، پارتی دادوگەشەپێدانیش پێداگری لەسەر بەردەوامی ئەو پرۆسەیە دەکات، ناڕەزایەتییەکانیش لەمەڕ بارودۆخی ئێستای تورکیا لەلایەن حیزبە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەوە تادێت زیاتر دەبێت.

**سیاسییەکان پێشنیارەکانیان دەخەنەڕوو**

ئاکەپە بەسەرۆکایەتی رەجەب تەیب ئەردۆگان سەرەڕای ئەوەی پێیوایە بەرەنگاربوونەوەی تێرۆرو توندوتیژی زۆر لەسەر وڵاتەکەی کەوتووە لەڕووی داراییەوە، بەڵام سوورە لەسەر بەردەوامیدان بەقۆناغە جیاجیاکانی پرۆسەکە، ئەوەشی تائێستا ئەنجامدراوە لەچەند کرانەوەیەکی کلتووری زیاتر نییەو پێناچێت چ پەکەکەو چ بەدەپەش بەوە قایل ببن.

بەشیر ئاتالای وەزیری ناوخۆی تورکیا ئاماژەی بەوەکرد کەپارتەکەی ئەوان هیواخوازە جەنگو توندوتیژی لەوڵاتدا نەمێنێت بۆ ئەوەی هەمووان پێکەوە بەخۆشگوزەرانی بژین. ئاتالای وتی «لەبەرئەوەی پارتی دادوگەشەپێدان سوورە لەسەر بەردەوامیدان بەهەوڵەکانی لەچوارچێوەی کرانەوەی دیموکراسی، تەنانەت ئەگەرهەندێ لایەن سوودیشیان لەو توندوتیژییە وەرگرتبێت ئێمە لەکارەکانمان پاشگەزنابینەوە». ئاتالای ئاماژەی بەوەدا کەنایانەوێت خۆیان بە «ئەتنو رەنگی پێستەوە بەرتەسکبکەنەوە».

تائێستا رای جیاوازی حیزبە سیاسییەکان لەمەڕ پرۆسەی کرانەوەو هەروەها مەسەلەی پەکەکەو زیادبوونی توندوتیژییەکان لەوڵاتدا لەئارادایە، هەریەکەو پێشنیاری خۆیان بۆ ئەو دۆخە هەیەو تائێستاش لەسەر خاڵێکی دیاریکراو رێکنەکەوتوون.

دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی مەهەپەی نەتەوەپەرست پێیوایە پەکەکە لەڕێی بەرزکردنەوەی ئاستی توندوتیژییەکانییەوە دەیەوێت سنووری دەسەڵاتی خۆی فراوان بکاتو خۆی بکاتە خاوەی دەستپێشخەرییەکان. بۆیە بەبڕوای ئەو «هەموو پارتە سیاسییەکانو لەسەروو هەمووشیانەوە پارتی دەسەڵاتدار پێویستە دەست لەناودەست بنێن بۆ لەناوبردنی لەڕەگەوەی ئەو تێرۆرە».

باخچەلی دەڵێت گرژیو توندوتیژی لەهەڵکشاندایەو پێویستە هیچ کەسێک نکوڵی لەوە نەکات، ئاماژە بەوەشدەکات کە لەو رۆژەوەی پرۆسەی کرانەوە لەسەر دەستی ئاکەپە دەستی پێکراوە زیاتر لەسەد سەربازی سوپای تورکیا بەدەستی گەریلاکانی پەکەکە کوژراون ئەمە جگە لەبریندارەکان. باخچەلی جەختش لەوە دەکاتەوە کە لەگەڵ بەرزبوونەوەی پێکدادانەکانو چوونە سەرەوەی ئاستی توندوتیژییەکاندا فەرمانڕەوایەتی پەکەکە لەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتدایە زیاددەکاتو دەستپێشخەریی رووداوە سیاسییەکانیش دەگرێتەدەست.

سەرۆکی مەهەپە مەترسیو هەروەها نیگەرانی خۆشی لەوە نیشاندەدات کەئەو توندوتیژییەی ئەمڕۆ لەشارەکانی باشووری رۆژهەڵات هەیە، وای لێهاتووە لەناوجەرگەی تورکیاو لەشارێکی وەک ئەستەنبوڵیش ببینرێت. بەڕای ئەو «پەکەکە لەو رێگەیەوە دەیەوێت بەدەوڵەت بڵێت هەرکاتێکو لەهەر شوێنێک بمەوێ دەتوانم چالاکی لەدژی ئەو دامەزراوە یاخود کەسانە ئەنجامبدەم کەدەمەوێت».

**کلیلی قوفڵێکی لای ئۆجەلانە**

ئۆزداڵ ئوچەر پەرلەمانتاری پارتی ئاشتیو دیموکراسی رایدەگەیەنێت بۆ ئەوەی ئۆجەلان بەشدارییەکی ئەرێنی لەپرۆسەکەدا بکاتو کاریگەریی خۆی هەبێت پێویستە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە ئازادبکرێت. ئوچەر ئاماژەی بەوەشدا کەئەوەی رەجەب تەیب ئەردۆگان پێیوایە چارەسەرەو بۆ کێشەکەی دایناوە ئەوان بەچارەسەری نازاننو وتی «ئەوە ئێمەین کەجەنگ دەوەستێنینو ئاشتی وەدی دەهێنین».

ئۆزداڵ ئوچەر وتی «دەوڵەتی تورکیا لەم ساڵانەی دواییدا گەنجانو منداڵانی کوردی کردووەتە ئامانجو ژمارەیەکی زۆری لێ گوللەباران کردوونو دەستو قاچی ژمارەیەکی دیکەشی شکاندووە، بەو جۆرەش سەدەها منداڵو گەنجی کورد لەناوچوون». بەڕای ئەو لەئێستادا ئازادکردنی ئۆجەلان کلیلێکی چارەسەرەکانە.

**داوای گرتنەبەری رێگای تر دەکرێن**

حوسێن چەلیک جێگری رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆکی پارتی دادوگەشەپێدان ئاشکرایکرد کە لەهیچ شوێنێکی دنیادا نەبووە لەڕێی بەکارهێنانی چەکو بەرپاکردنی چەنگەوە کێشەی تێرۆر چارەسەرکرابێت. ئەو وتی «ئێمە جیاوازی ناکەین لەنێوان هیچ یەکێک لەو ٧٣ ملیۆن کەسەی دانیشتووی تورکیان، ئەتنو دینو زمانو ناوچەیان بەلامانەوە گرنگ نییەو هەموویان هاووڵاتی پلەیەکی ئەم وڵاتەن».

چەلیک ئاشکرایکرد کەتورکیا لەبەرەنگاربوونەوەی تێرۆردا سێ سەد ملیار دۆلاری خەرجکردووە، بەڵام ژمارەی ئەو چەکدارانەی پەکەکە کە تائێستا کوژراون یان ناچالاککراون بریتییە لەسێ هەزار کەس، بەو پێیەش بۆ هەر گەریلایەک پێویستی بە ١٠ ملیۆن دۆلارە تا لەچالاکی بخات.

# سیاسەتی بوێرانەی دەرەوەی تورکیا بەچارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە بەندە

**تۆراڵ چالشلار**

لەکاتێکدا کە بەقۆناغێکی هەستیار لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیادا تێدەپەڕین، بەڵام چارەسەری کێشەی کورد کلیلی بەدیموکراسی بوونی تورکیایەو لەسەروو کێشەکانی دیکەوەیە.

ئەردۆگان بەزمانێکی پڕ لەسۆزو کاریگەریی باسی کوشتی وەحشیانەی کەسێک لەسەر کەشتی مەرمەڕە لەلایەن کۆماندۆکانی ئیسرائیلەوە دەکات، هیچ رەخنەیەکم لەوە نییە، بەڵام لەو کاتژمێرانەدا کەئەردۆگان ئەو قسانە دەکات، هەمووان دەزانین کەهەزارەها منداڵی کورد لەبەندیخانەکانی باشووری رۆژهەڵاتی وڵات بەندکراون. ئەوەش نییە ئەو گۆڕانکارییە یاساییانەی دەبێتە هۆی پاراستنی مافەکانی ئەوان بەجۆرێک لەجۆرەکان لەپەرلەمان دەربچێتو ببێتە یاسا.

چالاکییە چەکدارییەکانی پەکەکە تادێت فراوانتردەبێت، هەموو رۆژێک تەرمی سەربازە کوژراوەکان سەرانسەری وڵات لەخەمدا نوقم دەکات. لەباشووری رۆژهەڵاتیش ئەو سیاسەتەی دژی ناسنامەی کورد پەیڕەودەکرێت قورستر بووە.

بەرپرسەکانی بەدەپە دەگیرێنو دادگایی دەکرێن. ئەردۆگان لەڕەخنە رەواکانی سەبارەت بەسیاسەتە دووفاقییەکانی رۆژئاوا بەرامبەر بەئیسرائیلو ئێران بەردەوامە.

بەردەوام هۆشداریی دەدات لەوەی کێشەکانی ئێران لەڕێی کۆبوونەوەوە چارەسەر بکرێن. ئەو سیاسەتەی دەرەوەی تورکیا کە بەڕابەرایەتی ئەردۆگان پەیڕەودەکرێت، دەتوانرێ بەسیاسەتێکی گونجاو لەڕووی راستییەکانی ناوچەکەوە ئەژمار بکرێت. هەندێ لایەن بەخۆشییەوە ئەوەیان نووسی کەسیاسەتی دەرەوە شکستی هێناو بووینە کۆیلەی سیاسەتێکی عەرەبی ئیسلامی، بەڵام ئەمە لەبەراووردکارییەکی تەنز ئامێز زیاتر نییە. چاوەڕوانی بنەڕەتی ئەوان بریتییە لەوەی کەپەیوەندییەکانی حکومەتەکەی ئەردۆگان لەگەڵ رۆژئاواو ئەمریکادا بپچڕێتو کەنارگیر ببێت، ئەوکاتیش لەژێر فشاری رۆژئاوادا حکومەتی جەهەپەو مەهەپە پێکبێت.

خواستی ئەوەی کەجەهەپەو مەهەپە حکومەت پێکبهێنن هیچ دیوێکی نائاسایی نییە، بەڵکو ئەمەش یەکێکە لەبژارەکان، بەڵام ئەم بژارەیە تادێت راستییە سیاسییەکان ئاوەژوو دەکاتەوە، دەیەوێت شکستەکان بەرهەمبهێنێت، دەڵێت «ئەگەر باشیانکرد یان خراپ ئێمە تەنها لەسەرمانە لایەنە نێگەتیڤەکە دەربخەین، بۆئەوەی لەئاکەپە رزگارمان بێت، باری دەروونی ئەم بژارەیە وردەوردە ئەو تێگەیشتنەی کەباسمانکرد زاڵدەبێت بەسەریدا».

ئەردۆگان لەسیاسەتەکانی دەرەوەدا سەرکێشی دەکات، بەجۆرێک سیاسەت دەکات لەسیاسەتە باوەکانی پێش خۆی نەچێت، بەڵام لەبارەی کێشەی کوردەوە لەجیاتی ئەوەی بەهەمان بوێریو پیشاندانی هەمان نەفەسەوە کاربکات، ناتوانێت لەپێکهاتەی ئەو چوارچێوە محافزکارە بێتە دەرەوە کە لەنێو سیاسەتی نێوخۆی تورکیادا گشتگیرو باوبووەو دەبێتە دیلی ئەو سیاسەتە.

«کرانەوەی کوردی» دەستپێکێکی گرنگ بوو، هەرچەندە ئێستاش هیوا بڕاو نیم لێی، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو قسە جوانانەی کرانو ئەو سەرەتایانەی کەنیازپاکییان پێوە دیاربوو، ئەو دۆخەی کەئێستا تێیداین دۆخێکی هیوابەخش نییە.

حکومەتی ئاکەپە کەوتووەتە سەر هێڵێک بەرەو ئەوە دەچێت کەبزووتنەوەی بەرگریکار لەناسنامەی کوردی لا بووەتە دوژمن، یا با نەڵێین دوژمن نەوەک قورس بێت، بەڵکو وەک کێبڕکێکارێکی خۆی تەماشای دەکات. ئەم کێبڕکێیە مەودای یاسایی لەبەردەم کوردەکاندا کەمدەکاتەوەو رووبەری دەسەڵاتی پەکەکە فراواندەکات. لەکاتێکدا کە لەسیاسەتی دەرەوەدا ئاسۆیەکی فراوانو مەترسییەکان لەبەرچاو دەگیرێت، بەڵام لەکێشەی کورددا ترسنۆکی هەیمەنەی خۆی درێژە پێدەدات. دەروازەی ئەو بەرەوپێشچوونانە دەکرێنەوە کەدەبنە رێگر لەبەردەم ئاشتی نێوخۆو بەدیموکراسیبووندا. ئەگەر حکومەتی ئاکەپە لەنێوخۆدا لەبەرامبەر راستییەکی لەوجۆرەی کۆمەڵگاکەیدا سوور بێت لەسەر ئەوەی خۆی بکاتە کەڕەی شەربەت، ئەوا لەدەرەوەش ناتوانێ ببێتە ئەکتەرێکی چالاکو ئاشتیخواز. کێشەی کورد هاوکات کێشەیەکی ناوچەییشە، ئەو دۆخی درێژە کێشان لەنەبووی چارەسەرە بۆ کێشەکە، ئەگەری لاوازکردنی سیاسەتی دەرەوەی تورکیای هەیە لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی. وڵاتانێکی وەک ئیسرائیل دەتوانن سوود لەم دۆخە وەربگرن، لەکاتێکدا تورکیا لەگەڵ کوردەکانی نێوخۆی خۆیدا لەجەنگدایە، ناتوانێ بەرەو ئەو ئامانجانە هەنگاو بنێ کە لەسیاسەتی دەرەوەیدا دیاریکردوون. ئایا ئەوە رێکەوتە کە لەکاتێکدا تورکیا سەرگەرمی دەستکردنە بەسیاسەتە ناوچەییەکانی، چالاکییەکانی گورچک بڕو بەربڵاوەکانی پەکەکە لەباشووری رۆژهەڵات دەست پێدەکەن؟ یان ئەوەیە پەکەکە دەیەوێت لەبەرامبەر ئەو فشارانەی لەسەر ناسنامەی کوردییەو بۆتە هۆی تووڕەیی هەڵمەتێکی لەباربردن لەم نێوەندە سیاسییەدا دەست پێبکات؟.

وەک دەرەنجامیش ئەگەر تورکیا دڵی کوردەکانی نێوخۆی بەدەست نەهێنێتو لەگەڵیاندا لەسەر بنەمای لێک تێگەیشتنێکی نوێ ئاشتییان بۆ فەراهەم نەکات، ئەوا ناتوانێ هەنگاوی گەورە لەسیاسەتی دەرەوەیدا بنێتو بگرە هەر مەحاڵیشە بینێت. حکومەتەکەی ئەردۆگان پێویستە لەپاڵ ئەو سەرکێشییانەی لەسیاسەتی دەرەوەیدا دەیکات، هەندێ سیاسەت کەیەکبگرێتەوە لەگەڵ ئەوانەی دەرەوەیداو پەیوەست بێت بەکێشەی کوردەوە پەیڕەوبکات، لەپاڵ باسکردنی کوژرانی کەسێک لەسەر کەشتی مەرمەڕە پێویستە ئاگای لەمنداڵەکانی باشووری رۆژهەڵاتی وڵاتەکەشی بێتو هەنگاو بەرەو چارەسەرکردنی گرفتەکانیان بنێت.

لەکاتێکدا کە لەنێوخۆدا دیموکراسی نەبێتو لەپرۆسەی بەرەو بەدیموکراسیبوونیشدا هەنگاوێک بەرەو پێشەوە نەنرێت، سیاسەتەکانی دەرەوە مەحکومن بە ناتەواوی.

**و. محەمەد عەلی. رۆژنامەی رادیکاڵ**

# سوپای پاسداران، حکومەت لەناو حکومەتدا

مارتین جیهلێن

سوپای پاسدارانی ئێران نەیارانو بەرهەڵستکاران سەرکوت دەکەنو ئەندامانی ئەم هێزە لەلوتکەی هێزو دەسەڵاتدان، سەرچاوەو کۆڵەکەکانی هێزو ئابووریو سەربازییان لەبەردەستدایەو لەخزمەتی خوداو پارەدا خەریکی چالاکین.

سوپای پاسداران خۆیان بەپارێزەری ئایدۆلۆژی کۆماری ئیسلامی دەزانن، بۆ ئەملاوئەولا پشتگیری لەحکومەت دەکەنو زیاتر لەجاران خەریکی قایمکردنو دۆزینەوەی کۆڵەکانی هێز لەبوارەکانی ئابووریو سیاسەتدان. مەحمودی ئەحمەدی نەژاد یەکێک لەئەندامانی سوپای پاسدارانی ئێران بووە، نیوەی زیاتری ئەندامانی کابینەی دەوڵەتەکەشی لەسوپای پاسداراندا خزمەتیان کردووەو یەک لەسەر سێی پەرلەمانتارانی ئێرانیش لەپاسدارە کۆنەکانن.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەساڵی ٢٠٠٧ سوپای پاسدارانی خستە ریزی رێکخراوە تیرۆریستییەکانی جیهانو لەدانیشتنەکەی رۆژی چوارشەممەی هەفتەی رابردووش، سوپای پاسداران بەردەنگی سەرەکیی سزاو ئابلۆقە تازەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بەرێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بوو. کەچی جێگری فەرماندەی سوپای پاسدارانی ئێران، هەروەک ئەوەی کە نە بای دیبێو نە بۆران، پرسی ئەگەرەکانی خۆپیشاندان لەرۆژی شەممەی ئەم هەفتەی شارەکانی ئێرانی ورووژاندو رایگەیاند «چاوی ئاژاوەگێرەکان دەردێنین». بەلانی کەمەوە یەک ملیۆن بەسیجیش کە لەرەوتی نائارامییەکان بەتوندی بەرەورووی بزووتنەوەی سەوز بوونەوە، لەژێر بریارو فەرمانی سوپای پاسداراندان.

بڵاوبوونەوەی گرتەیەکی نوێی ڤیدیۆییو وێنەی «ندا ئاقا سوڵتان»ی ٢٦ ساڵ تەمەنیش کە لەبەربەرەکانێ لەگەڵ مەرگ لەشەقامەکانی تاران لەلایەن هەموو جیهان بیندرا، بەدەستی بەسیجییەک کوژرا. پێدەچێ یەکێک لەهۆکارەکانی هەڵوەشاندنەوەی بریاری خۆپیشاندانیش لەلایەن رابەرانی نەیار لەرۆژەکانی رابردوو، بۆ ترس لەتوندوتیژییەکانی بەسیج بگەڕێتەوە.

سوپای پاسدارانی ئێران بە ١٢٠هەزار چەکداری سەوزو زەیتونی پۆش، رێکخراو لەسێ هێزی زەمینیو ئاسمانیو دەریایی لەباری سەربازییەوە هێزێکی تەواو پۆشتەو پەرداخەو بەپێی هەموو بەڵگەو دۆکۆمێنتەکان، چەکوتەقەمەنییەکانی ئەم هێزە لەزۆر بواردا مۆدێرنترو پێشکەوتووتر لەئەرتەشی ئێرانە. سیستمی مووشەکیو بەشێک لە گەلاڵە ئەتۆمییەکانی ئێران لەژێر کۆنترۆڵو چاودێری ئەواندایە، لەلایەکیترەوە فەیلەقی سوپای قودس لەسەر دەستی سوپای پاسداران بۆ هەڵمەتە سەربازییەکانی دەرەوەی وڵات پەروەردە کراون، لەچەند هەفتەی رابردووش سوپای پاسداران مانۆڕێکی سەربازیی لەکەنداودا بەرێوەبرد. زیاتر لە٤٠ لەسەدی نەوتکێشەکانی جیهان لەدورگەی هۆرمزەوە تێپەڕ دەبنو ئەمە لەکاتێکدایە کە ٤٠ بەلەمی خێراپێوی تەیار بەمووشەکی دەریایی سوپای پاسداران بەشێوەیەکی بەردەوام خەریکی گەڕانن لەم دورگەیەدا.

سێ مانگ دوای رووخانی شا، ئایەتوڵڵا خومەینی سوپای پاسدارانی دامەزران تا لەشۆڕشو دەسکەوتەکانی پارێزگاری بکا. ئەمرۆ سوپای پاسداران تەنیا وەڵامدەرەوەی رابەری کۆماری ئیسلامی، ئایەتوڵڵا خامنەییە کە لەم پێوەندییەدا قازانج بۆ هەر دوو لایەنی تێدا بەدی دەکرێ. رابەری حکومەتی ئێران کەهێزو توانایی ناوخۆیی لەدەستداوە، پاڵی بەسوپای پاسدارانەوە داوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کەخامنەیی رابەر، دەستی سوپای پاسدارانی لە ٧٠ لەسەدی ئابووری دەوڵەتی ئێران ئاوەڵاکردووە.

گروپی پیشەسازی «خاتەمول¬ئەنبیا» یەکێک لەبەهێزترین دامەزراوە ئابوورییەکانی ئێرانە، کە هاوشان لەگەڵ ١٤ کۆمپانیایتر لەریزی ئابلۆقەکانی ئەنجومەنی ئاسایش جێگیرکراوە. ئەم گروپە ئابوورییە لەبەشەکانی نەوتو غازو جادەدا خەریکی ئیشوکارە. ٨١٢ کۆمپانیا لەژێر چەتری گروپی «خاتەمول ئەنبیا» چالاکی دەکەن کەتەنانەت چەندین بنکەی پزیشکی لەبوارەکانی چاوو ددان لەخۆدەگرێ. لەنوێترین چالاکییدا، ئەندازیارانی ئەم گروپە خەریکی کێشانی بۆریەکی غاز لەکەنداوەوە بۆ پارێزگای سیستانو بلوچستانن کەگەڵاڵەکە بڕی یەک ملیارد دۆلاری تێدەچێ. لەدۆزینەوەو هەڵکێشانی چەندین بەش لەمەیدانە غازییەکانی ناسراو بە «پارسی جنوبی»، کۆمپانیا نەرویجیەکان وەلانرانو رادەستی ئەم گروپە زەبەلاحە ئابوورییەی سەر بەسوپای پاسداران کرا. لەلایەکیترەوە کۆمپانیای بیناسازی «سپاسد» لەتارانو تەورێز میترۆ بە ئەرزشی ٢ میلیارد یۆرۆ سەر بەسوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە.

سوپای پاسدارنی ئێران لەقاچاخی کەلوپەلو کاڵا یاساغکراوەکانی دوبەی بۆ ئێرانیش بەشێوەیەکی بەربڵاو خەریکی کۆکردنەوەی قازانجە. بەشێکی زۆر لەکۆی ٤٠٠ هەزار ئێرانیی دانیشتووی دوبەیو ٩٠٠٠ کۆمپانیای هەناردەکردنو هاوردەکردنی ئێرانی لەو شارە، خەریکی کۆکردنەوەی قازانجن بۆ سوپای پاسدارانو لەژێر ناوی کۆمپانیای ئەهلیو تایبەتیدا خەرکی چالاکیی ئابوورین.

عەلی رەزای نادر لەنووسەرانی راپۆرتە ١٤٤ لاپەڕەیەکەی دامەزراوەی رانتی کالیفۆرنیا دەربارەی سیستمی هێزو دەوڵەت لەئێران بەمشێوە دەدوێ «سوپای پاسداران نەتەنیا باڵادەست لەبواری ئابووری ئێرانە، بەڵکو زیاتر لەجارانیش خەریکی پاوانکردنی حکومەتە. بۆنمونە لەئۆکتۆبەری رابردوو کۆمپانیای «ئێعتمادی موبین» بەبڕی سێو نیو میلیار یۆرۆ، پشکی لەتەلەفۆنی ئێران کڕی کە ئەم بوارە سەر بەدەوڵەتەو زیاتر لەنیوەی ئەم بوارە دەوڵەتییە سەر بەسوپای پاسدارانە. بەمشێوە سوپای پاسداران لەداهاتوویێکی نزیکدا تەلەفۆنە نۆرماڵەکانو دوو شەبەکە لەگەورەترین شەبەکەکانی مۆبایلو بەگشتیی سەرجەمی هێڵە ئەنترنێتییەکان بەدەستەوە دەگرێ».



# خۆپیشاندان لەئێران بەردەوامە

هیوا سەلیمی

لەرۆژی شەممە ١٢ی ئەم مانگە ساڵرۆژی هەڵبژاردنە پرکێشەکەی کۆماری ئیسلامی، شاری تارانو چەندین شاری دیکەی ئێران، خۆپیشاندانی نارازیانی بەخۆیەوە دیتو لەچەندین شوێنی تارانو مەشهەد لەنێوان خۆپیشاندەرانو هێزەکانی پۆلیسی ئێران تێکهەڵچوونو پێکدادان هاتەئاراوە.

**داواکرابوو خۆپیشاندان نەکرێ**

رابەرانی بزووتنەوەی سەوز چەند هەفتەیەک لەمەوبەر لەچەندین چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی داوایان لەخەڵک کردبوو، کەبەشدارییەکی چالاکانە لەخۆپیشاندانەکانی ساڵرۆژی هەڵبژاردنەکان بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش داوای مۆڵەتی رەسمیان لەوەزارەتی ناوخۆی ئێران کردبوو، بەڵام هەروەک چاوەڕواندەکرا وەڵامی ئەم داواکارییەی ئەوان نەدرایەوە.

کاربەدەستان رایانگەیاند کەهەر جۆرە کۆبوونەوەیەک بەتوندترین شێوە وەڵامی دەدرێتەوە. ئەمەش رێگەی بەنارازیانی تارانو باقی شارەکانی تر نەگرت. بەپێچەوانەوە ئەمجارەیان لەدوای وەڵامنەدانەوەی وەزارەتی ناوخۆی ئێران بەخواستی رابەرانی بزووتنەوەی سەوز، مووسەویو کەڕوبی کاندیدە نارازییەکانی خولی دەهەمی سەرۆک کۆماری، رایانگەیاند کەخۆپیشاندان بەرێوەناچێو لەهەمانکاتدا داوایان لەخەڵک کرد کە نارەزایەتییەکان بەشێوازیتر درێژەی پێبدرێت.

شیرین حسێنی دەرچووی زانستە سیاسییەکانو چاودێری سیاسی دانیشتووی سوید، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت رووداوی عاشورای خوێناویی ساڵی رابردوو نیشانیدا کەهێشا هێزە چەکدارەکانی ئێران توانای سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکانیان هەیە.

**لەزانکۆکانەوە دەستپێکرد**

بەپێی راپۆرتی زۆربەی هەواڵنێرییەکان، بەهەزاران خوێندکار بەشداری نارەزایەتییەکانیان کردووەو تێکهەڵچوونی قورسیش لەنێوان هێزە ئەمنیەتییەکانی ناو زانکۆکانو خوێندکاران هاتۆتەئاراوە. لەخۆپیشاندانی هەزاران خوێندکاری زانکۆکانی تاران، تووندترین دروشمەکان لەدژی حکومەتی ئێران وترایەوەو هاوکات بەدەیان کەس لەشەقامەکانی تارانو مەشهەد لەلایەن پۆلیسی ئێرانەوە دەستگیرکراون.

سەبارەت بەژمارەی دەستگیرکراوەکان، ساجدی نیا فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی تاران رایگەیاندووە، کە ٩١ کەس دەستگیرکراون. بەڵام رێکخراوی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی ئێران لەبڵاوکراوەیەکدا رایگەیاندووە کە ٩٠٠ کەس دەستگیرکراون.

هاوکات لەگەڵ خۆپیشاندانە پەرشوبڵاوەکانی تارانو شارەکانی دیکە، ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات لەشارە جیاجیاکانی ١٦ وڵاتی جیهان خۆپیشاندانی بەربڵاوییان رێکخست.

کاوە فەتاحی چالاکوانی سیاسیی لەرۆژهەڵاتی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور نارەزاییەکانی رۆژی شەممەی بەسەرکەوتن وەسفدەکات، وتی«بەبڕوای من هیچ شتێک نەگۆڕاوەو دەسەڵات تەنیا بەهێزی سەرکوت دەتوانێ کۆنترۆڵی شەقامەکان بکات. نارازیان لەرۆژی شەممە، لەهەر شوێنێک بۆشایی ئەمنییان بەدی کرد، شەقامیان داگیرکردو خۆپیشاندانیان بەرێوەبرد».

مێهرداد دەرویشپوور مامۆستای کۆمەڵناسی لەزانکۆکانی سوید لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت لەمێژووی بزووتنەوەی خوێندکاری ئێراندا زانکۆکان بەردەوام ئاوێنەی باڵانمای کۆمەڵگاکەیان بوون، سەرجەم خواستەکانیان هەمان خواستی کۆمەڵگاکە بووە.

**بزووتنەوەی نارازییان بەردەوامە**

لەتازەترین هەواڵدا نارازیان باسیان لەوەکردوە کە لەرۆژەکانی داهاتوودا خۆپیشاندان دەکەنو خوێندکارانی زانکۆی کوردستانیش بەبڵاوکردنەوەی راگەیەندراوێک، رایانگەیاندوە مان لەخواردن دەگرن.

سەرچاوەیەک لەزانکۆی کوردستانی شاری سنە لەپەیوەندیەکی تەلەفونیدا بەرۆژنامەی دەستووری راگەیاند «ئێمە هەرگیز شەهیدان کیانوش ئاسا، ئیحسان فەتاحیانو سۆهراب ئیعرابی لەبیرناکەینو بۆیەش دەست بۆ مێزی خواردنەکان نابەین».

ئەو چالاکوانەی بواری خوێندکاری زانکۆی کوردستان داواشی لەسەرجەم خەڵکی کوردستان کرد لەو رۆژەدا پشتیوانی لەخوێندکاران بکەن.

**کەڕوبی ئەمجارەشیان کەوتە بەر پەلاماری هێزەکانی حکومەت**

ئۆتۆمبێلی مەهدی کەڕوبی لەسەردانێک بۆ شاری قومو بۆ دیدار لەگەڵ مەرجعە شیعەکانی ئەو شارە، کەوتووەتە بەر هێرشی توندڕەوە بەسیجییەکانو تێکشکێندراوە. لەزۆربەی بۆنەو یادەکان مەهدی کەڕوبی وێڕای خەڵک دەهاتە سەرجادەکانو چەندین جار بەغازی فرمێسک رێژو باتۆم هێرش کرایە سەر خۆیو ئۆتۆمبێلەکەی. تەنانەت باس لەوە دەکرێت کەماڵەکەی لەتاران چاودێری وردی هێز ئەمنیەتییەکانی بەسەرەوەیە.

شیرین حسێنی لەوبڕوایەدایە کەحکومەتی ئێران هەستانەوە بەخۆیەوە نابینێو وتی«ئومێد بەگۆڕان سەرتاسەری کۆمەڵگای ئێرانی تەنیوەتەوە. ئەمەش خاڵی لێکدادانو خولقانی فەزایەکی نوێیە».



پۆل ریکۆر

# رێبازەکانی خوێندنەوەو راڤەکردنی دەق

بەشی یەکەم

ئاری عوسمان خەیات

**بەرایی:**

رێبازەکانی خوێندنەوەو راڤەکردنی دەقی ئەدەبی، پرسێکی گرنگی دونیای نووسینە، بەو پێیەی هەر لەبنەڕەتەوە هیچ دەقێک سەد لەسەد دروستو تەواو نییە، هەتا نەخوێندرێتەوەو نەخرێتە ژێر هاوێنەی رەخنەو شرۆڤەکارییەوە. بەواتای ئەوەی دەق بریتییە لەو پانتاییەی نێوان نووسەر (خاوەنی دەق)و خوێنەر (وەرگری دەق)، کە تێیدا پێکدەگەنو لەوێوە پێوەندیی لەنێوانیاندا دەست پێدەکات. بۆیە لەوەها بارێکدا پرۆسەی خوێندنەوە دەبێتە ئەو ئامرازەی لەفەزا بەرهەمهێنراوەکەی دەقدا، ئەرکی تەواوکردنی ئەو پەیوەندییەی دەکەوێتەسەرو بەرەو وێستگەی چێژە ئیستاتیکییەکانی دەبات.

ئەرکی ئەم بابەتەی ئێمە لێرەدا، بەخێرایی گەڕانو گوزەرکردنە بەنێو هەندێک سەرنجو بۆچوون، لەبارەی دەق بەگشتیو دەقی ئەدەبی بەتایبەتیو هەروەها رێبازەکانی خوێندنەوەو راڤەکردنی دەقی ئەدەبی، کەبێگومان لەدواجاردا هیچ نەبێ هەوڵێکی بچوکەو دەچێتە پاڵ ئەوانیتر.

**دەق چییە؟**

بۆئەوەی بەوردی لەڕێبازەکان (میتۆدەکان)ی دەق تێبگەین، لەپێشا پێویستمان بەوەیە لەخودی دەق تێبگەین. هەڵبەت تێگەیشتنێکی وا، کەهیچ نەبێت بەرچاوڕوونییەکی ئەوتۆمان بداتێ، بۆئەوەی بتوانین لەڕێگەیەوە بچینە نێو هەندێ وردەکاری سەرپێیانەی بابەتەکەوە، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ پەنا بەرینە بەر بۆچوونی پسپۆڕانی بوارەکەو دواجاریش لەژێر رۆشنایی زانینی تایبەتی خۆماندا، وەک پێویستو بەپێی توانا، شەنوکەوێکیان بکەین.

بۆ پێناسەکردنی دەق، بۆچوونگەلێکی زۆرو هەمەجۆر لەبەردەستدان، کەهەریەک لەو پێناسانەش لەڕوانگەی تێگەیشتنو دنیابینی جۆراوجۆرو ئاستی مەعریفیو فیکری خاوەنەکانیانەوە، بارگاویین بەبیروبۆچوونی جیاواز، کە لەکۆی گشتیدا، مەبەستو ئامانج لەو جیاوازییانەدا، ناساندنی دەقو چەمکی دەقو رۆشنکردنەوەی رێگەکانی راڤەکردنو خوێندنەوەی دەقە.

"دەق هیچ کات بۆچوونو پەیامی خۆی بەسانایی نادا بەدەستەوە، بەڵکو دەکرێت بەشێوازی جۆراوجۆر لەدەق تێبگەین، شێوەی تێگەیشتنی دەق دەبێتە چەشنی روانگەو تێڕوانینی خوێنەر بۆ دەق. کاتێک لەتێگەیشتنی تایبەت بۆ دەق دێینە گۆ، لەڕاستیدا روانگەی خوێنەرێکی تایبەت لەم داهاتەدا دێتە ئاراوە." (١)

یەکێک لەپێناسە گشتییەکانی دەق، ئەوەی (هیلمسلاف)ە، کە لەڕاستیدا تێگەیشتنێکی تایبەتییەو توانیوویەتی تاڕادەیەکی باش سەرنجمان بۆ لای خۆی رابکێشێ. ئەو پێیوایە: "دەق (گۆکراوێکە) ئیدی بەهەرچەشنێک بێت: زارەکی یان نووسینەکی، درێژ یان کورت، کۆن یان نوێ". بەوەشدا دەکرێ بڵێین: "وشەی (ڕاوەستە) بۆ خۆی بەتەنها دەقێکەو چ جیاوازییەکی لەگەڵ رۆمانێکدا نییە، چونکە لەڕوانگەی ناوبراوەوە، هەموو بەرهەمهێنراوێکی زمانی، بۆ خۆی بریتییە لەدەقێکی تەواو، ئەمەش بەو پێیەی یەکێک لەخەسڵەتەکانی هەر دەقێک، توانایەتی لەسەر شیکارکردنو راڤەکاریو لێکدانەوەو دابەشکردن، بۆ چەندین پارچەو بەشی بچوک بچوک، تا رادەی ئەوەی چیدی تواناکانی پارچەکردنو بەشکردن دەگاتە بنبەست. (٢)

کەواتە دەق یەکەیەکی گشتی گەورەیەو لەچەندین گشتی بچوک پێکهاتووە، کەدواجار هەر گشتێک لەوانە توانای دابەشبوونو پارچەبوونیان هەیە، بەسەر چەندنی گشتی لەخۆیان گچکەتر. ئەم تایبەتمەندییەش وادەکات، کەدەقە راستەقینەکان درەنگتر لەناوبچنو وێڕای تێپەڕبوونی کاتیش گەرموگوڕی خۆیان لەدەستنەدەن. کەواتە لەمەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی بڵێین: بەشو پارچە بچوکەکانی دەق، میکانیزمی کارکردنی ئەلەکترۆنو نیترۆمی نێو ئەتۆمەکانمان بیر دەخەنەوە، کە تا بەسەر یەکدا دابەشبکرێنو تا پارچەپارچە بکرێن، هێندەی تر زیندوو دەبنەوە.

سەبارەت بەپێناسە تایبەتییەکانی دەقیش، بەهەمانشێوە بەقەد زۆری سەرچاوە جیاجیاکان، پێناسەو لێکدانەوەی جیاجیامان لەبەردەستە.

(رشید بن حدو) دەڵێ: "دەق بریتییە لەپرۆسەیەک، کەنووسینەوەی تێدا دەخوێندرێتەوەو خوێندنەوەی تێدا دەنووسرێتەوە". هەروەها (جولیا کریستیڤا J.Krisieva) دەڵێ: "دەق ئامرازێکی زمانەوانییە، لەڕێگەی بەستنەوەی بەپرۆسەی ئاخاوتنەوە، دووبارە دابەشکردنەوەی سیستمی زمانەوانی بەڕێوەدەچێت. مەبەستیش لەمە هەواڵەکردنو گەیاندنێکی راستەوخۆیە، بەهاوکاری سەرجەم چەشنەکانی گۆکردن، بەڕابردوو و ئێستاشیەوە". (پۆل ریکۆر P.Recourd)یش دەڵێ: "دەق گوتارێکە لەڕێگەی نووسینەوە، دەچەسپێ" (٣).

لەم روانگەیەوەو لەلێکدانەوەی ئەو سێ پێناسەی سەرەوەدا، دەبینین، پێناسەی یەکەم لەجوغزی نووسینەوەو تۆمارکردن دەرنەچووە، بەو پێیەی هەردوو پرۆسەی خوێندنەوەو نووسینەوەی تێهەڵکێش کردووەو لەیەک مەودادا مامەڵەی لەگەڵ کردوون. ئەوەی (کریستیڤا)یش، وەک بەرهەمهێنراوێک لەدەق دەڕوانێو پەیوەستی دەکات بەسیستمێکی دیاریکراوی زمانەوانییەوە. پێناسەی سێیەمیش کەئەوەی (ریکۆر)ە، جەختدەکاتەوە لەسەر پرۆسەی نووسینەوە، بەواتای ئەوەی دەق دیاردەو حاڵەتێکی تۆمارکراوەو (نووسین)یش، کەرەستەکەیەتی.

بۆئەوەی هەنگاوێک زیاتر لەناوەڕۆکی سەرەکی بابەتەکەمان نزیکبینەوە بۆچوونێکی (بەشیر ئیبریر)، کە لەوتاری (النص الادبی و تعدد القراءات)دا، ئاماژەی پێداوەو

> هیچ دەقێك نییە بتوانین بەیەکجار خوێندنەوە، لەڕوخسارو ناوەڕۆکی تێبگەینو بچینە دیوی دووەمی دەقەوەو تخوبەکانی تێپەڕێنین. دیارە هەر ئەو حاڵەتەش کۆمەکمان دەکات بەوەی دەقی سەرکەوتوو لەدەقی سەرپێیو بازاڕی لێکجیابکەینەوە

نووسیویەتی، دەخەینەڕوو. ئەو پێیوایە: "دەقی ئەدەبی بریتییە لەدەقێکی مەعریفی (زانستەکی)، بەواتای ئەوەی رستێک لەبیرو بۆچوونی مەعریفەی مرۆڤایەتی لەخۆ دەگرێ، کەگرنگترینیان مەعریفەی ئەدەبییە، بەڵام ئەو جۆرە مەعریفەیە بەتەنها بەس نییە بۆ تەواوکردنی دەقێکی ئەدەبی، هەربۆیە تێگەیشتن لەدەقێکی وا، بۆ خوێنەرێک، کەتەنها شارەزایی لەمەعریفەی ئەدەبیدا هەبێ، کارێکی ئاسان نییە، بۆیە دەبێ پەنا بەرێتە بەر مەعریفەگەلێکی تر، چونکە دەقی ئەدەبی، مەعریفەگەلی هەمەجۆر لەخۆدەگرێ: مێژوویی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، سیاسیو تەنانەت مەعریفەی ئابووریو زانستیشی تێدایەو هەروەها سەرجەم مەعریفە مرۆڤایەتییەکانی تر، هەر ئەوەشە، کە بەرپرسیارەتییەکی تر دەخاتە ئەستۆی ئەوانەی لەبواری ئەدەبو نووسینو خوێندنەوەدا خۆیان قاڵ کردووەو دەستیان داوەتێ، کەئەویش بریتییە لەزانینی زۆرترین بڕی مەعریفەو زانیاری، تا لەڕاڤەکاریو خوێندنەوەی دەقەکاندا پشتیان پێببەستن.

**رێبازەکانی خوێندنەوەی دەق چیین؟**

هیچ دەقێک نییە بتوانین بەیەکجار خوێندنەوە، لەروخسارو ناوەڕۆکی تێبگەینو بچینە دیوی دووەمی دەقەوەو تخوبەکانی تێپەڕێنین. دیارە هەر ئەو حاڵەتەش کۆمەکمان دەکات بەوەی دەقی سەرکەوتوو لەدەقی سەرپێیو بازاڕی لێکجیابکەینەوە. هاوکات ئەو حاڵەتە، دەبێتە رێگەو رایەڵێکی باش لەنێوان خاوەن دەقو وەرگردا (واتا لەنێوان نووسەرو خوێنەردا)، بۆ دروستبوونی پردی پەیوەندیی لەنێوان هەردوو لایاندا، هەروەک ئەو پردی پەیوەندییەی نێوانیشیان، بۆخۆی دەبێتە ئەرخەی گەیاندنی (پەیامی دەق)، کەدواجار ئەمەش مەبەستو ئامانجی هەموو دەقێکی سەرکەوتووە.

رێبازەکانی دەقیش وەک زۆر لایەنی تری ژیانی مرۆڤایەتی، بەپێی سەردەم گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو گەشەیان کردووە، ئەوەبوو لەگەڵ دەرکەوتنی تیۆرەکەی (چارلس داروین) دا، بەناونیشانی (بنەچەی رەگەزەکان) لەبواری ئەدەبیشدا تاقیکرایەوەو سوودی لێبینرا، بەتایبەتیش لەساڵی ١٩٥٧دا (سپینسەر) کتێبێکی بەناونیشانی (پێشکەوتنو یاساو هۆیەکانی) نووسیو ئەوەی روونکردەوە، کە لەنێوانی مێژووی هونەرو ئەدەبیاتدا هەروەکو زانستەکانی تر گەشەکردن بەدی دەکرێت.

دکتۆر (هیمدادی حوسێن) درێژە بەو رایەی سەرەوە دەداتو دەڵێ: "ئەمەش رۆڵی باشی گێڕا لەڕوونکردنەوەی چۆنییەتی کاریگەریی کۆمەڵگەو دابونەریتو ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیو رامیاریو ئابووریدا دێنو لەسەر بۆچوونو رامانی نووسەرو لەپێکهێنانی دەقێکی ئەدەبیدا بەشێوەیەکی گشتی رۆڵی خۆیان دەبینن، وەکو ئەوەی رەخنەگری فەرەنسی (تین Tain) بەکاریگەریی ژینگەو رەگەزو دەوروبەر ناوی دەنێت، ئەم کێشەیە لەڕۆژی ئەمڕۆدا لەئەدەبیاتی میللەتانی رۆژهەڵاتو رۆژئاوادا هەستی پێدەکرێت.. (٤)

ئەو حاڵەتی گەشەکردنو پێشکەوتنو گۆڕانکارییە لەدونیای دەقدا، وایکردووە هەر کەسەو بەشێوەیەک رێبازەکانی دەق دیاری بکەنو قسەی خۆیانی لەسەر بکەن، هەروەک (چارلز برێسلێر) بەمشێوەیە قسەی لەسەر کردووەو وتوویەتی: "ئێمە بۆ خوێندنەوەی رۆمان، کورتەچیرۆک، شیعر یان هەر چەشنە دەقێکی ئەدەبی تر چوارچێوەیەکی زەینیمان هەیە، کە بەشێوەی خودئاگا یان ناخودئاگا، چاوەڕوانییەکانمانی تێدا گونجاوە، هەروەها ئەو شتەی کە لەدەقێکدا هەڵیدەبژێرینو دەینرخێنین وەک دوو لایەنی چاک یان خراپ، ئەخلاقی یان نائەخلاقیو جوان یان ناحەز دەیسەلمێنین، ئەوەی راستیبێ، دەبەسترێتەوە بەو چوارچێوە زەینییەی کەبەردەوام لەحاڵی بەرفراوانبووندایە" (٥)

> رێبازەکانی دەقیش وەك زۆر لایەنی تری ژیانی مرۆڤایەتی، بەپێی سەردەم گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو گەشەیان کردووە

کەواتە خەسڵەتی گۆڕانکارییو پەرەسەندن لەشێوەو شێوازەکانی دەقدا، وایکردووە، کەبۆچوونگەلی زۆرو لێکجیاواز لەو بارەدا بێتە کایەوە، بۆیە خراپمان نەکردووە، ئەگەر لێرەدا جارێکی تر پاڵپشتی لەبۆچوونێکی (برێسلێر) بکەین، کەدەڵێ: " تیۆریمان هەیە لەسەر خودی بەرهەمی ئەدەبی سوورەو پێیوایە دەق هەڵگری سەرلەبەری ئەو زانیارییە پێویستانەیە، کەدەمانگەیەننە دەڤەری راڤەکردن. تیۆرییەکی لەم دەستە دەق لەچوارچێوەو زەمینەی مێژوییو کۆمەڵایەتییەکەی خۆی دادەبڕێو سەرنج دەداتە فۆرمە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکانی دەق، وەک زاراوە، وشەبژێرو شێواز، تیۆرییەکی تر دێتو هەوڵدەدا دەق بەپێی زەمینە مێژووییو سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئاینیو ئابوورییەکان بخوێنێتەوە" (٦)

بەهەرحاڵ، ئێمە دەگەڕێینەوە سەر ئەو حاڵەتەی کە بەشێوەیەک دیارو بەرچاو لەلایەن زانایانەوە قسەی لەسەر کراوە، ئەویش دیاریکردنی دوو رێگەیە، یان دوو رێبازیان دەستنیشانکردووە بۆ خوێندنەوەی دەق، کەبریتین لە: رێبازی دەرەکیو رێبازی ناوەکی.لێرە بەدوا زیاتر تیشک دەخەینە سەر ئەو دوو رێبازە.

> دەقی ئەدەبی بریتییە لەدەقێکی مەعریفی (زانستەکی)، بەواتای ئەوەی رستێك لەبیروبۆچوونی مەعریفەی مرۆڤایەتی لەخۆ دەگرێ، کەگرنگترینیان مەعریفەی ئەدەبییە

*** سەرچاوەو پەراوێزەکان:**

١. عەلی رەزا قایمی نیا: دوو شێوە بۆ شیتەڵکاری دەق لەگۆشەنیگای شلایر ماخێر، و. عادل محەمەد پور، چاپی یەکەم ١٣٨٠ی هەتاویی، تاران، لا ٢١

٢. د. لمیاو باعشن: نظریات قراوە النص، موقع (الجزیرە الثقافیة)، فچاوات، العدد (٢٢٨)، ٢٠٠٨/١/٧

٣. بشیر ئیبریر: النص الادبیو تعدد القراوات، بحپ فی google.

٤. هیمدادی حوسێن: دەروازەیەک بۆ رەخنەی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٧، لا (٢٥-٢٦)

٥. چارلز برێسلێر: رەخنەی ئەدەبیو قوتابخانەکانی، و: عەبدولخالق یەعقووبی، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٢، لا ٢٤.

٦. ه. س. پ، لا ٢٨.

# ئەحمەد کایا (دیموکراتی ماندوو)

ئا: سووسەن ئەبوبەکر

**دڵم تەنگە**
**قسەم بۆ بکە**
**خەریکە تیادەچم**
**لەتەنیشتمدا، بێدەنگیو هیچ ناڵێی**
**تەماشام دەکەیو نابینی**
**ئەگەر دەستم لێبدەی وشک دەبم**
**لەدەروونمدا لەخۆکوشتن دەترسم**
**ئەگەر جارێک پێبکەنی**
**دەگریم**
**ئەگەر جارێکیتر پێبکەنی**
**خۆم دەدۆزمەوە**

کاممان هەیە ناوی ئەحمەد کایا، گۆرانیبێژی کوردی کوردستانی باکوورمان نەبیستبێت، کە تامرد سروودی ئازادی چڕیو دژ بەدیکتاتۆرەکان وەستایەوەو هیچ کات هەڕەشەی فاشیستەکانو سەپاندنی زیندان بەسەریدا وای لێنەکرد لەباوەڕەکانی پاشگەزبێتەوە. ئەحمەد کایا کە بەدیموکراتی ماندوو ناسرابوو، هەمووکات بەگۆرانییەکانی بەزمانی تورکە فاشیستەکان دژ بەکلتووری فاشیستییان دەوەستایەوە. ئەو کاتەش بەزمانی کوردی گۆرانی «کاروان»ی دەخوێند، دەبوو بەهۆی رقو تووڕەیی فاشیستە تورکەکان. ئەو فاشیستانەی کەهیچ کات ئامادە نەبوون قبوڵی بکەن کەکورد وەک نەتەوەیەک بوونی هەیەو زمانی کوردیش زمانی ئەو نەتەوەیەیەو دەکرێ پێی بخوێندرێو بنووسرێو ئاوازو گۆرانی پێ بووترێت.

ئەحمەد کایا گۆرانیبێژی بەناوبانگی کورد ساڵی ١٩٥٧ لەشاری مەلاتیای تورکیا لەدایکبوو و پێنجەمینو لەهەمانکاتدا دوایین منداڵی بنەماڵەی کایا بوو. هەر لەتەمەنی پێنج ساڵییەوە ئاشنای ساز بوو. لەمنداڵیدا یەکەمین گۆرانی بۆ برا گەورەکەی وتبوو بەناوی (یاشار). جارێکیش لەرۆژی کرێکاراندا بەرنامەیەکی بەڕێوەبرد.

هێشتا مێرمنداڵێک بوو بەهۆی هەلومەرجی دژواری ژیانی باوکی، بنەماڵەکەی بۆ شاری ئەستەنبوڵ کۆچیانکرد. باوکی کەپێشتر لەکارگەیەکی رستنوچنیندا کاریدەکرد، لەئەستەنبوڵ لەپێشانگایەکدا خەریکی کارو پەیداکردنی بژێوی رۆژانەی بوو. ئەحمەد کایا لەمبارەوە دەڵێت «هەموو رۆژێک کە لەقوتابخانەوە دەگەڕامەوە ماڵی خۆمان، باوکم دەبینی کەخەریکی شۆردنی ئۆتۆمبێلەو بەردەوام لەدڵی خۆمدا دەموت، کاتێک گەورەبم پێشانگایەک بۆ باوکم دەکڕم تاخۆی ئەربابو ئاغای خۆی بێت»، بەڵام ئەمە تەنها خەونێک بوو، چونکە ماوەیەک دوای ئەمە باوکی مرد، ئەحمەد کەبچوکترین ئەندامی بنەماڵەکەیان بوو، رووبەڕووی هەلومەرجێکی زۆر دژوار بووەوە لەژیانیدا. خۆی دەگێڕێتەوە «تەنانەت نەمدەتوانی بلیتی پاس بکڕم» سەردەمی لاوێتی کایا هاوکات بوو لەگەڵ کودەتای (کەنعان ئۆزون)و ئەو سەرکوتو راوەدونانەی بەسەر فەزای سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی تورکیادا سەپا.

ئەلبومی یەکەم: ئەحمەد کایا کەزۆر بەتوندی دژی ئەم بارودۆخە بوو ساڵی ١٩٨٥ بەیارمەتی هاوڕێیانی ئەلبومێکی دەرکرد بەناوی «مەگری ئەی منداڵ»و هیچ هیوایەکی نەبوو کە لەلایەن خەڵکەوە پێشوازی لێبکرێت، تەنها مەبەستی ئەوە بوو بەڕێگەی گۆرانییەکانی دەنگی ناڕەزایەتیی خۆی بەگوێی خەڵکو دەسەڵاتی ئەودەم بگەیەنێت. چەند رۆژ پاش دەرکەوتنی ئەلبومەکە، هێزە ئەمنییەکانی تورکیا کاسێتەکەیان کۆکردەوە بەبیانووی ئەوەی چەند گۆرانییەکی سیاسی تێدا بووە. دوای ناڕەزایەتییەکی زۆر، فرۆشتنی کاسێتەکەی ئازادکرا. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کایا زیاتر بەناوبانگ بێتو پێشوازییەکی بەرچاو لەیەکەمین بەرهەمی بکرێت.

ئەلبومی دووهەم: ماوەیەکی کورت پاش پێشکەشکردنی ئەلبومی یەکەم، دووهەمین ئەلبومی بەناوی «دڵتەنگی بۆ غەمەکان» هەر بەستایلو شێوازی ئەلبومی یەکەم کەوتە بازاڕەوە.

ناوی ئەلبومی سێهەمی «گۆرانی عەشق» بوو، ئەم ناوەش لەشیعرێکی شاعیری تورک (ئولکو تەمەر) وەرگیرابوو، کە بەهۆی بیروڕای سیاسییەوە مەرگی بەسەردا داسەپابوو.

ئەلبومی چوارەمی کایا ناوی «ساتێک دادێت» بوو کەهەندێک شیعری ئولکو تەمەر، ئاتیلا ئایهانو حەسەن حسێن کورکمازی دەگرتەخۆ.

ناوی ئەلبومی پێنجەمی «دیموکراتی ماندوو» بوو، ئەمە دواتر بوو بەنازناوی ئەحمەد کایا کەهەر لەم ئەلبومەی وەرگیرابوو.

ئەلبومی شەشەم: کایا لەساڵی ١٩٨٧ دوای ئاشنابوون لەگەڵ «یوسف خەیاڵ ئۆغڵو» لاپەڕەیەکی نوێی لەژیانی هونەری خۆی هەڵدایەوە، ئەلبومی «هەستە راپەڕین» کەزۆربەی شیعرەکانی هۆنراوەی خەیاڵ ئۆغڵو بوو، لەهەلومەرجی دژواری سیاسی تورکیادا، کایای کردە یەکێک لەبەناوبانگترینو خۆشەویستترین گۆرانیبێژانی تورکیا.

ئەلبومی حەوتەمی هەڵبژاردەیەک بوو لەگۆرانییە پێشکەشکراوەکانی لەکۆنسێرتو ساڵی ١٩٨٨ خرایەبازاڕەوە.

ئەلبومی هەشتەمی ناوی «بەختیار» بوو و لەساڵی ١٩٩٠دا پێشکەشکرا.

ئەلبومی نۆهەمی بەناوی «دیواری عەشق» هەر لەهەمان ساڵدا پێشکەشکرا.

ئەلبومی دەیەمی وەک ئەلبومی حەوتەم هەڵبژاردەیەک بوو لەکۆنسێرتە زیندووەکانیو ساڵی ١٩٩٠ پێشکەشکرا.

ئەلبومی یازدەیەمی بەناوی «تووشی دەردیسەر بووم» ساڵێک دواتر پێشکەشی هۆگرانی کرا.

ئەلبومی دوازدەیەمی هەمان ساڵو بەناوی «نزیکم مەبەوە، دەنا دەسوتێی» خرایە بازاڕەوە.

ئەلبومی سێزدەیەمی ساڵی ١٩٩٣ پێشکەشکرا بەناوی ئازارچێشوو.

ئەلبومی چواردەیەمی ساڵی ١٩٩٤ پێشکەشکرا بەناوی «گۆرانییەکانم بۆ چیاکان».

**کایا بەگشتی ٢١ ئەلبومی لەدوای خۆی بەجێهێشت کە ١٩یان بەر لەمەرگیو ٢ دانەشیان دوای مەرگی خۆیو بەهەوڵو ماندووبوونی هاوسەرەکەی بڵاوبوونەوە**

ئەلبومی پازدەیەمی ساڵی ١٩٩٥ پێشکەشکرا بەناوی «تێمبگە.»

ئەلبومی شازدەیەمی کایا ساڵی ١٩٩٦ پێشکەشکراو «ئەستێرەو رەنگدانەوەی لەناو ئاودا» بوو. لەم ئەلبومەدا گۆرانییەکانی پێشتری خۆی وتووەتەوە.

ئەلبومی حەڤدەیەمی کایا ساڵی ١٩٩٨ بەناوی «رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دۆستو دوژمن» پێشکەشکرا.

ئەلبومی هەژدەیەمی کایا ناوی «خودا ماڵئاوا» بوو کەدوای مەرگیو لەساڵی ٢٠٠١دا پێشکەشکرا. لەم ئەلبومەیدا گۆرانییەکی کوردی هەیە بەناوی «کاروان» و هەر ئەمەش کارەکانی کایای لەهەموو ئەلبوومەکانیتر جیاکردەوە.

ئەلبومی نۆزدەیەمی کایا کەسێ ساڵ دوای مەرگی ئەو بەهەوڵی ژنە وەفادارەکەی، لەساڵی ٢٠٠٣دا پێشکەشکرا، ناوەکەی بەمجۆرەیە «هەندێکیش تۆ بگری.»

ئەلبومی بیستەمی کایا کەپێنج ساڵ دوای مەرگیو هەمیسان بەهەوڵو کۆششی هاوسەرەکەی لەساڵی ٢٠٠٥ دا پێشکەشکرا.

لەساڵی ٢٠٠٢دا ئەلبومێکی بڵاوکردەوە بەناوی «بیبیستە سەرزەمینی خۆشەویستم» کەتیایدا بیست گۆرانیبێژی لاوی تورکیا، بیست گۆرانی ئەحمەد کایایان وتووەتەوە لەوانە (هالوک لەوەند، یاوز بینگۆل، یەڵماز ئەردۆغان، کارداش تورکولەر، کئورجەک عەلی و ...)، ئەم بەرهەمە لەتوێی دوو «سیدی»دا بڵاو بووەوە.

کایا بەدرێژایی تەمەنی هاوکاریی شاعیرە گەورەکانی کرد. جگە لەخەیاڵ ئۆغڵو، هەندێک کەسی وەک «ئاتیلا ئیلهان، ئۆرهان کوتاڵ» سەرچاوەی شیعریی گۆرانییەکانی کایا بوون. بوونی ئەحمەد کایا لەهەر شوێنێک کۆمەڵێک کێشەی دەنایەوە، چونکە بەقسەکانی دژبەرانی ئازادی لەتورکیا ئازار دەدا. هەر بەم بۆنەوە، کایا چەند ساڵێک لەتورکیا کۆنسێرتی لێ قەدەغە کرا. خۆی دەڵێت «کارێک دەکەم هەرگیز لەمێشکی دژبەرانی نەسڕێتەوەو بەردەوام ئازاریان بدات.» جارێکیان لەوتووێژێکیدا لەگەڵ میدیا تیڤی رایگەیاند هەموو کات کفنەکەی لەگەڵەو ئامادەی مەرگە لەپێناو ئازادیدا.

کایا لەساڵی ١٩٩٨دا لەمەراسیمی وەرگرتنی خەڵاتی ساڵی باشترینەکانی تورکیا (خەڵاتی ئەنجومەنی رۆژنامەنووسان) رایگەیاند لەمەودوا بەکوردی گۆرانی دەڵێتو ئینجا روویکردە میدیاکانی تورکیا کەئەگەر کلیپەکانی بڵاونەکەنەوە، ئەوا پێویستە وەڵامی خەڵک بدەنەوە. ئەمەش بووە هۆی وروژانی فاشیستەکان کەزمانی کوردی بەلایانەوە قەدەغە بوو. دوای ئەم هەڵوێستەی کایا نەتەوەپەرستەکانی تورک هێرشیان کردە سەر کایا، لەبەر قسەکانی لەم مەراسیمەدا، رۆژی دواتر کایا لەلایەن میتەوە بانگکراو خرایە زیندان، بەڵام چەند سەعات دواتر بەهۆی ناڕەزایەتی دەربڕینی پارێزەرەکانیەوە ئازادکرا.

بەهۆی بارودۆخی سیاسی تورکیاوە کایا ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی لەهەندەران ژیاو ژیان لەچەند وڵاتی جیاوازی وەک بەلجیکاو فەڕەنسا ئەزموون کرد، کایا بەهاوکاری دانیال میتران خێزانی فەرانسوا میتران سەرۆک کۆماری کۆچکردووی فەڕەنسا، توانی بۆ ماوەی ساڵێک ئیقامەی مانەوە لەفەڕەنسا وەربگرێت. هاوکات کایا لەدادگای تورکیادا بەشێوەیەکی غیابی ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا داسەپا، چەند مانگ دوای ئەم رووداوانە، بەرەبەیانی ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٠ لەتەمەنی ٤٢ ساڵیدا بەهۆی جەڵتەی دڵەوە ماڵئاوایی لەژیان کردو دڵی ئەویندارانی خۆی غەمبار کرد، هەرچەن دواتر کۆمەڵێک گومان هەبوو لەسەر مەرگی ئەم هونەرمەندە ناسراوە کە بەگۆرانییەکانی لەرزەی دەخستە گیانی دیکتاتۆرەکان.

کایا بەگشتی ٢١ ئەلبومی لەدوای خۆی بەجێهێشت کە١٩یان بەر لەمەرگیو ٢ دانەشیان دوای مەرگی خۆیو بەهەوڵو ماندووبوونی هاوسەرەکەی بڵاوبوونەوە.

بەناوبانگترین ئەلبومی کایا بریتییە لە (سترانەکانم بۆ چیا) کەساڵی ١٩٩٤ بڵاوبوویەوەو ملیۆنێکو نیوی لێ فرۆشراو بوو بەپڕفرۆشترین ئەلبومی مۆزیکی لەمێژووی مۆزیکی تورکیادا.

**بەناوبانگترین ئەلبومی کایا بریتییە لە (سترانەکانم بۆ چیا) کەساڵی ١٩٩٤ بڵاوبوویەوەو ملیۆنێکو نیوی لێ فرۆشراو بوو بەپڕفرۆشترین ئەلبومی مۆزیکی لەمێژووی مۆزیکی تورکیادا.**

بەناوبانگترین بەرهەمی (لەگەڵ گریانەکانمان) لەم ئەلبومەدایە کە لایەنگرانو تەنانەت دژبەرانیشی سەرسام کردوە. شیعری گۆرانییەکانی لەچوارچێوەی (پرۆتێستدایەو هەر ئەمەش وای کردووە کەپێی بوترێت دامەزرێنەری ستایلی پرۆتێست لەتورکیادا، بەشێوەیەک کە لەتورکیادا وەک دامەزرێنەری شێوازی مۆزیکی ئازاد لەقەڵەمدەدرێت.

نەترسیو ورەی بەرز لەتایبەتمەندییە بەرچاوەکانی کایا بوو. وەک خۆی دەیووت بەردەوام لەگەڵ مەرگدا دەژی باکیشی نییە لەمەرگ ، گۆڕەکەی لە «پێرلاتنێر»ی پاریسە، ئەو گۆڕستانەی کەژمارەیەکی زۆر لەنووسەرانو شۆڕشگێرانی تێدا نێژراوەو ناشتنیشی لەبەر ئەوە بوو کەگوڵتەن خێزانی کایا لەگەڵ ئەوە نەبوو تەرمەکەی ببرێتەوە تورکیا.

دروشمی کایا رێزگرتن لەبیروبڕواو ئازادی رامان بوو و هەموو تەمەنی خۆیشی لەم پێناوەدا بەختکرد.

**دوێنێ شەو لەخەومدا بووی**
**بیرت دەکەم دایە**
**دەستت هەر لەناو دەستم بوو**
**دەگریای**
**فرمێسکەکانتم سڕی دایە**
**شووشەکان شکان**
**دەستم لەخوێندا نوقم بوو**
**وەرە لام وەرە لام دایە**



ئەحمەد کایا

دەستوور
**خاوەنی ئیمتیاز:** کۆمپانیای سولی تێلیگراف
**سەرۆکی ئەنجومەن:** ئیدریس عومەر
info@destur.net - 0533187811
**جێگری سەرنووسەر:** وریا حەمەتاهیر
**سکرتێری نووسین:** شۆڕش خالید
**بەڕێوەبەری هونەریی:** شێرکۆ خانزادی

یاری

## ڕۆژانە گەرماوگەرم هەواڵو ڕووداوە سەرنجڕاکێشەکانی مۆندیالتان بۆ دەگوازێتەوە

www.yary.destur.net

# ئەمڕۆ لەچلەی سەردەشت عوسماندا لەسلێمانی کۆبوونەوەیەکی جەماوەری ئەنجامدەدرێت



**مەعاز فەرحانو زانیار محەمەد**

کەمپینی چالاکییەکانی بێدەنگ نابین ئەمڕۆ لەسلێمانی مەراسیمێک بۆ یادی چلەی ماتەمینی سەردەشت عوسمان سازدەکات، ئەندامانی کەمپینەکە ڕەخنەی ئەوەشدەگرن کەدوای ٤٠ ڕۆژ لەتیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، لیژنەی بەدواداچوونو لێکۆڵینەوە لەکوشتنی سەردەشت قسەیەکی باوەڕپێکراوی نەدرکاندووەو ڕایدەگەیەنن کە ئەوەی لیژنەکە دەیڵێت «هەموو خەڵک دەیزانێت».

بەبۆنەی چلەی ماتەمینیو تێپەڕبوونی چل ڕۆژ بەسەر تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانی ڕۆژنامەنووسو خوێندکاری زانکۆ، ئەمڕۆ چوارشەممە کاتژمێر ٠٥:٣٠ لەبەردەرکی سەرای شاری سلێمانی مەراسیمێک بۆ چلەی ماتەمینیی سەردەشت عوسمان سازدەکرێت.

ڕەحمان غەریب بەڕێوەبەری سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لەڕۆژنامەنووسانو ئەندامی کەمپینی بێدەنگ نابین، لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت «دەمانەوێت لەچلەی ماتەمینی سەردەشتدا، داخوازییەکانمان جێبەجێبکرێن، کەئەوانیش ئاشکراکردنی بکوژانی سەردەشت عوسمانو ڕەوانەکردنیانە بۆ بەردەم دادگایەکی عادیلانە».

ڕەحمان غەریب وتی «تائێستا لیژنەکە نەیتوانیوە زانیارییەکی باوەڕپێکراو ئاشکرابکات، ئەوەی کە تائێستا لیژنەکە ئاشکرایکردووە، ئەوەبووە کەڕایگشتیو خەڵکی عەوامیش دەیزانێت، بۆیە لیژنەکە قسەیەکی بڕواپێکراوی نەدرکاندووە».

بڕیارە لەمەراسیمەکەی ئەمڕۆدا یاداشتێک ئاراستەی سەرۆکایەتیی هەرێمو پەرلەمانو حکومەت بکرێتو داوادەکرێت بەزووترین کات بکوژانی سەردەشت عوسمان ئاشکرابکرێتو کەیسەکەی ون نەکرێت.

لای خۆیەوە کەمال ڕەوف سەرنووسەری ڕۆژنامەی هاوڵاتیو ئەندامی کەمپینی بێدەنگ نابین لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی «نیگەرانین لەکارەکانی لیژنەی بەدواداچوونی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، چونکە تائێستا زانیارییان بڵاونەکردووەتەوە».

وتیشی «ئەو لیژنەیە، لەبری ئەوەی لێکۆڵینەوەی جدی لەبارەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانەوە ئەنجامبدات، لێکۆڵینەوە لەو دەزگا ڕاگەیاندنانە دەکات، کەهەواڵو ڕاپۆرتیان لەبارەی تیرۆرکردنی سەردەشتەوە بڵاوکردووەتەوە».

دوێنێش سێشەممە لەهەولێر مەراسیمێکی تایبەت بەبۆنەی تێپەڕبوونی چل ڕۆژ بەسەر تیرۆرکردنی سەردەشت عوسماندا ئەنجامدرا.

لەمەراسیمەکەدا کە لەلایەن بنەماڵەی سەردەشتو خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدینەوە ڕێکخرابوو، گوتاری بنەماڵەی سەردەشت خوێندرایەوە، کە تێیدا ئاماژە بەوەدرا لیژنەی لێکۆڵینەوە لەتیرۆرکردنی سەردەشت، کارەکانی بەسستی بەڕێوەدەچێتو داواشکرا پەلەبکرێت لەدۆزینەوەو ئاشکراکردنی ئەنجامدەرانی ئەو کارە.

هاوکات نەریمان عەبدوڵڵا ئەندامی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بێئاگایی خۆیانی لەکارو ئەندامانی لیژنەی لێکۆڵینەوە ئاشکراکرد.

نەریمان عەبدوڵڵا لەلێدوانێکدا بەدەستووری ڕاگەیاند «قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە لەتیرۆرکردنی سەردەست عوسمان تائێستا نەگەیشتووەتە ئەنجام، چونکە ئەگەر بگەیشتایەتە ئەنجام، ئەوا ئێمەو ڕایگشتی ئاگاداردەکراینەوە».

هەروەها وتی «تائێستا کارو ئەندامانی ئەو لیژنەیە ئاشکرانییە کە بۆ لێکۆڵینەوە لەتیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان پێکهاتووە».

خوێندکارو ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان ڕۆژی ٥/٤ لەبەردەم کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین لەلایەن چەندکەسێکی نەناسراوەو ڕفێنراو دوای نزیکەی ٢٤ کاتژمێر تەرمەکەی لەموسڵ دۆزرایەوە. تیرۆرکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسە ناڕەزایی گەورەی جەماوەریی لەناو هەرێمی کوردستانو دەرەوەی هەرێم لێکەوتەوە.

---

دەلاقە

**یاڤەز بەیدار**
**و: کۆشان عەلی زەمانی**

## ئیسرائیلو ئێران لەچیدا هاوبەشن؟

دواجار، ئەنجومەنی ئاسایش ڕەزامەندی نیشاندا بەسەپاندنی چەند سزایەکی نوێ بەسەر ئێراندا، بەهۆی بەرنامە ئەتۆمییە گومانلێکراوەکەی. کۆشکی سپی دەبێ خۆشحاڵ بێت، کەتوانی پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش کۆبکاتەوە لەسەر ئەم بڕیارە گرنگە. ئایا ئەم بڕیارە ئەوەندە بەهێزە کەبتوانێ کاریگەری هەبێت، جێگای مشتومڕی زۆرە.

بڕیارەکە کورتی هێنا لە بەدەستهێنانی قورسایی ڕەمزیی کۆدەنگی ئەنجومەنی ئاسایش. دوای چەند پەیوەندییەکی تەلەفۆنیو چەند هەوڵێکی دیبلۆماسی قورس، تورکیاو بەڕازیل بە نەخێر دەنگیاندا. هەروەها لوبنان دەنگی نەدا لەسەر بڕیارەکە، وەک خۆبەدوورگرتنێک لەقەیرانی ناوخۆیی.

دەنگە (نەخێر)ەکان لەدوای ڕووداوە خوێناوییەکانی غەززەوە هاتنو لەم سۆنگەیەوە سەیردەکرێن. لەئێستاوە، زۆربەی گفتوگۆکان دەربارەی تورکیا، بەتایبەت لەپایتەختی ویلایەتە یەکگرتووەکان، لەسەر ئەگەری نیشاندانی تورکیا دەبێت وەک قۆچی قوربانی، بەئاگرخۆشکردنی تۆقاندنو بڵاوکردنەوەی ترسو لەرز لەسەر بنەمای بیرۆکەی (گۆڕینی هاوپەیمانێتی). پاشماوەکانی نیۆکۆنزێرڤاتیف لەحکومەتداو لۆبی ئیسرائیلیو دوژمنە سوێندخواردووەکانی ئەم حکومەتەی ئێستا، بێگومان ئەم کۆسپو تەگەرەیە دەوروژێنن. زۆربەی پڕوپاگەندەکانی دژ بەتورکیا لەسەر گریمانەیەکی تەواو گوماناوی دامەزراون، کەگوایە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەمریکا، واتە ملدان بەهەموو سیاسەتەکانی ئەمریکا بەبێ هیچ مەرجێک. هەرچەند ئەم تێڕوانینانە دەکرێ بەهێزو بەربڵاوبن، بەڵام مانای وا نییە کەڕاستو ڕەوان. با ئەوەندەی دەتوانم هەوڵبدەم بۆ فراوانکردنی دیمەنەکە پاش گوێگرتن بۆ وتەکانی وەزیری دەرەوەی تورکیا ئەحمەد داود ئوغلۆ، دوای چەند کاتژمێرێک لەدەنگدانەکەی ئەنجومەنی ئاسایش. ئەنقەرە دڵخۆش نەبوو بەوەڵامی نێگەتیڤی گروپی ڤییەنا بۆ ڕێککەوتننامەی تاران، کەتەنها چەند کاتژمێرێک پێش لەدەنگدانەکە بەسترا، داود ئوغلۆ وتی نارەزاییەکەی تورکیا دەبێت وەکو (بەڵێ)یەک سەیر بکرێت، بۆ هەوڵە دیبلۆماسییە بەردەوامەکان لەسەر هەمان ڕێگە کەپەیماننامەکە پێی گەیشت لەتاران لەم دواییەدا. (بێگومان، ئەنقەرە پەیڕەوی بڕیاری سزاکە دەکات.) داواکەی ئۆباماو کلینتۆن بۆ گفتوگۆی زیاتر لەگەڵ ئێران، پەسەندکردنی بێدەنگی هەوڵەکانی تورکیاو بەڕازیلە بۆ گەیشتن بەڕێککەوتنێکی شیاو.

ئەوە باشتر نەبوو بۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا ئەگەر تورکیا دەنگی لەسەر بڕیارەکە نەدایە؟ یەکێک لەوانەیە بەڵگەی بۆ بێنێتەوە یان بەڵگەی لەدژ بێنێتەوە، بەڵام هەڵوێستی ئەنقەرە بەڕوونی دامەزراوە لەسەر پاراستنی متمانە لەگەڵ تاران، بەتایبەت چونکە ئەنقەرە، هەروەک داود ئوغلۆ ئاماژەی پێکرد، هەموو گەلاڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی ڕێککەوتنێکی ئاشتیانەیە.

لەوانەیە داود ئوغلۆ ڕاست بێ کەیەکسەر لەدوای بڕیارەکە وتی واقیعی ئاڵۆزی ناوچەکە لەبەرچاو نەگیراوە. سەرکردە تورکییەکان سەرقاڵی گفتوگۆبوون لەگەڵ سەرکردە لوبنانییەکان، کەدوودڵ بوون، بەڵام ئارەزوویان هەبوو بۆ (نەخێر.) تورکیا داوالێکردن دەنگ نەدەن، بۆئەوەی وڵاتەکەیان نەخەنە ناو ناکۆکییەکی سیاسی قوڵەوە. جگە لەوەش، هەروەک داود ئوغلۆ ئاماژەی پێدا، عێراق لەحاڵەتی نەبوونی حکومەتدایەو ئەگەر قەیرانەکان لەگەڵ ئێراندا قوڵببنەوە لەوانەیە دەرەنجامی ناخۆشی لەعێراقدا لێبکەوێتەوە، چونکە تاران دووەم هێزی کاریگەرە لەسەر ئەو وڵاتە.

دوای ڕووداوەکانی غەززەو بڕیارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان، کەوتوینەتە دۆخێکی زۆر چڕەوە، کەگفتوگۆی ئەوە دوپاتدەبێتەوە ئایا تورکیا هاوپەیمانیەتییەکانی خۆی گۆڕیوە بەتەواوەتی. ئیسرائیلو تورکیا ئێستا سەرقاڵی دۆزینەوەی ڕۆحی ناوەکی خۆیانن هەرچەندە لەئاستێکی نزمدایە، هەروەها میسر سنووری غەززەی کردەوە بەشێوەیەکی هەمیشەیی، ئەمەش درزێک دەخاتە گەمارۆی سەر کەرتی غەززە. سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باراک ئۆباما، دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ مەحمود عەباس، دوو شتی نیشاندا: یارمەتی ئەمریکی دەبێت بۆ کەرتی غەززەو (شێوازێکی نوێ) پێویستە بۆ سیاسەتی ئیسرائیل بەرامبەر فەڵەستینیەکان. تورکیا پلان دادەنێ بۆ بەردەوامبوونی وتوێژەکانی لەگەڵ هەریەکە لەحەماسو فەتح بۆ بەدەستهێنانی یەکڕیزی فەلەستینییەکان.

تاوانی ئیدارەی ئۆباماو حکومەتەکەی پارتی دادو گەشەپێدانی ڕەجەب تەییب ئۆردۆگان نییە، زیاتر ئاڵۆزبوونی بارودۆخی جیهان ڕەتدەکرێتەوە لەلایەن چەند کۆمەڵە کەسێکەوە کەپێشتر ئاماژەم پێدا، لەواشنتۆن.

سڵدەکەینەوە لەبینینی وێنەی ئەم بارودۆخە: دوو هێزی سەرکێش هەیە لەناوچەکەدا، ئیسرائیلو ئێران، کەدوو ڕژێمی ئاینین (ئەمەش سەرچاوەی ڕاستەقینەی ئەو کێشانەیە دروستیدەکەن) لەگەڵ تاڕاددەیەک فرەییو دیموکراسی. هەردوو دەوڵەتی جولەکەو دەوڵەتی شیعە، بەداخەوە، لەئێستادا لەلایەن توندڕەوەکانەوە بەڕێوەدەبرێن. بەرهەڵستیکردنیان بەرامبەر جیهان لەسەر پرسە جیهانییە گرنگەکان پێکەوە بەستراون، لەو ساوە هەردووکیان هەڕەشە لەئارامیو ئاسایشی نەک تەنها ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو گشت جیهان دەکەن. هەردووکیان بەنهێنی خەریکی بن کەن کردنو لاوازکردنی خولیای ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپان بۆ بەدەستهێنانی ئاشتیو دژایەتی هەژاریو تیرۆرو گەشەپێدانی دیموکراسی. کاتێک یەکێک بتوانێ وێنەی بارودۆخەکە بەگشتی ببینێت، ئاسانترە بۆی تێبگات تورکیا وەک هێزی سێیەم، ئاشتیخواز، دیموکراتو سیکۆلار، هەوڵدەدا بۆ پاراستنی بەهای وتوێژە دیبلۆماسییەکان، هاوبەندی ئابووریو هاوگوزەرانی لەسەر بنەمای ڕێزو متمانە.

هەتا تورکیا بەشێک بێت لەڕووداوە ئیقلیمییەکان، ئومێدی چارەسەری ئاشتیانە بەگەورەیی دەمێنێتەوە. هەروەها کۆشکی سپیو پنتاگۆن ئەوە باش دەزانن. با ئەمەی دواییان بەنیشانەیەک ڕوونبکەمەوە: سەرچاوەکان پێیان وتم ئەنقەرە هانی بۆسنەو هەرسکی داوە بۆ دەنگدانی بە (بەڵێ)، بەهیوای جێگیرکردنی پێگەو سەقامگیری ئەو وڵاتە.

**سەرچاوە:** Todays Zaman